# بـــرەو

گۆڤارێکی بواری پەرەپێدانی مرۆیی گشتییە

ژمارە (8) کانونی یەکەم 2012




راوێژکاران

شـــەماڵ مـوفــتــی    د.کەریم ئەحمەد

د.سادق عەزیز خۆشناو    د. ئەحمەد وەرتی

خاوەنی ئیمتیاز

نەوزاد سەلام خۆشناو

٠٧٥٠٤٥٣٢٢٢٤

khoshnaw_n@yahoo.com

سەرنوسەر

یاسین ئەحمەد زەنگەنە

٠٧٥٠٤٣٣٨٥٨٧ - ٠٧٧٠١٤٨٨٩٦٢

yaseenzangana@yahoo.com

بەڕێوەبەری نوسین

عەلی ئیبراهیم حەسەن

٠٧٥٠٤٦٥٩١٧٢

alizhin@yahoo.com

دەستەی نوسەران

ئومێد مستەفا

ئیحسان برهان الدین

ئەمیر ئەحمەد عەبدولقادر

amir_koy@yahoo.com

بەشی ڕیکلام

٠٧٥٠٤٢٠٠٦٥٦

تایپیست

هاوڕێ یاسین

دیزاین گۆڤاری بڕیار




٢



١٨



٥



٢٨



٦



٣٤



١٠



٤٣



١٣

ناردنی بابەت و پەیوەندییەکان لەڕێگای سەرنوسەرەوە دەبێت.

نرخی 2500 دینارە

هەولێر- شەقامی ئیسکان بەرامبەر ڕاپین مۆڵ



بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

## دەستپێك

سەرنووسەر

# چۆن سەركەوتوو دەبین؟!

هەموان كەڵكەڵەی سەركەوتن لە ناخماندایە و خەونی ئەرخەوانی پێوە دەبینین، هەر یەكەمان پێناسە و تێڕوانینمان بۆ سەركەوتن چونیەك نیە، گەیشتن بەسەركەوتن هەروا لە خۆڕا نایەتە دی، هەنگاوو كاری جدی پێوستە لێرەدا ئاماژە بە سێ بڕگەی سەرەكی دەدەین:

**هەنگاوی یەكەم: خۆت بناسە**

تۆ كێیی؟ چی دەكەی ؟ وەزیفەت لە ژیاندا چیە؟ ئەم پرسیارانە هەروا ئاسان نین و وەڵامەكانیانیش جێگیر نین و دەگۆڕێن لە یەكێكەوە بۆ یەكێكی تر.

ئایا تۆ مرۆڤێكی دەتەوێت بگەیتە ئەوپەڕی تواناكانت وەك دروستكراوێكی پەروەردگار كە بۆ ئەرك و رۆڵ و فەرمانێكی دیاری كراو دروست كراوی ؟ دەتەوێت مەبەستەكانی پەروەردگار لە دروستكردنتابەدی بێنێت.

پێویستە دیدو تێڕوانینت هەبێت و خەون بەو شتانەوە ببینیی كە دەتەوێت لە ژیاندا بەدی بێنی، دەبێت بزانیت بەرەو كوێ دەڕۆیت، پێویستە تۆ لە كورسی شۆفێری ئۆتۆمبیلی ژیانتدا دانیشیت، ئەوە تۆی ئەو ئۆتۆمبیلە لێ دەخوڕیت بۆ ئەو شوێنەی مەبەستە، بەڵام گرنگ ئەوەیە پێشتر ئەو رێگایە دیاری بكەیت كە دەتەوێ بۆی بچی، خۆت و ئامانج ومەبەستەكانت چاك بناسە.

**هەنگاوی دووەم: خزمەتی خەڵكانی تر بكە**

مارتن لۆسەر دەڵێت: هەموو كەسێ ناتوانێت بەناوبانگ بێت بەڵام هەموان دەتوانن گەورە بن لە میانەی خزمەتكردنیان بە خەڵكی، هەموو بە دوی ناوبانگدا دەگەڕێن، بەڵام لە ڕاستیدا ناوبانگ بە خێرایی كۆتایی دێت بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە خزمەتكردنی خەڵكە، گەر تەماشای كە سە سەركەوتووەكان بكەیت، دەبینی ئەوانەن كە خزمەتی خەڵكی دەكەن، چونكە ئەو كارانەی ئەنجامی دەدەین، ئەو بروانامانەی بە دەست دێنین، ئەو پسپۆڕ و شارەزاییەی هەمانە، ئەو نوسین و بەرهەمانەی بڵاوی دەكەینەوە دەبێت بۆ ئەوەبێت خزمەت بە خەڵكەكەمان بكەین، كاتێ خزمەتی خەڵكی دەكەین سەركەوتنەكان دێنە دی، بەردەوام بگەڕێ بە دوای خزمەتكردندا دەبینی سەركەوتنی بەدوادا دێت.

**هەنگاوی سێیەم: بەردەوام كاری راست بكە**

بەردەوام كاری راست و چاك بكە، بەڵام بزانە هەركات كاری راست بكەیت، دژو نەیاریشت بۆ دروست دەبێت و هەوڵدەدەن لە بەهای كارەكانت كەم بكەنەوە لەوكەسانە دوورە پەرێزبە، سوڕ بە لەسەر ئەوەی سەرەنجی ئەوكەسانە راكێشی كە پشتگیریت دەكەن، لە كاتی ئەنجامدانی كاری راستدا.

جا هەر كات ئەم هەنگاوانەمان جێبەجێ كرد، ئەوا لە ناخەوە سەركەوتوو دەبین و هەست بە سەركەوتن دەكەین، ئەم سەركەوتنەی ناخ وا دەكات سەركەوتوو بین لە ژیان و جیهانی دەرەوەماندا، خۆشحاڵ و بەختەوەر دەژین ئەمەش حەز و خولیای مرۆڤەكانە. ئەوكات هەرچەند زریان و رەشەبای ژیان هەڵبكات كارمان تێناكات چونكە بەهێزو دامەزراوین.



شەماڵ موفتی

# كواڵیتی ژیانی بەندكراوەكان (سزای ئەلتەرنەتیڤ)

بەندكراوانی جیهـان بە ٨ ملیۆن كەس مەزەندە دەكرێن، ٢ ملیۆنیان لە ئەمەریكان!! و نیو ملیۆنیش لە وڵاتی چینن.

بەندكـراو مرۆڤـەو پێـش تاوانەكـەی ئەندامانـی كۆمەڵگا بووە و پێویستـە بزانین كە تاوانبار پاش تاوانكردنەكەیشـی هـەر مرۆڤە و چەندین مافی هەر دەمێنێ وەك مافی ژیانێكی باشـتر، بەڵام لەسـەر حسابی پێشێلكردنی یاسا نەبێ.

شـەوی ٤ / ١١/ ٢٠١٢ لـە رادیۆی(بی بی سی)گوێبیستـی بەرنامەیەك بووم لەسـەر پرۆژەیەكـی مەغریبی ، ئایا دەكرێ دوبارە بكرێتەوە لە ئـوردون؟ كۆمێنت وەردەگیرا لە بیسـەرە ئوردونییەكان كـە زۆرینەیان بـە حوكمی داب و نەریتە خێڵەكییەكانیان لەگەڵ ئەوەدا نەبوون!!

بیرۆكـە و سـەرچاوەی پرۆژەكـە (ئەورووپییـە) بـۆ نیمچـە ئازادكردنـی بەندكراوان (پاش تێپەڕبونی ماوەیەكی زۆر لە بەندیخانە و تەواو نەبونی حوكمەكانیان) وە رازیبونی بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەكە لە هەڵسوكەوتیان.... ڕێگە ئەدرێ ڕۆژانە ئەو كەسـە ببرێتە بازاڕی كار ( هەر كەسـە بـە گوێرەی توانـا و شـارەزایی خۆی) بە ڕێكەوتـن لەگەڵ خاوەنی شـوێنی كاردا و بـە ڕۆژانـەی كەمتر لە هاوشـێوەیان.. بە مەبەستی :

١) پارە پەیداكردن بۆ ماڵ و منداڵیان

٢) ڕاهێنـان و دوبـارە گونجاندنیـان لەگەڵ كۆمەڵگادا

بـۆم دەركەوت ئـەم پرۆژەیە كواڵیتی ژیانـی ئەو مرۆڤانە چـاك ئەكات كە لە ٥ ساڵ و ٤ ساڵ و ٣ ساڵی داهاتودا بەر دەبن ، واتا ئەو گیراوانە( بە ندكراوانە) ناگرێتەوە كە مەترسییان هەیە بۆ كۆمەڵگا.

بە واتایەكی تر، بەندكراوی سیاسی یان بكوژی كارەساتی سەیارە یان بكوژ لە پێناوی شـەرەف و ناموسـدا دەبێ جیاكرێتەوە لە بكوژێـك كە بە نییەتی كوشـتن و دزی و دەسكەوتی ماددی تاوانەكەی ئەنجام داوە.

ئـەو ماوەیـەی دادگا داینـاوە بـۆ تەمێكردنی ئەو تاوانبارە دەستكاری ناكرێ بەڵام دەرفەتێكی دەدرێتێ تا سوود بگەێنێ بـە كۆمەڵـگا ( لە ڕێی ئیشـكردنییەوە) ( سـەنعەتكارە، كرێكارە ، مامۆستایە...هتد)

چونكـە مانـەوەی زۆر و تێكەڵبوونیـان بـە تاوانبارە ترسـناكەكان ( كـە ئومێدی چاكبوونیـان نییـە) وردە وردە دەچنـە ڕیزەكانیانـەوە و دژایەتی كۆمەڵگا دەكەن.

ئەم پرۆژەیە سوودی هەبوە لە ئەوروپا.

لە ئوردون لە ١٠ ئازادكراو لە بەندیخانە و(لـە ماوەیەكـی كەمـدا) ٧یـان دوبـارە دەگیرێنەوە بە هەمان تاوان!! واتا ناگونجێن لەگەڵ كۆمەڵـگادا. بەڵام لـەم پرۆژەیەدا، چەند ساڵێك پێش ئازادكردنیان تێكەڵ بە بـازاڕ و خەڵك دەكرێـن و كاتێك بەردەبن بە شێوەیەكی دروست هەڵسوكەوت ئەكەن.

ئەمێنێتەوە مەوزوعی خاوەن شـوێن ، ئایا قبـووڵ ئەكا ئەو كەسـانە ڕاگرێ لای خۆی یان نەء.

ئەمـەش پێویسـتی بـە هەڵمەتێكـی بێداركردنـەوە هەیـە كـە تاوانبـاران لە یـەك ئاسـتدا نیـن بـە تایبەت گیـراوان لەسەر كارەسـاتی ڕێگەوبان ..وە ڕێگەیەكە بـۆ گونجاندنیـان لەگەڵ كۆمەڵـگادا پاش ئازادكردنیان.

لە ناوەڕاستی هەفتاكاندا كۆمپانیایەكی فەرەنسی هێڵی ئاوەڕۆی گەرەكی (یرموك)ی لـە بەغدا وەرگرتبـو ( ئەو كاتە ماڵمان لـە یرموك بو) دەبینم كرێكارەكان خەڵكی (چینن!!) لـە ئەندازیارە فەرەنسـیەكەم پرسـی و پاشان لە كرێكارەكان وتیان ئێمە بەندكراویـن!! حكومەتی (چین) دەیانداتە كۆمپانیـا زەبەلاحـەكان بـە مەرجـی كارپێكردنیـان بـۆ ٨ كاژێر لـە ڕۆژێكدا و چاودێری كاروباری تەندروستی و خۆراكیان بەرامبەر بڕێك دۆلار بۆ هەر بەندكراوێك!! بـەم شـێوەیە بەندكـراو بەردەوامە لە

بەندبوونـــی و پێشـــی خۆشـــە کار بـــکا لە ئاوەدانی (با وڵاتی خۆشـــی نەبێ) باشـــترە لـــە بەرد شـــکاندن یـــان چـــاڵ هەڵکەنین و پاشان پڕکردنەوەیان لە بیابانەکانی (چین) دا.وە بیریشمان نەچێ کە کارکردن و سوود گەیاندن تەندروستییەکی دەرونی دەبەخشێ. من ئەو کرێکارانـــەم ئەدی دڵخۆش بون. لە لایەکـــی ترەوە - جگە لـــە قازانجی ماددی- بە حکومەتی چین، خەرجی بەخێوکردن و تەندروســـتی و ئاسایشـــی گرتوخانەکانی بۆ دەگەڕێتەوە

لە ئەمەریکا (نزیکەی ٨٠هەزار بەندکراو لە بازاڕی کاردا کار ئەکەن) بە گوێرەی

http://www.wsws.org/articles/2000/may2000/pris-m08.shtml

بـــەڵام کارکردنیـــان زۆر جیـــاوازە لـــە بەندکراوەکانـــی چیـــن. ئەمانە لـــە کارگەی تایبەتدا کار ئەکەن (٢١ سەنت بۆ کاژێرێك!!) کـــە ســـەر بـــە بەرنامـــەی (کارگەکانـــی بەندکراوانی فیدراڵ)ن ناسراوە بە:

FPI /Federal Prison Industries

شـــایانی باســـە قازانجـــی ئـــەو کارگانە ســـاڵانە ٣٧ ملیۆن دۆلار تێپـــەڕ ئەکا، (هەر لە پارچەی ســـەیارە و کەلوپەلی ناو ماڵ و ئامێری ئەلکترۆنی تا پانتۆڵی جینز).

نیشانە و خوێندنەوەی هەمو چاکتربوونێکی کوالێتی ژیان ئەم دایەگرامە تەعبیری لێ ئەکا کە ڕەچاوی ٣ ڕەهەند ئەکا:

* ڕەگ و بنەما ( ئینتما)ی کەسەکە
* دۆخ و گوزەرانی ئیستای
* ئامانج و خەونەکانی

خۆزگـــە هەمـــو دەزگایـــەك ئـــەم (٣) ڕەهەنـــدەی ئەخســـتە پلانەکانییـــەوە تـــا کوالێتـــی کار و بژێـــوی کارمەندانـــی بەرەو چاکتر ئەبرد.

ئایا کاتی ئەوە هاتوە یاساناسانی هەرێم و پەرلەمانتارەکانمان ئاوڕێك بدەنەوە لەم بابەتەو پرۆژەیاسایەك دەرکەن کە جێبەجێ بکرێ بە مەبەســـتی ئینســـانی و شارستانی و پاشـــان بەندکراوەکان ڕۆڵێکی پۆزەتیڤیان



# پێکەنینی شەرمەزاری

خوێنەرانـــی زێـــدە ئازیز لـــەم بەر کولەدا چەند خاڵێکتان عەرز دەکەم کە مایەیی نیگەرانی وحەسرەت و تێڕامانە، وا دەخوازێـــت هەمـــووﻻ دڵـــسۆزانە و بوێرانە هەوڵی چارەســـەرکردنی بدەین و چیتر فەرامۆشی نەکەین.

دە فەرموون ئێوەو ئەم بڕگانە:

١- کاتێـــك چاخانـــەو قاوەخانەکان پـــڕن لە گەنـــج و لاوو کتێبخانەکانیش چـــۆڵ و بـــێ نـــازن و گلەیی لـــە حاڵی خۆیـــان دەکـــەن و تۆز و خۆڵ بەســـەر ڕوپەڕی کتێب و گۆڤارەکانەوە نیشتووە، دە پێبکەنەو تۆ خەڵکی وڵاتی خۆمانی.

٢- کاتێك قۆناغی بنەڕەتی و دواتر ئامادەیی و دواتر چوار ســـاڵ یان زیاتر لە زانکـــۆ دەخوێنێت و دوای دەرچوون یـــان بێـــکاری یان لـــە بازاڕی ســـەوزە فرۆشەکاندا توری کەلار دەفرۆشیت، دە پێبکەنەو تۆ خەڵکی وڵاتی خۆمانی.

٣- کاتێـــك لە وڵاتەکەماندا ســـەدان هـــەزار کرێـــکاری بیانـــی هەیـــە و دوو هەنـــدەی ئـــەوەش گەنـــج و لاوەکانمان بێکار و دەســـت بەتاڵـــن، پێبکەنە و تۆ خەڵکی وڵاتی خۆمانی.

٤- کاتێـــك لە خەو هەڵدەســـتیت و تەماشـــای مۆبایلەکـــەت دەکـــەی چەند مەســـیجێکی بێ مانا و وەڕسکەرت بۆ هاتـــووە، پێبکەنـــەو تـــۆ خەڵکی وڵاتی خۆمانی .

٥- کاتێـــك دەبینیت چەندین گۆڤار دەردەچـــێ و هەمویـــان بەنـــاو بایـــەخ بەبابەتـــی سیاســـی دەدەن وزۆریانیش ســـێبەری حیزبن، بـــەڵام تاقە گۆڤارێك یـــان بڵاوکراوەیـــەك نیـــە بایـــەخ بـــە کاروباری زانستی و داهێنان بدات .

٦- کاتێـــك دەچیتـــە نیـــو یانـــە و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتەوە هەر پیاوانن خۆیان دەکەن بە کچ و بە ناوی کچەوە بـــە خەڵکـــی رادەبوێـــرن، پێبکەنە تۆ خەڵکی وڵاتی خۆمانی.

٧- کاتێـــك پلـــە بـــەرز کردنـــەوە و گواســـتنەوەی ڕاژە و دامەزراندنـــت بـــە بێ واسیتە و حزب حزبێنە و خزم خزمێنە بۆ ناکرێت پێبکەنەو تۆ خەڵکی وڵاتی خۆمانی.

عبدالرحمن صديق



# پێش گەردن ئازادیی دان بەهەڵەکانتدا بنێ!

زۆر کەم شاهیدی بینینی ئەو دیمەنە بووینە، کە تیایدا یەکێکمان دانی بە هەڵەی خۆیدا نابێت ، یان داوای لێبوردنی کردبێت لە بەرامبەر هەڵەیەك کە کردوویەتی!

ئێمە لە منداڵییەوە فێری ئەوە دەکرێین کە "پیاو ئەو پیاوەیە کە لە قسەی خۆی پەشیمان نەبێتەوە" یان "سواربوون عەیبێك و دابەزین دوو عەیب" ئیدی چۆن فێری ئەوە دەبین دان بە هەڵەی خۆماندا بنێین!

**ئێمە ئێستاش نابینین کە شەڕی نێوان هەر دوو کەسمان یان زیاتر خەتای کاممان بوو؟ کێ دەستی پێکرد؟ بۆیە خەتابار و بێ خەتا وەك یەك دەردەچن ، خۆ ئەگەر هەڵەیەکیش هەبێت، ئەوا کورد وتویەتی: "خەتا خڕە بەسەر کەسەوە ناوەستێت" واتە هەڵە و خەتا لای تاکی کورد وەکو تۆپ یان گوێز وایە و، هەر کەسە و بۆ لای ئەویدی گلۆری دەکاتەوە.**

ئێمەی کوردی موسڵمان، دەبوایە ئایین کارمان تێبکات و وامان لێبکات دان بە هەڵەی خۆماندا بنێین، چونکە باوکی یەکەمی هەموومان ـ ئادەم ـ (دروودی خوای لەسەر) یەکەم کەس بوو دانی بە هەڵەی خۆیدا ناوە، کەچی ئێمە چاو لە شەیتان دەکەین کە دانی بە هەڵەی خۆیدا نەنا و بە گوتەی (فبما أغويتني) هەڵەی خۆی خستە سەر خوا و، خۆی بێ خەتا دەرهێنا!!

ئێمە کە نازانین دان بە هەڵەی خۆماندا بنێین، یان هەڵەی خۆمان دەخەینە پاڵ خەڵکی دی، ئەمە جۆرێکی ترە لە خۆ بە مەعسوم زانین، لە هەمان کاتیشدا نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە مرۆڤێکی ئازاد نین لە ناخی خۆماندا، چونکە نیشانەی گەورەی هەر مرۆڤێکی ئازاد ئەوەیە کە هەڵەکانی خۆی لە ئەستۆ بگرێت، ئەوەش تەنها دیل و بەندەکان کە هەڵەکانی خۆیان دەخەنە گەردنی ئاغا و گەورەکانیان، چونکە ئیرادە و گوتە و کرداری مرۆڤی دیل لە دەست گەورەکەیەتی!!

ئێمەی کورد گەرەکە فێری ئەوەبین کە خەتا بگۆڕین لە شێوەی خڕەوە بۆ چوارگۆشە، یان لاکێشە، یان شەش پاڵۆ، یان لاکێشەی تەریب، بۆ ئەوەی بەجوانی لەسەر خاوەنەکەی خۆی بوەستێت.

**ئێمەی موسڵمان پێویستە وەك باوکمان ئادەم (سەلامی خوای لەسەر) ئازاد و ئازاد بین و دان بە هەڵەی خۆماندا بنێین، نەك وەکو شەیتان هەڵە و خەتاکانمان بۆ خوا بگێڕینەوە(پاکیی بۆ خوا).**

هەموو مرۆڤێك هەڵە دەکات چونکە مرۆڤە، جا بۆ ئەوەی مرۆڤبوونی خۆی بسەلمێنێت و، خۆی بە مەعسوم نەزانێت، پێویستە فێری ئەوەبێت دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت و، فێری ئەوەش بێت داوای لێبوردن لەو کەسانە بکات کە بە هەڵەکەی زیانی ماددی یان مەعنەوی پێ گەیاندوون.

ئاشتبوونەوەی راستەقینە سێ قۆناغی هەیە ، یەکەم : دانان بەهەڵەکانت، دووەم : گێڕانەوەی مافی ماددی و مەعنەوی بۆ بەرامبەر ، سێیەم : بڕیاردان لەسەر نەگەڕانەوە بۆستەملێکردنی.



ناظم عبدالله
ئەڵقەی یەکەم

# هۆکارەکانی جوانی لە بەهەشتدا

خوای گەورە خۆشی وجوانی بەهەشتی بە هۆی ژینگە کەیەوە دروست کردوە واتە ئەو کەش وهەوا لەبارەی خوای گەورە لەبەهەشتدا دروستی کردوە کردۆتیە هۆکارێك بۆلە ناو نەجون وتێك نەجونی دروست کراوەکانی بەهەشت،کە لە باسەکەماندا زیاتر رونی ئەکەینەوە، ئەگەر ئێمە تەماشایەکی ئایەتەکانی فورئان بکەین ئە بینین لە سورەتی (الرحمن) باس لە باخ وباخاتێك ئكات خاوەن میوەی زۆروکانیاوی ڕەوان، وەباخەکان بە هۆی تێرئاوی وکەش وهەوای لە بارەوە لە سەوزیدا ڕەش هەڵگەڕاون و لەهەمو میوەیەك دوو جۆری تێدایە،وە حۆریەکانی ناو بەهەشت لە جوانیدا وەکو دوڕو گەوهەر وان،وەلە ناوباخەکاندا خورماو هەنارو کانی هەڵقوڵاویان تێدایە، وەکو خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزانەدا وەصفی بەهەشت ئەکات: ( ولِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ جَنَّتَانِ (٤٦) ذَوَاتَا أَفْنَانٍ (٤٨) فِيهِمَا عَيْنَانِ تَجْرِيَانِ (٥٠) فِيهِمَا مِنْ كُلِّ فَاكِهَةٍ زَوْجَانِ (٥٢) فِيهِنَّ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنْسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَانٌّ كَأَنَّهُنَّ الْيَاقُوتُ وَالْمَرْجَانُ (٥٨) وَمِنْ دُونِهِمَا جَنَّتَانِ (٦٢) مُدْهَامَّتَانِ (٦٤) فِيهِمَا عَيْنَانِ نَضَّاخَتَانِ (٦٦) فِيهِمَا فَاكِهَةٌ وَنَخْلٌ وَرُمَّانٌ ( )٦٨ یان لە سورەتی (الواقعة) **خوای گەورە ئەفەرموێت:** (لَا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنْزِفُونَ وَفَاكِهَةٍ مِمَّا يَتَخَيَّرُونَ وَلَحْمِ طَيْرٍ مِمَّا يَشْتَهُونَ وَحُورٌ عِينٌ كَأَمْثَالِ اللُّؤْلُؤِ الْمَكْنُونِ ) **یان ئەفەرموێت:** ( لَا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا تَأْثِيمًا إِلَّا قِيلًا سَلَامًا سَلَامًا) **یان ئەفەرموێت:**( وَأَصْحَابُ الْيَمِينِ مَا أَصْحَابُ الْيَمِينِ فِي سِدْرٍ مَخْضُودٍ وَطَلْحٍ مَنْضُودٍ وَظِلٍّ مَمْدُودٍ وَمَاءٍ مَسْكُوبٍ وَفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ لَا مَقْطُوعَةٍ وَلَا مَمْنُوعَةٍ وَفُرُشٍ مَرْفُوعَةٍ إِنَّا أَنْشَأْنَاهُنَّ إِنْشَاءً فَجَعَلْنَاهُنَّ أَبْكَارًا عُرُبًا أَتْرَابًا (٣٧( کە لەم ئایەتە پیرۆزانەدا باس لە سێبەری دورو درێژی دارەکانی بەهەشت ئەکات، کە ئە مە پێچەوانەی سروشتی دونیایە، ئایا ئەو سێبەرە دورو درێژەبە هۆی ئەوەوە بێت لەوی خۆر نیە وەکو دونیا هەتاو لە زەوی نادات ؟ یان بە هۆی ئەوەوە بێت بە هۆی سازگاری کەش وهەوای بەهەشتەوە دارو سەوزاییە کانیان ئەوەندە گەورە ئەبن کۆتاییان نایەت، خۆ ئەگەر مرۆڤە کان بالآیان شەست گەز بێت ئەبێ ماڵ وخێمەکانیان گەورە تر بێت وژینگەو سەوزاییەکانیان بەر فرەوانتربێت، وەکو پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ سَلَّمَ) ئەفەرموێت: ( إن في الجنة خيمة من لؤلؤة مجوفة ، عرضها ستون ميلا ، في كل زاوية منها أهل ما يرون الآخرين ، يطوف عليهم المؤمنون ) رواه البخاري

واتە: بەهەشت خێمەی گەورەو فرەوانی تێدایە پانیەکەی ٦٠ میلە،هەر

میلێك:(١٦٠٠میتر)ە لە هەر گۆشەیەك خاوخێزانی هەیە لەبەر گەوریی گۆشەكان یەكتر نابینن،ئیمانداران بە سەریاند ئەگەرێن، ئەم خێمانە جیایە لە باڵە خانەو قەسرو ژورەكان، ئەمەتەنها تایبەتە بەناو باخ وكەناری دەریاكانی بەهەشتەوە،كەوا مرۆڤی بەهەشتی حەز ئەكات ناوبەناو بە سەیرانێك جەوی خێزان وكەش وهەوا بگۆڕێت و بۆ ماوەیەك لەوێ بمێنێتەوە.

هەروەكو پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ سَلَّمَ) دەربارەی دارستانەكانی بەهەشت ئەفەرموێت: (إِنَّ فِي الْجَنَّةِ لَشَجَرَةً يَسِيرُ الرَّاكِبُ فِي ظِلِّهَا مِائَةَ عَامٍ لَا يَقْطَعُهَا)مسلم .

یان لە سورەتی (محمد) درودی خوای لەسەر بێت، خوای گەورە ئەفەرموێت:( مَثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ فِيهَا أَنْهَارٌ مِنْ مَاءٍ غَيْرِ آسِنٍ وَأَنْهَارٌ مِنْ لَبَنٍ لَمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُ وَأَنْهَارٌ مِنْ خَمْرٍ لَذَّةٍ لِلشَّارِبِينَ وَأَنْهَارٌ مِنْ عَسَلٍ مُصَفًّى وَلَهُمْ فِيهَا مِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ وَمَغْفِرَةٌ مِنْ رَبِّهِمْ( كە لەم ئایەتە پیرۆزانەش دا باس لە خواردن وخواردنەوەكانی بەهە شت ئەكات بە شێوەیەك كە:ئاوەكەی ڕەنگی تێك ناچێت،وشیرەكەی بۆن ناكات،وئارەقەكەی چێژی تایبەتی هەیە،وهەنگوینەكەی پاڵاوتە كراوە.

ئەوەی ئەمەوێت هەڵوێستەی لە سەر بكەم ئەوەیە:كە كەش وهەواو ژینگەی لەبارە وا ئەكات،ئاوبۆن نەكات وشیر بۆگەن نەكات ،بەڵام هەنگوین لە هەر كەش وهەوایەك دا بێت تێك ناچێت بۆیە ئایەتەكەش باس لە تێكچون وگەنینی هەنگوین ناكات، هەروەكو لەم ساڵانەدا لە ئەهرامەكانی میصردا لە گۆڕی فیرعەونەكان دا هەنگوین دۆزراوەتەوەو تێك نەچووە.

بەڵگەیەكی تر لەسەر ئەوەی خوای گەورەسەرەتاو ئەنجامی پێكەوە بەستۆتەوەو خوای گەورە هەر شتێك بكات ئەسبابی بۆ ئەسازێنێت و، ـ لە هەندێك حاڵەتی تایبەتدا نەبێت ـ هیچ شتێك بەبێ ئەسباب و هۆكار دروست ناكات، ئەویش دروست كردنی ئاسمانەكان وزەویە هەروەها ئەو یاسایانەی خوای گەورە لە بونەوەردا سازاندویەتی پێشەكین بۆ ئاوەدان كردنەزەوی بە پێداویستیەكانی مرۆڤ و، پاشان ئاوەدانكردنەوەی زەوی بە مرۆڤ ،وەكو خوای گەورە ئەفەرموێت: ( قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَنْدَادًا ذَلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِنْ فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِلسَّائِلِينَ ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَى فِي كُلِّ سَمَاءٍ أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ) سورة فصلت١٢. ئبن و عباس (خوا لێیان ڕازی بێت) بەم شێوەیە ڕاڤەی ئەم ئایەتە پیرۆزەی كردوە:

- خوای گەورە لە ماوەی دوو ڕۆژدا ئەصلی زەوی دروست كردوە،پاشان لەماوەی دوو ڕۆژدا ئاسمانەكانی دروست كردوە: ( وَالْأَرْضَ بَعْدَ ذَلِكَ دَحَاهَا أَخْرَجَ مِنْهَا مَاءَهَا وَمَرْعَاهَا) النازعات: ٣١ واتە: دوای دروست كردنی ئاسمانەكان لە ماوەی دوو ڕۆژی تردا، وای لەزەوی كردوە بەكەڵكی ژیان بێت،حیكمەتی ئەوەی كە دوای دروست كردنی ئاسمانەكان خوای گەورە وای لەزەوی كردوە بەكەڵكی ژیان بێت، خوای گەورە باشتر ئەزانێت ـ ئەوەیە لە سەر زەویدا ژیان بەبێ مانگ وخۆرو شەوو رۆژ وكەش وهەوای لە بار نابێت، بۆیە دوای خستوە بۆ دوای دروست كردنی ئاسمانەكان.
- بەڵگەیەكی تر لەسەر ئەوەی كە ژینگەو كەش وهەوا كاریگەری هەیە لەسەر دروست كراوەكان فەرمودەیەكی بێغەمبەرە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ سَلَّمَ) كە ئەفەرمویەت: (خَلَقَ اللَّهُ آدَمَ عَلَى صُورَتِهِ، طُولُهُ سِتُّونَ ذِرَاعًا، فَكُلُّ مَنْ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ عَلَى صُورَةِ آدَمَ، فَلَمْ يَزَلْ الْخَلْقُ يَنْقُصُ بَعْدُ حَتَّى الْآنَ) بوخاري (٦٢٢٧) ومسلم (٢٨٤١).وە ئەبو هورەیرەوە ئەگێڕێتەوە كە بێغەمبەر( صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی : ( إِذَا قَاتَلَ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ فَلْيَجْتَنِبْ الْوَجْهَ فَإِنَّ اللَّهَ خَلَقَ آدَمَ عَلَى صُورَتِهِ ) مسلم (٢٦١٢).
- لەم فەرمودانەدا هەڵوێستە لەسەر سێ برگە ئەكەین:

- ١ـ خوای گەورە ئادەمی لەسەر شێوەی خۆی دروست كرد:
- پێش ئەوەی بچمە سەر مەبەستەكەم،پێویستە رونكردنەوەیەك بدەم لەڕوە عەقیدەییەكەیەوە،كە شێوەی خوا(جل جلاله) شێوەیەكە لایەقە بەزاتی ئەو، وەكو چۆن دەستی خوا وەك دەستی مرۆڤ نیە،پێی خوا وەك پێی مرۆڤ نیە، هەروەها بینین وبیستنی خوای گەورە جیایە لە مرۆڤ، بە هەمان شێوە (صورە تی خوای تعالی جیاوازە،مەبەستیش لە م فەرمودەیە ئەوەیە:
- چۆن خوای گەورە صیفەتەكانی: بەزەیی و ، سۆزو نەرم ونیانی و،ئیرادە و،عیلم وحیكمەت و لێ بوردەی وخۆشەویستی وتوڕەبون و... هتد هەیە ،بە هەمان شێوە بەشێك لەو صیفەتانەی خۆی بەخشیوە بە مرۆڤ: (لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (الشورى/١١
- بەڵام هەندێك صیفەتیش هەیە تایبەتە بەخوای گەورەوە وەكوصیفەتەكانی: مراندن و، زیندو كردنەوەو، بێ نیازی لە دروست كراوەكانی و،بەدیهێنەری، وەهەندێك صیفەتی تر، كە تایبەتن بەخوای گەورەوەو لە مرۆڤدا نیە، كەواتە (خَلَقَ اللَّهُ آدَمَ عَلَى صُورَتِهِ) مەبەست لێی ڕوەمەعنەویەكەیە، ئەبێ ئێمە ئەم تەئویلە بكەین بۆ فەرمودەكە چونكە ئێمە بەگوێرەی ئایەت وفەرمودەكان ئەزانین خوای گەورە جوانە بە لاَم ئێمە ناتوانین وەصفی جوانی خوای گەورە بكەین، چونكە زانستی ئێمە تایبەتە بە پێنج هەستەكەوە،وە جوانی خوای خوای گەورە تەنها خۆی ئەیزانێت وبێ سنورە و لە سەروی زانیاری مرۆڤەوەیە،بەڵام جوانی مرۆڤ سنوردارە،وە ئەوەش لەم فەرمودەیە وەر ئەگیرێت،كە مەبەست لەم فەردەیە كە ئەڵێت خوای تعالی مرۆڤی لە سەر شێوەی خۆی دروست كردوە، ڕووە مەعنەویەكەیە كە باسمان كرد نەك ڕوە مادیەكە .



عەلی ئیبراهیم حەسەن

# دیاردەی بن دیوار (بێكاری دەمامكدار) خەریكە حكومەت و حزب و ڕێكخراوەكان حەپەلوش بكات

له مانگی ٢٠١٢/١٠ ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان له كۆبونەوەی ئاسایی ئاماژەی بە دیاردەی زیادبوونی بن دیوار (البطالة المقنعة) كرد، كه خەریكه بەشێكی زۆری بودجەی وڵات به فیڕۆ دەڕوات بۆ كەسانێك كه هیچ بەرهەم (إنتاج) ێكیان نیه بۆ میللەت و حكومەت، به گوێرەی سەرچاوە نافەرمیەكان هەرێمی كوردستان (١٤٥٠٠٠٠) یەك ملیۆن و چوارسەدو پەنجا هەزار موچە خۆری هەیە، كەبە هیچ پێوەرێك ئەم ژمارە زۆرە مایەی قبوڵ نیە و مەترسیەكی زۆر گەورەی دروست كردووە لەسەر گەشەپێدانی ئابووری هەرێمی كوردستان، بە گوێرەی سەرنجی شارەزایان نزیكەی یەك ملیۆن موچە خۆر له هەرێمی كوردستان نیشانە و سیمای (بن دیوار) یان لەسەر دەچەسپێ.

چونكە هیچ رۆڵ و كاریگەری و بەرهەمیان نیە لە دام و دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان.

## بن دیوار .... رۆڵی حیزبەكان

به داخەوە لە هەرێمی كوردستان جیزبە سیاسیەكان له ململانێیی بەدەستهێنانی دەنگ لە پرۆسەكانی هەڵبژاردن زۆر بە خراپی مامەڵەیان كردووە لەگەڵ هاوڵاتیاندا بۆ بەدەستهێنانی (دەنگ).

زۆرترین خەڵكی ناپێویست و ناچالاك به بێ (وەسفی وەزیفی) دامەزرێنراون و زۆربەی كات بونەتە بارگرانی بەسەر دام و دەزگاكانی حكومەت، تەنانەت ئەم پەتا مەترسیدارە پەیكەر و دامەزراوەكانی حزبە سیاسیەكانیشی گرتۆتە، بۆیە ئەركێكی نیشتیمانی گەورەیە حكومەت و حزب بە هاوكاری یەكتر بتوانن هەرێمی كوردستان لەم نەخۆشیە مەترسیدارە قۆناغ بە قۆناغ رزگاری بكەن.

## ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی ... بن دیوار.

به هۆی كارا نەبوونی یاسای ڕێكخراوە ناحكومیەكان لە هەرێمی كوردستان و پیادە نەكردنی (بنەمای پارە بەرامبەر پرۆژە) زۆرێك لە ڕێكخراوەكان بودجەی گەورە و قەبەیان بۆ خەرج دەكرێت، بەڵام بە داخەوە لە كرێی بارەگا و خەرجی چایخانە و پاسەوان و باخەوان و فەرمانبەرانی پرسگە پارەكانیان خەرج دەكەن، كەمترین پارە لە چالاكی و پرۆژە خەرج دەكەن.

كەواتە زۆربونی ژمارەی ڕێكخراوەكان لەوڵاتان بونەتە مایەیی تەواوكاری و یارمەتیدەری حكومەت لە پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری و بڵاوكردنەوەی هۆشیاری مەدەنی و كۆمەڵایەتی و تەندروستی، كەچی بەداخەوە لە هەرێمی كوردستان ڕێكخراوە ناحكومیەكان بونەتە هۆی گرانی (كرێ خانوو ، زیاد بوونی بن دیوار ، بەفیڕۆدانی سامانی گشتی).

## هۆكارەكانی بن دیوار له كوردستان

١- كارا نەبوونی كەرتی تایبەت.

٢- كەمی كارگەی بەرهەمهێنان.

٣- نەبوونی دەستەیەكی كارای راژە له حكومەت.

٤- سستی و ناكارایی چاودێری پەرلەمان و داواكاری گشتی و دەستەی نەزاهە و چاودێری دارایی.

٥- سستی پرۆسەی چاكسازی لە نێو حكومەت.

٦- سستی پرۆسەی چاكسازی لە نێو حزبە سیاسیەكان بە شێوەیەك گرنگی بە دەنگدەر بدەن و كەمتر كار لەسەر ئەندام بكەن و بە شێوەی فەرمانبەر به موچە خۆری لە نێو حزبەكان.

٧- كەمی گیانی خۆبەخشی لە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی.

٨- لەسەردەمی حاكمی مەدەنی (پول بریمەر) لە هەرێمی كوردستان دوای (٢٠٠٣) زۆرترین كەسی بێ بڕوانامە و ناچالاك و ناپسپۆڕ دامەزرێنران، كە بە داخەوە دامەزراوەكان حكومەتی توشی ئیفلیجی كردووە، چونكە زۆربەی بودجەی وەزارەتەكانی حكومەت بۆ موچە دەڕوات و كەمترینی بۆ وەبەرهێنان خەرج دەكرێ .

## چارەسەركردنی دیاردەی بن دیوار

(بێکاری دەمامکدار)

١- پێویستە کۆنفرانسێکی تایبەت ببەسترێت بۆ دانانی بەرنامەیەکی نیشتیمانی بۆ روبەڕوبونەوەی دیاردەی بن دیوار لە دامەزراوەکانی حکومەت و حزبە ڕێکخراوەکان.

٢- پێویستە وەزارەتەکان لیژنەی چاودێری و پشکنین کارا بکەن، کارمەند و فەرمانبەری چالاک خاوەن بەرهەم پاداشت بکرێت وە کارمەندانی بن دیواریش دەستنیشان بکرێت.

٣- دوبارە میلاکی وەزارەتەکان دەستنیشان بکرێت لەسەر بنەمای وەسفی وەزیفی دابەش بکرێت و فەرمانبەرانی زیادە بە بەرنامەی گونجاو چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

٤- پێویستە پارێزگا و ئەنجومەنی پارێزگاکان بەشێك لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان تەرخان بکەن بە هاوکاری وەزارەتی کار بۆ کردنەوەی خول و راهێنان لە پێناو شارەزا کردنی کارمەندانی بن دیوار تا بتوانن پیشەیەك فێربن رۆڵیان هەبێت لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.

٥- پێویستە حزبەکان بە تایبەتی حزبی فەرمان رەوا زۆر هاوکارو هاندەری حکومەت بن، لە کەمکردنەوەی دیاردەی بن دیوار.

٦- حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن زۆر باسی ئەوە دەکەن کە حکومەت بودجەی گەورە بۆ وەبەرهێنان تەرخان بکات، کەمترین بوجە بۆ بەکاربردن (تشغیلی) خەرج بکات، پێویستە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن بە پرۆژەو خول و کۆنفرانس وە هێنانی کەسانی پسپۆڕ رۆڵیان هەبێ لەم پرۆسە نیشتیمانیە مەزنە.

٧- پێویستە حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بە کردەوە ئەو بودجەی هەیانە ڕێژەی زۆری لە پرۆژەدا خەرج بکەن و خۆیان نمونەی پێشەنگی باش بن، لە کەمکردنەوەی بن دیوار، لە نێوخۆی حزبەکانیان تا حزبەکانی تریش چاویان لێ بکەن وەکو وڵاتانی پێشکەوتوو.

٨- پێویستە یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان کارا بکرێت و سنورێك بۆ بەفیڕۆدانی سامانی گشتی دابنرێت و بە چەند ڕێکخراوێك نوسینگە و بارەگایەك بەسە بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان چونکە لە وڵاتانی پێشکەوتوو (٢٠-٣٠) لە یەك بینا بە هاوبەشی کار دەکەن.

٩- ڕێکخرەکان فشار و کەمپین دروست بکەن بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی بن دیوار.

١٠- زانایانی ئاینی هاوڵاتیان هوشیار بکەنەوە و لیژنەی فەتواش ئەم دیاردەیە (تحریم) بکات.



# کات ژیانە

کۆچەر فایق

قسەکردن لەسەر کات بەراستی بابەتێکە زۆر لەوە زیاترهەڵدەگرێت کە لەچەند دێڕێکدا باسی بکەین، بەڵام هیواداریین بتوانین چەند شتێکی کەمیش بێت باسی بکەین و بیرتانی بهێنینەوە.

ئێمە وەکو نەتەوەی کورد خاوەنی ئاینێکین کەئەویش ئاینی ئیسلامە. ئەم ئاینەش زۆرترین گرنگی بەکات داوە، تەماشاکە خوای گەورە لەپەرتوکە پیرۆزەکەیدا سوێندبە کات ئەخوات و ئەفەرموێ:

(واللیل اذا یغشی* والنهار اذا تجلی) (اللیل ١-٢) واتا(سوێند بەشەو کاتێك زەوی دادەپوشێت*وەبە رۆژ کاتێ کەروناك دەبێتەوە)...

(والضحی*واللیل اذا سجی)(الضحی ١-٢) واتا(سوێند بە چێشتەنگاو*وەسوێند بە شەو کاتێك کە ئارام دەگرێت (دەبزرنگێتەوە)

(والفجر*ولیال عشر)(الفجر ١-٢) واتا(سوێند بە بەیانی* وەبە دە شەوی سەرەتای مانگی (قوربان) )...

(والشمس وضحاها*والقمر اذا تلاها) (الشمس١-٢)واتا(سوێند بە خۆر و روناکیەکەی*وەسوێند بە مانگ کە دوابەدوای ئەو هەڵدێ)...

(والعصر) (العصر ١)واتا(سوێند بە کات و سەردەم)...

(فلا اقسم بالشفق) (الانشقاق ١٦) واتا(سوێند بە سوری کەناری ئاسمان)...

بەراستی خوای گەورە بێ هودە ئەم ئایەتانەی دانەبەزاندوە وە ئەگەر کاتیش ئەوەندە گرنگ نەبوایە ئەوا ئەو هەموو گرنگیەی پێ نەئەدرا لەم شەریعە پاکەماندا، تەماشاکە هەموو کارو کردەوەیەکی ئاینیمان بەستراوە بەکاتەوە.نوێژکردن کەکاتەکانی بە روون وئاشکرا بۆمان بەیان کراوە. خوشەویست(د.خ)ئەفەرمووێ(خۆشەویست ترین کار لای پەروەردگار ئەنجام دانی نوێژەکانە لەکاتی خۆیدا)

حەجکردن ئەمیش کاتی دیاری کراوە (الحج اشهر معلومات) (البقره١٩٦)واتا(حەج لەچەند مانگێکی دیاری کراودایە)

بەهەمان شێوە رۆژو کاتەکان دیاری کراون ئەمانە هەموو نیشانەن لەسەر ئەوەی کەکات چەنێ گرنگە.تەنانەت لە فەرموودەیەکا خۆشەویست ئەفەرموێ (لەرۆژی زیندوبونەوەدا کەس ناجوڵێ تاکو پێنج پرسیاری لێنەکرێت لەوانە:

یەکەم: تەمەنت لەچیاتەواوکرد؟

دووەم: لاوێتیت بەچی بەسەربرد؟)

سبحان الله ئەم پرسیارانەش هەرگوزارشتن لەکات،بەڕاستی خۆئامادەکردنی ئەوێ وە پێویستی بە بەفیڕۆنەدانی کاتە.

بەڕێزم من داوای ئەوەت لێناکەم کە شەوو رۆژ خەریکی خەتمی قورئان و صحیح بوخاری و سەعی و کتێب و علم و...بێت چونکە ئەوە کەسی خۆی دەوی کەخۆی بۆیەکلایی کاتەوە. ئێستا ئێمە لەشیشمان پێویستی بە وەرزشە پێویستمان بە سەردان و ئەنتەرنێت و...هەیە.بەڵام بۆنەگبەتی ئەم نەتەوەیە واقعێکی تاڵ هەیە نابێ خۆمانی لێ گێل کەین ئەوێش بەفیڕودانی کاتە بەتایبەتی لای چینی لاوان هەندێك هەموو ژیانی بوە بەخواردن و خەوتن یان چەند کاتژمێرێ لەسەر ئەنتەرنێت و فەیسبووك بەبێ هودە یان تەلەبەی زانکومان دەردی خوی ئەڵێ محازەرەی یەکەم لێ ئەیا، لەگەڵ ڕیزم زۆربەی کچان وئافرەتان خەریکی مۆدو خۆڕازاندنەوە و بازارن، یان لاوان کاتێکی زۆر لە کافتریاو چایخانەکان بەسەردەبەن لێشی بپرسی ئەڵێ کات ئەکوژین ئاخرکات ئەکوژی یان خۆت؟ چونکەکاتت بریتیە لە ژیانت، کاتت کوشت واتا هەموو ژیانت کوشتوە.

(وماظلمناهم ولکن کانوا انفسهم یظلمون) (النحل١١٨)

زانایان ئەڵێن کات زێرنیە بەڵکو لە زێر گرنگترە چونکە زێر ئەکرێت بەڵام کات ناکرێت وە ناشگەڕێتەوە تکایە بەفیڕۆی مەدە...



# سایکۆلۆژیای هەرزەکار

رازاو رشید صبری
مامۆستا لە کولێژی بنیات

*تێبینیەکی پێویست: لەسەرەتادا هەندێك کەس ئامۆژگاریان کردم، کەوا وشەی هەرزەکار بەکار نەهێنم، چونکە وشەیەکە ئازاری دەروونی هەرزە دەدات: باشتر وایە وشەیەکی ناسکتر بدۆزنەوە بۆنمونە جوامێر، من ئەو داوایەم ڕەتکردەوە، چونکە لەراستیدا من هیچ گرنگی لەناوەکە نابینم، بەقەد ئەوەی گرفت لەقۆناغەکەی وچۆنیەتی مامەڵەی ئێمە لەگەڵ قۆناغەکە دەبینم! ئەگەر هەرچ ناوێك لەم قۆناغە بنێین، وهەمان بیرکردنەوەمان هەبێت، ئەوا ئازاردانە دەروونیەکە هەر بەردەوامەو کاتێکیش ئێمە تێگەیشتین هەرزەکاری قۆناغێکی ئاسایی تەمەنەو هەمووومان پێی تێپەڕ بووین، ئەوا هەرناوێك بێت گرنگ نیە، لەگەڵ ئەوەشدا من کورتکردنەوەی وشەی هەرزەکار بۆ هەرزە بەشێکی جوان دەبینم!

## قۆناغی هەرزەکار چیە؟

هەرزەکاری بریتیە لەقۆناغێکی خێرای گەشەی جەستەیی، دەروونی وکۆمەڵایەتی، گرفتەکانیش لەوە سەرهەڵدەدەن، کەئێمە درك بەگۆڕانکاریە خێرایانە ناکەین وئەویش کەمتریین ئەزموونی لەگەڵیان هەیە، هەرچەندە گۆڕانکاریەن بەڵام ڕەنگە نزیکەی ١٠ساڵیان بوێت، تا مرۆڤەکە تەواو پێدەگات واتە لەتەمەنی ١٢ ساڵی بۆتەمەنی ٢١ساڵی. زۆرترین گەشە لەسەرەتا لەجەستەدا رودەدات، بۆیە گەشەی جەستەیی مانای گەشەی ئەقڵی، دەروونی، کۆمەڵایەتی نیە هەرزە ئەقڵی منالێك و جەستەی مرۆڤێکی کامڵ بێت!

## *هەستیارترین قۆناغ

قۆناغی هەرزەکاری، هەستیارترین قۆناغە، لە قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ، چونکە لەم قۆناغەدا کەسەکە تێکەڵەیەکە لە ئارەزووی منداڵی و مەیلی گەوران، لەم قۆناغەدا هەرزە بەدوای دروستکردنی کەسایەتیدا دەگەڕێت، ئەگەر جاران منال بوو، حەزی لە سەیرکردنی فیلمی کارتۆن و یاری منالانە بوو، ئێستا حەزی لە خۆ دەرخستن و بڕیاردان و بیرکردنەوەیە، لەم قۆناغەدا هەرزە دەست دەکات بەچەندین پرسیار،کەوا لای ئێمە ئەو پرسیارانە هەستیارن، کەچی ئەو مافی خۆیەتی زانیاری لەبارەیانەوە هەبێت، ئەو حەز دەکات پرسیار لەبارەی خوداو گەردوون و بوون و خۆی و دوارۆژ بکات، ئەگەر لای تۆش وەڵامەکانی دەست نەکەوێت، ماندو نابێت لە گەڕان بەدوای وەڵامدا، ئەگەر تۆ ئاراستەی ناکەیت، کەسێکی تر ئاڕاستەی دەکات، ئەم قۆناغە هەستیار ترین قۆناغە چونکە قۆناغی باوەڕبوون و لە ئامێزگرتنی ئایدیاو بیرو باوەڕە، هەربۆیەش زۆربەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان و ڕێبازە ئایدیاییەکان جەخت لەسەر هەرزە دەکەنەوە، ئەو هەرزەیە دەبێتە سووتەمەنی هەموو شۆڕشەکان! نزیکترین نموونە لە ئێمەش بەهاری عەرەبیە، کەوا بولعەزیزی کلپەی داگیرساندنی شۆڕشەکەی بوو! پێویستە ئێمە بەتەواوی لە هەرزەکار تێبگەین، لەگەشەکردنی جەستەیی، ئەقڵی، کۆمەڵایەتی، بیرکردنەوەی، ئارەزووەکان، هیواکانی تاکو بتوانین مامەڵەی دروستی لەگەڵ بکەین، ئەرکی ئێمەیە یارمەتی بدەین بۆ گواستنەوە لە قۆناغی منداڵ و پشت بەستوو بە دایباب بۆ قۆناغی کامڵ بوون و پشت بەخۆبەستن .

## گەشەی دەروونی هەرزەکار

جگە لەگەشەی جەستەیی، کەوا بەشێوەیەکی خێرا ڕوودەدات، وەك دەنگ گری، باڵابەرزی، ریش و سمێڵ هاتن..هتد لە کوڕان و بەرزی سینگ، سوڕی مانگانە..هتد لە کچاندا.

هەرزە چەند گۆڕانکاریەکی دەروونی بەسەردا دێت لەوانەش:

١- فراوانبوونی ئاسۆی خەیاڵکردن و دالغەلێدان، ئەگەر جاران هەرزە لە ناو جیهانی منداڵی خۆیدا توابۆوەو حەزی لێبوو ببێتە پاڵەوانی فلیمەکانی کارتۆن و لاسایی ئەوانی دەکردەوە، ئێستاکە هەرزە خەیاڵی زۆر لەوە گەورەترەو دەیەوێت خۆی پاڵەوانی بێت، بۆیە دەبینین، ئەگەر پێشتر زۆربەی کاتەکانی بەیاری و نواندنی رۆڵی پاڵەوانی فیلمەکانی کارتۆن و یاریزانەکانی وەرزش بەسەر دەبرد، ئێستاکە جولەی کەم بۆتەوەو حەزی لە گۆشە گیرییەو زیاتر کاتەکانی بە دالغەلێدان بەسەر دەبات!

٢- توانای راڤەکردنی ڕووداوەکان و حوکمدان بەسەریاندا، هەرزە چیتر ئەو منالە تەسك بین و کەم بینەی جاران نییە! ئێستاکە

دەیەوێت ڕووداوەکان ڕاڤەبکات و ڕۆڵی هەبێت لە بڕیارداندا، کاتێك دەتەوێت ماڵەکە بۆیە بکەیت یان ئۆتومبێلەکەت بگۆڕیت، کێشەیەك چارەسەر بکەیت، ڕای ئەو لە بیر نەکەیت!

٣- گرنگی دان بە شیعر، چیرۆك، مۆسیقا، خوێندنەوەو کەسانی بەناوبانگ، لەگشت بوارە جیاجیاکانی ژیاندا، بۆیە سەختڵەت مەبە کاتێك ژوورەکەی پڕ دەکات لە ئەلبوومی گۆرانیبێژێك، وەرزشوانێك یان شاعیرێك! ئەمە دونیای ئەوە، ئەگەر داوات لێکرد ئەمانە لێبکاتەوە، یان خۆت دراندت، ئەوا دەسکاری جیهانە جوانەکەی دەکەیت!

٤- دروست بوونی حەزو ئارەزوو بۆ بوون بە کەسێکی بەناوبانگ، چونکە ئەم قۆناغە قۆناغی دۆزینەوە یان بنیادنانی کەسایەتیە، ئەوا خەیاڵی هەرزە بۆ بوون بەکەسێکی بەناوبانگ پەرە دەسێنێ، شەونیە بەخەیاڵی ئەم کەسایەتیە ئەفسوناویە سەر نەنێتە سەرسەرین، تۆ کاتێك مامەڵەت لەگەڵی خراپە، قسەی نارێکی پێ دەڵێیت، لە ئاستی کەم دەکەیتەوە، ئەوە بزانە ئەم کەسایەتیە تێك دەشکێنێت!

٥- هەوڵدانی بۆ دۆزینەوەی خوود لە ڕێگای خۆشەویستی کەسانی ترەوە، هەرزە کەسێکە بە دوای خۆشەویستی، متمانە، هاوڕێیەتی، دۆزینەوەی خوود دا دەگەڕێت، بۆیە لەم قۆناغەدا حەز دەکات هاوڕێیەکی نزیکی هەبێت، یان دەچێتە گروپێکی نزیك لە حەزو ئارەزووی ئەو، ئەگەر تۆ یارمەتی نەدەیت ئەو کەسە یان ئەو گروپە بدۆزیتەوە، کەسەکە یان گروپەکە دەیدۆزنەوە، تکایە وریابە!

٦- حەزی قسەکردن لەسەر خوود، بەشداری کردن، پێشبڕکێ، پاڵەوانێتیەکان، بۆ سەلماندنی خوود، بۆیە هەموو دەم ڕێگای پێبدە قسەبکات، قسەکانی مەبڕە، سەرزەنشتی مەکە، تانەی لێ مەدە، لەهەمان کاتدا، یارمەتی بدە بەشداری بکات لە بواری ئارەزوویەتی.

٧- هەرزە کەسێکە حەزی لە سەربەخۆبوون و پشت بەخۆ بەستنە، ئەگەر لە ماڵەوە بۆت گونجا ژوورێکی تایبەتی بدەرێ، سەربەستی بکە لەو بڕیارانەی کەوا دەزانیت خۆی بیاندات باشترە، کاتێك کارێك دەکات سەرپەرشتی بکە، بەڵام فێری بکە پشت بەخۆی ببەستێ، زۆرکەس مامەڵەی منال لەگەڵ هەرزە دەکەن و تەنانەت تا ئەو ڕۆژەی ژیانی هاوسەریش پێك دەهێنێت، ئەمە مەترسیەکی گەورەیە و کەسایەتیەکی نادروست بەرهەم دێت.

٨- هەڵچوونی خێرا، زوو دڵتەنگ بوون، زوو دڵخۆش بوون، هەرزە کەسێکی هەستیارە و هەڵچوونەکانی خێران، لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا وریابە.

# سەرکردایەتی و شەفافییەت



د. ئەحمەد وەرتی*

بابەتی سەرکردایەتی لە پەیوەند بە شەفافییەت و ڕوونی لە مامەڵەو ڕاپەڕاندنی کاروبارەکاندا یەکێکە لە کێشەو گرفتەکانی ئەم ڕۆژگارە کە بووەتە بەشێك لە خواستی گەلان لە بەرامبەر سەرکردایەتی و گەورەکانیان وحکومەتەکانیاندا بۆ چاکسازی و گۆڕانکاریی، چونکە سەرکردایەتی بەهێزو جێ متمانە دەبێ شەفاف و ڕاشکاو بێت لە گەڵ گەل و جەماوەری خۆیداو کراوەبێت لە گەڵیانا.

وەختێك مرۆڤ هەنگاو هەڵدەگرێت بەرەو چاکسازی و سەرکردایەتیکردنی میللەت، پێویستە سەرەتا ئامانجەکە لە بەردەمیدا دیارو ڕۆشن بێت و لە بەردەم گەلدا شەفاف بێت، لە بەر ڕۆشنایی ئامانج ڕوونی و شەفافییەت دا دەتوانرێت هەنگاوی هاوسەنگ بهاوێژرێت بە ئاراستەی گۆڕانکاریی و کاری بنیاتنەر.

شەفافییەت بەوە پێناسە کراوە کە بریتییە لەو (چەمکەی کە دەکرێ بە ئاسانی وەربگیرێت یاخود فام بکرێت،یان ئەوەیە کە دەکرێت بە سانایی ڕوونبکرێتەوە، یاخود بریتییە لە میکانیزمی ئاشکراکردنی گەندەڵی بە شێوەیەك دەوڵەت هەموو چالاکیەکانی خۆی ڕابگەیەنێت لە پلاندانان و جێ بەجێکردندا)، یان شەفافییەت لە ڕوانگەی ئابووری و سیاسییەوە مانای کرانەوە دەگەیەنێت بە ڕووی جەماوەردا لەو شتانەدا کە پەیوەستن بە پێکهاتەو پەیکەروئەرکەکانی کەرتی گشتی یان حکومی ونیازو مەبەستی سیاسەتی گشتی دارایی وحیساباتی کەرتی گشتی کە دەکرێت بە هۆیەوە( لێپرسینەوە) بەهێز بکرێت و( ڕاستگۆیی) پتەوو مکوم بکرێت و پشتگیرییەکی بەهێزتر بۆ سیاسەتە دارایی و ئابوورییە دروستەکان کۆبکرێتەوە لە لایەن جەماوەرێکەوە کە بە ئاگایە لە ڕەوتی کارو ڕووداوەکان،بەم پێیە نەبوونی شەفافییە لە سیاسەتەکاندا سەردەکێشێت بۆ تێکدان و شڵەژاندنی سەقامگیری و، نەمانی لێهاتوویی و، ئاتاج بوون بە دادپەروەری) (١).

بە پێی پێناسەی (جون د. سولیفان) شەفافییەت بریتییە لە (دەرچوون وگەیشتنی زانیارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە گشتییەکان لە کاتی گونجاو بە ڕێگەیەکی وا کە بکرێ پشتی پێ ببەسترێت)، پاشان سێ توخم یان پێکهێنەر بۆ زانیاری شەفاف باسدەکات کە ئەوانیش:

أ- ئیمکانیەتی گەیشتن بە زانیارییەکان ، واتە بگونجێت هەموو هاوڵاتیان پێیان بگەن.

ب- زانیارییەکان پەیوەندی پتەویان بە بابەتەکەوە هەبێت، بەو مانایە پەیوەندیان

هەبێت بەو مەسەلە پەیوەندیدارەی بڕیارێکی دیاریکراوی بۆ دەردەچێت.

ج- زانیارییەکان گونجاوبن بۆپشت پێ بەستن ، لە بەرئەوە پێویستە وردو نوێ وگشتگیر بن (٢).

سەرکردایەتی بەهێزو سەرکردەکان لە ڕێگەی شەفافییەتەوە دەتوانن ئەنجامی باش بۆ خۆیان و دەورو بەریان بە دەست بێنن، وە سەرکردە راستگۆو جێ متمانەکان بە کرانەوەو شەفافییەتیان لە گەڵ غەیری خۆیان دەگەنە ئاستی ئەو بەها ئەخلاقیانەی بانگەوازی بۆ دەکەن یاخود ئەو دروشم و لافیتانەی بەرزی دەکەنەوە، بەمەش ئەوان دان بە هەڵەو کەم وکورییەکانیاندا دەنێن، هەروەك دەتوانن روو بەرووی ئەو گەندەڵکارانەش ببنەوە کە بە هەڵەو کەم وکوریەکانیان بوونەتە لەمپەرو لەکەیەك بۆ کارو باری سەرکردەکان و پرۆسەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و وڵات، نەك چاو بنوقێنن لەو کەم و کوریانەی تیایاندایە، بە کورتی سەرکردەکان بە شەفافییەت و راستگۆیی و دەستپاکی خۆیان دەتوانن ڕێگە بگرن لە گەندەڵی کەسانی ترو وتەو گوفتارەکانیشیان کاریگەر دەبێت بۆ میللەت و جەماوەر، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت( یا أیها الذین آمنوا لم تقولون مالا تفعلون، کبر مقتا عندالله ان تقولوا مالا تفعلون) سورەتی سەف/٢- ٣.

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! بۆچی شتێ دەڵێن کە خۆتان نایکەن و رەفتاری پێ ناکەن؟ خوا لە لای سەختە کە شتێ بڵێن و خۆتان کاری پێ نەکەن.

ئەوەی ئەمڕۆ دنیای ئێمە گیرۆدەی بووە هەمان ئەم دەردەیە، زۆر دەوترێت ، زۆر ئیدیعا دەکرێت ، دروشمی زۆر بەرزدەکرێتەوە، بەڵام لە بواری کرداری و رەفتار پێکردنیان کەم بەدی دەکرێت، هەر بۆیە بۆشاییەکی زۆر لە نێوان سەرکردەکان و گەلەکانیاندا لەم ناوچەیەی ئێمەدا هەیە و بێ متمانەیی بە دوای خۆیدا هێناوە، ئەم حاڵەتەش پێویستی بە چاکسازی راستەقینە هەیە.

پەراوێز:

(١) منیرالبعلبکی – قاموس المورد، چ ٣٧، بیروت،٢٠٠٣، ل ٩٨٥.

(٢) عماد صلاح الشیخ- الفساد والاصلاح،دمشق، ٢٠٠٣،ل ٣٨- ٣٩.

*نووسەرو ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.



# هێزە کاریزماکانی ژیان

شوان ڕابەر

سەرنج ڕاکێشان وکێشکردنی خەڵك وجەماوەر شتێکی زۆر گرنگ و پێویست و کاریگەرو هونەرە، هەموو کەس ولایەنێك بەسەرنج ڕاکێشانی خەڵك سەردەکەوێ وپێش دەکەوێ، بە پێچەوانەوەش دوادەکەوێ، ئەوەش هونەرو هۆکاری خۆی هەیە، بەکورتی هەندێ لەو هێز ولایەن و کاریزمایانە باس دەکەین کەدەبنە مایەی سەرنج ڕاکێشانی یەکتروکار لەیەکتر کردن وپەیوەندی پتەو کردن لەگەڵ یەکتریدا.

هەندێك لەلایەنەکان ئەمانەن:

١- کرداری چاك: هەندێ کەس دەتوانێ بەکار و کردەوەی چاك سەرنجی یەکتر ڕاکێشێ و بە پیر یەکترەوە بچێ و کار بۆیەکتر بکا و بەگوێی یەکتری بکا و پەیڕەوی لەیەکتری بکا و جێی خۆی لە نێو دڵ ودەروونی خەڵکدا بکاتەوە.

٢- پارەوپول: هەندێ کەس بە پارە وپول وسەروەت وسامان وهەبوون و بەخشین و بەکارهێنانی پارەو پول سەرنجی یەکتر بۆخۆی ڕادەکێشێ.

٣- ڕەوشت جوانی: ئینسان بەکردارو گوفتار و ڕەوشتی جوان دەتوانێ کارلەخەڵك بکا وسەرنج یان ڕابکێشێ.

٤- چاکەکردن: ئینسان دەتوانێ بەهۆی ئەوەی کە خێر وچاکە لەگەڵ خەڵکدابکا سەرنج یان ڕابکێشێ.

٥- هاوکاری وهەماهەنگی وبەهاناوەچوون: ئینسان دەتوانێ بەهۆی ئەوەی لەکاتی لێ قەومانەوە بەدەم خەڵکەوە بچێ ولەکاتی پێویست هاوکاریان بکاو سەرنجی خەڵك بۆخۆی ڕابکێشێ.

٦- ڕوخۆشی: خەڵکێك بەهۆی ڕوخۆشییەوە سەرنجی خەڵك بۆخۆی ڕادەکێشێ.

٧- هەڵسوکەوتو مامەڵەی باش : هەندێ کەس بەهۆی هەڵسوکەوتو مامەڵەکردنی شایستەو باشی لەگەڵ خەڵك سەرنجی خەڵك بۆخۆی ڕادەکێشێ.

٨- هەڵوێست نواندن: هەندێ کەس بەهۆی ئەوەی هەڵوێستی باش و ڕەند و مەرد دەنوێنێ سەرنجی خەڵك بۆخۆی ڕادەکێشێ.

٩- خۆشخوڵقی: خەڵکێك بەهۆی خۆشخوڵقی چاكو جوانی خۆی کار لەخەڵکی دەکاو سەرنجی خەڵك ڕادەکێشێت.

١٠- گوفتاری جوان: خەڵکێك بەهۆی قسەو گوفتاری جوان کار لەخەڵکی دەکاو سەرنجی خەڵك ڕادەکێشێت.

١١- خزمەتکردن: خەڵکێك بەهۆی پرۆژەی چاكو خزمەتکردنی خەڵك کار لەخەڵکی دەکاو سەرنجی خەڵك ڕادەکێشێت.

١٢- بازرگانی: خەڵکێك بەهۆی بازرگانی کردنی جوانو باشو ڕەوا کار لەخەڵکی دەکاو سەرنجی خەڵك ڕادەکێشێت.

١٣- سەروسیما: خەڵکێك بەهۆی سەروسیماو ڕواڵەتی جوانو باش کار لەخەڵکی دەکاو سەرنجی خەڵك ڕادەکێشێ.

١٤- پاکو خاوێنی: خەڵکێك بەهۆی پاکو خاوێنی کار لەخەڵکی دەکاو سەرنجی خەڵك ڕادەکێشێ.

١٥- ڕێكو پێکی: خەڵکێك بەهۆی ڕێكو پێکی جلو بەرگو ڕەنگو ڕوخسارو هەڵسوکەوتیەوە کار لەخەڵکی دەکاو سەرنجی خەڵك ڕادەکێشێ.

هەروەها بە چەندەها هۆکار وشێوازی ترسەرنجی خەڵك ڕادەکێشرێت.

# هەماهەنگی زمان لە پەیوەندیکردندا

ئاسۆس انور
مامۆستای زانکۆ



دەستپێك: پەیوەندیکردن لە باری گشتیدا بریتییە لە ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکەو زانیاری لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵ، واتە ئاڵوگۆڕکردنی پەیامی جۆراوجۆر بەپێی باری تایبەتی قسەکردن، کە بێگومان کردەیەکی کۆمەڵایەتییە و پێویستییەکی هەمیشەیی مرۆڤە. بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم ئەرکە کۆمەڵایەتییە چەند ڕەگەزێك پێویستن، لەوانە (نێرەر، پەیام، وەرگر) جگە لەمانەش پەیامەکە پێویستی بە کەناڵێکی تایبەت هەیە بۆ ئاڵوگۆڕی پێکردن، کە ئەویش ڕەنگە گۆکراوبێت یاخود ئاماژەی جەستەیی ، یاخود بەتەنها زمانی بێدەنگی بێت، کە بەشێك لە زانایان دەیخەنە چوارچێوەی زمانی جەستە بەڵام بەشێکی دیکەیان بە سەربەخۆی لەقەڵەم دەدەن ، چونکە ئەگەر پەیوەندییەکە تەلەفۆنی بێت جەستەی مرۆڤ دیارنییە تا ئەم جۆرە بە جەستەیی لەقەڵەم بدرێت.




هەماهەنگی بریتییە لە دروستکردنی کەشێك لە تێگەیشتنو هۆگربوون لەگەڵ بەرامبەر، وە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بەشێواز و تێڕوانینی خۆیان بۆ شتەکان، بەبێ ئەوەی هەوڵی ئەوە بدەین کە بیانگۆڕین و حوکم لەسەر هەڵسوکەوتیان بدەین، هاوکات دروستکردنی متمانەی دوولایەنە لەڕێگەی ڕێزگرتن لە بۆچوون و بەهاکانیان و بنەما و بڕواکانیان و هەستیان، ئەمە پەیوەندی بە عەقڵی هەستی و نەستی مرۆڤەوە هەیە، کە ئەوانیش دابەش دەبن بۆ سێ جۆر:

یەکەم: کۆکبوون (التوافق)

دووەم: بەردەوامی (المجاراه)

سێیەم: سەرکردایەتی (القیادە)

یەکەم: کۆکبوون (التوافق)

لە دەستپێکی پەیوەندیکردنماندا دەبێت هەوڵی ئەوە بدەین لەڕێگەی هەڵوێستنواندنی زارەکی و جەستەیی و تەنانەت سەدای تایبەتی قسەکردن و لەبەرچاوگرتن و وتنەوەی هەندێ وشەو دەستەواژەی بەکارهاتوو لە لایەن بەرامبەرەوە، دەروازەی دروستکردنی پەیوەندیەکی لێکنزیکی و جۆرێك لە دۆستایەتی دروست بکەین، تاوەکو بتوانین بگەین بە هەماهەنگی لەپێناو گەیشتن بە ئامانجی تایبەت کە ڕەنگە پەروەردەیی یان دەروونی یان کۆمەڵایەتی...هتد بێت، چونکە لە ژینگە و بارێکی هەماهەنگی لە پەیوەندیکردندا ، یەکترقبووڵکردن و گوێگرتن دروست دەبێت، لەوکاتەدا ئێمە ساناتر دەتوانین پەیامی خۆمان بگەیەنین.

کۆکبوون بەچەند شێوەیەك دەبێت:

دەبێت بەشێوەیەك لە شێوەکان جولە جەستەییەکانی بەرامبەر لەلایەن تۆوە دووبارە بکرێنەوە ، هەندێ جار دەشێ

پێویست بکات بەتەواوەتی وەك بەرامبەر هەلوێستی جەستەیی بنوێنرێت، هەرچەندە ڕەنگە پەیڕەوکردنی کارێکی قورس یاخود ئەستەم بێت، بەتایبەتی لەکاتێکدا ئەگەر کەسی بەرامبەر لە ئاست و تەمەن و پلەو پایەیەکی تردابێت و تۆ بۆت نەگونجی یاخود شتێکی نەشیاوبێت بەتەواوەتی وەك ئەو هەڵوێست وەربگری ، بۆیە لەوکاتانەدا دەتوانی بە جولەی دیکەی جەستەیی لەلایەن تۆوە دووبارە بکرێتەوە، بەمەرجێك ئەم جولە جەستەییانەی تۆ گوزارشت لە هەڵوێستەکانی ئەو بکات ، وەك :

ئەگەر بەرامبەر قاچی بخاتەسەریەك و تۆ بە هۆی هەندێ بنەماو بەلەبەرچاوگرتنی هەندێ بەهای تایبەت کە ڕێگەت نەداتوەك خۆی دووبارەی بکەیەوە ، دەبێت ئەوکاتە تەنها پێیەکانت بخەیتە سەریەك ، یاخود تەنها دەستەکانت.

## شێوەکانی کۆکبوون:

### أ- کۆکبوونی تەواوەتی

لێرەدا هەڵدەستی بە هەمان جولەی جەستەیی کەسی بەرامبەر بەبێ بەکارهێنانی زمان:

١- هەموو جەستە: جەستەی خۆت وەك ئەو نیشانددەی:

٢- نیوەی جەستە: نیوەی سەرەوەی جەستەت یاخود نیوەی خوارەوە وەك بەرامبەر لێبکە:

٣- سەرو شان: جولەی سەرو شانەکانت وەك بەرامبەر لیّبکە.

٤- گوزارەشتی ڕوخسار: هەوڵدەدەی هاوشێوەی بەرامبەر گوزارشتی ڕوخسارت لە جولەی لێوەکان و ئەبرۆدا نیشان بدەیت.

٥- هەناسەدان: چاودێری هەناسەی بەرامبەرت دەکەی تا بتوانیت هاوشێوەی ئەو هەناسەدانت ئاراستە بکەی.

٦- دەنگ: بەرزی دەنگ و تەوژمی ریتمی بەرامبەرەکەت دووبارەدەکەیەوە.

### ب- کۆکبوون لەڕێگەی خۆنواندنی گوزارشتکردنی هاومانایی ( تعبیری):

ئەگەر نەتەوانرا بەتەواوەتی لاسایی بەرامبەر بکرێتەوە بەهۆی هەندێ لەبەرچاوگرتنی وەك تەمەن و پلەو پایەی کۆمەلایەتی .....هتد، ئەوا پێویستە بەشێوەیەکی تەعبیری (گوزارشتکردن) ئەم هەڵوێستە بنوێنرێت، بۆ نموونە لەجیاتی ئەوەی قاچەکانت بەتەواوەتی وەك کەسی بەرامبەر بخەیتە سەریەك دەتوانی تەنها پێیەکانت بخەیتە سەریەك، یاخو ئەگەر هەرنەکرا دەستەکان بخرێنەسەریەك.... هتد، ئەمەش تاوەکو بتوانی لەگەڵ بەرامبەرەکەتدا لە کۆکبون (تواوفق)دا بژیت.

### ج- کۆکبوونی زارەکی

ئەمەیان بەکارهێنانی هەمان ئەو یاسا زمانییە، کە هەریەك لە(بینین و بیستن و هەستکردن)دەگرێتەوە، کە پەیوەستە بە ئیستراتیجیەتی دارشتنی ڕستەی دووبارەبۆوە و گوزارشتی تایبەت و بیرۆکەی زاڵ و دیار لە قسەکردنی بەرامبەر، ئەم هەماهەنگیەش لە ڕێگەی وشەکان و هێزی دەنگ(بەرزی و نزمی) و ریتمەکەی(خێرا، هێواش، مامناوەند) وە ڕوونی قسەکردن و نەبرەی دەنگ (سەداکەی). لەگەڵ ئەوەی کە وشەکان ڕادەی هۆگربوون تیایاندا ٧٪، بەڵام دەنگ ڕێژەی کاریگەری بۆ دروستکردنی هۆگربوون بریتییە لە ٣٨٪.

**نموونە:**

شتێکی گرنگە بەیەکەوە کارکردنمان لەپێناو بانگەوازی ئیسلام، هاوکات گوێ لەبیروبۆچوونەکانی یەکتر دەگرین و تاوتوێی دەکەین و بەیەکەو ڕێگەی خۆمان ڕۆشن دەکەین و هەست بە دڵخۆشی دەکەین چونکە لەپێناو ڕەزامەندی خودا ئەم کارە دەکەین.

## دووەم: بەردەوامی (المجاراه)

بریتییە لە هەڵوێستی بەردەوامی کۆکبوون (التوافق)، کە لەگەڵ بەردەوامبوونی گفتوگۆدا بەجۆرێکی سروشتی گۆڕانی پێویست لەخۆماندا دەهێنینە دی. ئەم کردارە ئەوە دەگەیەنێ کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لاسایی کەسی بەرامبەر بکرێتەوە لەوەی کە دەینوێنێ لە قسەکردن و هەڵوێستی جەستەیی تا ئەوکاتەی کە هەماهەنگی دروست دەبێت، بۆ **نموونە:**

ئەگەر ئێمە بمانەوێت کەسی بەرامبەر ئێمەی قبووڵ بێت و هەست بە ئارامی و لێکنزیکی بکات، دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین وەك یەکییەك بهێنینە ئارا لە هەڵوێستوەرگرتنی گوتەییوجەستەیی کەسی بەرامبەر، لاسایی دەکەینەوە لە جۆری قسەکردن، شێوازی نانخواردن، دانیشتن و سەدای دەنگو.........هتد، کە بێگومان ئەم کارەش کارامەیی پێویستەو دەبێ بە وریاییەوە ئەنجام بدرێت ، تاوەکو کەسی بەرامبەر هەست بەوە نەکات کە تۆ نواندنێکی ویستراو و ئامانجداری بەرامبەر دەکەیت، دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کە ئەمە کارێکی ئاسان نییەو پێویستی بە سەلیقە و ئارامگرتنی زۆر هەیە، چونکە ڕەنگە ئەو کەسەی دەیکەیتە ئامانجی خۆت لاسایی کردنەوەی قورس بێت، یان باری دەروونی ناجێگیر بێت، یاخود کەشێکی لەبارت بۆ نەڕەخسێت.

## سێیەم: سەرکردایەتی(القیادە)

دوای کاتێکی کورت ، لەپێناوی ئەوەی کە بتوانیت کەسی بەرامبەر بخەیتە ژێر کاریگەری خۆت، هەندێك هەلوێست دەنوێنیت وەك گۆڕینی (سەدای دەنگ، وشەو دەستەواژەکانت، تەنانەت جۆری هەناسەدانت) هاوکات سەرنجی بەرامبەرەکەت دەدەیت بۆ ئەوەی بزانیت کەسی بەرامبەر لاسایت دەکاتەوە، کەبێگومان لاسایی کردنەوەی کەسی بەرامبەر بۆتۆ دەوەستێتە سەر لێهاتوویی تۆ لە قۆناغی یەکەمی ئەم کارەدا، ئەگەر توانیبێتت هەستێکی لێکنزیکی و ئارامیو بڕوات دروستکردبێت ، ئەوکاتە کەسی بەرامبەر بەبێ ئەوەی هەست بەخۆی بکات ، هەڵدەستێت بە دوبارەکردنەوەی تۆ، واتە تۆ دەستەواژەیەك دەردەبڕیت تا بزانیت بەرامبەر کەوتۆتە ژێر کاریگەری تۆ، لەوکاتەدا کەسی بەرامبەر دەیڵێتەوە ڕێك وەك ئەوەی تۆ وتووتە یاخوت بە کەمێك جیاوازییەوە، هاوکات بۆ جولەی جەستیەش بە هەمان شێوە ، ئەگەر تۆ قاچەکانت خستەسەریەك دەبینی بەرامبەرەکەت هەمان هەڵوێست دەنوێنێت

یاخــود جولەیەكــی نزیك لــەوەی تۆ ، كە ئەمەش دەبێتە بەڵگەی سەركرایەتی كردنی ڕێــرەوی گفتۆگۆیەكە لەلایــەن تۆوە، بۆیە ئــەو كاتە تۆ بــەردەوام دەبیــت. لەكاتێكدا ئەگەر هەستت كرد كەسی بەرامبەر لاسایی ئەم نواندنە گوتەیی یان جەســتەییانەی تۆ ناكاتــەوە، دەبێ دووبارە بــەردەوام بیت لە دروستكردنی كەشــی لێكنزیكی بە لاسایی كردنــەوەی تۆ بۆ ئەو، تا دەگەیتە قۆناغی هێنانەدی ئامانجی تۆ لە ڕاكێشانی سەرنجی ئــەو بۆ خۆت تا ڕێرەوی گفتوگۆكە بخەیتە ژێر ســەركردایەتی خۆتەوە و نەســتی ئەو بجولێنیت بۆ لاسایی كردنەوی خۆت.

كاتێــك ئێمــە بەرامبەر منــداڵ ڕەفتار دەنوێنین لە تەعبیراتی ڕوخسار بەرێگەی دیاریكــراو و دەربڕینــی دەنگــی تایبەت و قســەكردن بە شــێوازی جۆراوجــۆر تاوەكو منداڵەكە بهێنینە پێكەنین، دواتر بەردەوام دەبیــت لەســەر هەمــان هەڵوێســت كــە پێەنینەكەی دروستكردووە تا پێبكەنێت.

كەواتــە دەكــرێ بڵێــن (مجاراە) بەردەوامبوونە لەســەر (كۆكبــوون) تاوەكو بتوانــی پارێزگاری لــە (هۆگربوون) بكەیت هەستی لێكنزیكیەكە بەردەوامبێت.

**ئەنجام:**

لە ڕوانگەی ئەم زانیارییانەی ســەرەوەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین: لەپێناو دروستكردنی كەشــێكی لەبــاری پەیوەندیكــردن، دەبــێ لێهاتووانــە هەرســێ قۆناغەكــەی پێشــوو بــە گرنــگ بزانین ، تاوەكو ســەركردایەتی ڕەوتی بەرێوەچوونی پەیوەندیكردن لەگەڵ بەرامبەرەكەت بگریتە دەستو سەركەوتوانە بگەیتە ئەو ئامانجەی كە پەیوەندییەكەت لەپێناودا دروستكردووە.


**سەرچاوەكان: پێگەی ئینتەرنێت**

١- نجــاح الســباتين ، بنــاء التوافق -الالفة ، ٢٠٠٦.

٢- فــن الاتصال الفعال (٧) .. معادلات التوافق مع الاخرين، مفكرة الاسلام ٢٠١٠.

٣- ايمان تيسير؟، الاداره الافتراجيه.. مهارات القيادة والاتصال والتفاعل عند بعد، المنتدى العربى لاداره الموارد البشريه.




# چۆن گەلێكی گەمژە دروست دەكەیت ؟؟!

**و: هاوڕێ یاسین**

كۆمەڵێك لە زانایان هەستان بە دانانی پێنج مەیمون لە قەفەزێكدا و لە ناوەڕاستی قەفەزەكەدا پەیژەیەكیان دانا و لەسەرووی پەیژەكە هەندێك مۆزیان دانا.

هەر جارێك یەك لە مەیمونەكان هەوڵی دەدا مۆزەكە بهێنێ، زاناكان ئاوی ســاردیان دەكــرد بــە مەیونەكانی تردا ، پاش ماوەیەكی كەم هەر مەیمونێك بیویســتایە مۆزەكان بهێنــێ مەیمونەكانــی تر ڕێگریان لێ دەكــرد و لێیان دەدا هەتا تا ئاوی ســاردیان پێدا نەكرێت.

پــاش ماوەیك هیــچ لە مەیمونــەكان نەیاندەوێرا بچنە ســەر پەیژەكە بۆ هێنانی مۆزەكە لە ترسی لێدان.

پاش ماوەیەك زاناكان بڕیاریان دا بە گۆڕینی یەكێك لە مەیمونەكان بە مەیونێكی نوێ، یەكەم شت كە ئەو مەیومەنە نوێیە پێی هەستا سەركەوتنی بوو بەسەر پەیژەكە بۆ هێنانی مۆزەكە بەڵام یەكســەر هەر چوار مەیمونەكەی تر لێیاندا و ناچاریان كرد بــە دابەزیــن ، پاش چەند جارێك مەیمونە نوێیەكە تێگەیشــت كە نابێ بچێتە ســەر پەیژەكــە بێ ئەوەی هۆكارەكەی بزانێ، زاناكان هەســتان بە بە گۆڕینی یەكێكی تر لە مەیمونە كۆنەكان بە دانەیەكی نوێ ، ئەویش هەمان شــتی مەیمونی یەكەمی بەســەر هات و تەنانەت مەیمونی یەكەم بەشــداری دەكرد لە لێدانی ئەوی تر بێ ئەوەی بزانێ بۆ لێی دەدا.

پاش ماوەیك زاناكان هەستان بە گۆڕینی هەر پێنج مەیمونە كۆنەكە بە مەیمونی نوێ، بــە جۆرێــك هیچ لەو مەیمونە نوێیانە ئاوی ســاردیان پێ دا نەكرابوو لەناو قەفەزەكەدا و لەگەڵ ئەوەشــدا لە هەر مەیمونێكیان دەدا كە بچێتە ســەر پەیژەكە بێ ئەوەی هۆكارەكەی بزانن.

ئەگەر وا دابنێیین و پرسیار لەو مەیمونانە بكەین بۆ لەو مەیمونانە دەدەن كە سەر دەكەوێتە سەر پەیژەكە؟ بە دڵنیاییەوە وەڵامەكەیان ئەوە دەبێت كە خۆشیان نازانن و باو و باپیرانیان وایان كردووە.

بە كرداریش ئێمە ئەمە جێبەجێ دەكەین لە كارەكان و ژیانی ڕۆژانەماندا و لە نێو ڕۆتینێدا دەمێنینەو، لە ترسی ئەنجامدانی گۆڕانكاری !!

هونەری ئەتەكێت



# ئەتەكێتی خواردن و خواردنەوە

ئا: یاسین ئەحمەد رەنگەنە
ئەلقەی سێیەم

بنەماكانی ئەتەكێت بنەما گەلێكی نەرم و كراوەن و، چەقبەستوو نین و لەكۆمەلگایەكەوە بۆ كۆمەلگایەكی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، لە بەر ئەوەی هەر كۆمەلگایەك خاوەنی كلتوری خۆیەتی بە تایبەت لە بواری خواردن و خواردنەوەدا ، ناكرێت هەموو بنەماكانی كۆمەڵگای رۆژئاوایی بسەپێنی بەسەر كۆمەڵگای رۆژهەڵاتی و ئیسلامیدا. لێرەدا چەند ئاداب و نەریتێكی جیاواز هەیە لە ئەتەكێتی خواردن و خواردنەوەدا لای مسوڵمانان لەوانە:

١- وتنی (بسم الله) پێش دەستپێكردن بە خواردن و خواردنەوە: هەر شتێك ناوی خوای لەسەر بهێنرێت بێگومان خێر و بەرەكەت دەیگرێتەوە.

٢- بەكارهێنانی دەستی راست بۆ خواردن و خواردنەوە، دەستی چەپ بەكارناهێنرێت مەگەر لەحاڵەتی ناچاریدا.

٣- خواردن لەبەردەمی خۆتەوە : لەسەر خواندا هەر كەس قاپێكی لەبەردەم دایەو پێویستە لەبەردەمی خۆیەوە خواردن بخوات . هەروەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی (یا غلام سم الله وكل بيمنيك وكل مما يليك).

٤- لە ناوەڕاستی قاپەكەوە مەخۆ: جوان و شیاو نییە لە ناوەڕاستی قاپەوە خواردن هەڵگرێت و بیخۆیت.

٥- خواردن بە رێژەی سێ یەك: وەك زانراوە گەدەماڵی دەردو نەخۆشیە هەروەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی (ما ملا ابن ادم وعاء شرا من بطنه ، فان كان لابد ، فثلث لطعامه و ثلث لشرابه ، و ثلث لنفسه). زۆر خواردن دەبێتە مایەیی چەندین نەخۆشی بۆ مرۆڤ ، جا ئەوەندە بخوات كە لاشەی پێویستێتی.

٦- لە ئادابی خواردندا ئەوەیە خێزان پێكەوە نان بخۆن و نەك هەر كەس بە تەنها، چونكە كۆبونەوە لەسەر خوان، دەبێتە مایەیی كرانەوەی حەزی خواردن وبلاوبونەوەی فەڕو بەرەكەت.

ڕەچاوكردنی چەندنەریت وئادابێكی پێویست:

- لە كاتی خواردنی شۆربا و شلەدا فوی لێ مەكە تا سارد بێتەوە، بەڵكو چاوەڕوان بە تا سارد دەبێتەوە.
- زێدەڕۆیی مەكە لە پڕكردنی قاپەكەتدا.
- هەوڵبدە لەسەر خوان زۆر قسە نەكەیت



# ستایش

ئا: برەو

و زۆر پێنەکەنیت و دەنگ بەرز نەکەیتەوە

- قسەنەکردن لەکاتێکدا خواردنت لە دەمدا بێت، چونکە دەبێتە مایەیی دەرچون و پەڕینی پرشی خواردنەکەو دەوروبەر نیگەران دەکات.
- لەسەر خۆ نان بخۆ و پەلەپەل مەکە.
- هەرگیز دەمت پڕ مەکە لە خواردن، بە شێوەیەك مایەیی بێزاری بێت.
- نان بە دانەکانت پارچە پارچە مەکە، بەڵکو بەدەستت بیانکە بە پارچەی بچوك.
- لەکاتی کەوتنەخوارەوەی کەوچك هەر یان هەر ئامرازێکی تر بە کلێنس هەڵی بگرەو بیخەرە سەر سفرەکەو داوا لەکارگوزار بکەو هی ترت بۆ بێنێت.
- جگەرە نەکێشان لەسەر سفرەی نانخواردن.
- چاك وایە ساردەمەنیە غازیەکان نەخۆیتەوە لە کاتی خواردندا چونکە گازەکان بە شێوەیەکی ناخۆش لە دەمت دێتە خوارەوە ، گەر خواردیشتوە ئەوا کلێنس بەکاربێنە تا نەبێتە مایەیی دەرکردنی دەنگێك کە دەوروبەرەکەت نارەحەت بکات.
- گەر شتێکی نامۆت بینی لەخواردنەکە بەنهێنی و لەسەرخۆ ئەو شتە دوورخەرەوە دایپۆشە.
- خۆی بە چەقۆ هەڵمەگرە.
- گەر خواردنێك لەسەر سفرە ئامادەبوو شێوازیخواردنیتنەدەزانی،پەلەمەکەتەماشا کە ئەوانەی دەوروبەرت چۆن خواردنەکە دەخۆن و تۆش ئەو شێوازە بەکاربهێنە.
- کورسیەکەت بەشێوەیەك مەجوڵێنە جیرەجیرڕ بکات و، ببێتە مایەیی نیگەرانی دەوروبەرت، بەرێکی و جوانی دانیشە.
- گەر لەسەر خوان کەسێك حەپێك یان دەرمانێکی خوارد خوارد پرسیاری لێ مەکە سەبارەت بە جۆری دەرمان و هۆکاری خواردنەکەی.
- لەسەر خوان ئەو قسەو باسانە بکرێت کە جێ بایەخی هەموانە ، چاك وایە دوور کەویتەوە لەو قسەو باسانەی کە تایبەتە بە نەخۆشی یان روداوی دڵتەزێن .... هتد
- دانەکانت خاوێن مەکەرەوە بەرامبەر بە ئامادەبوان.
- دوای کۆتایی هێنان بە خواردن، سوپاسی خوای گەورە بکە.

بەشێکی زۆری ئەوشتانەی لەژیانی رۆژانەماندا ئەنجامی دەدەین زۆرجار لەبەرخاتری خەڵکو دەورووبەرە کەمانەو لەبەرخودی خۆمان نییە، بۆ نموونە کاتێك بانگهێشت دەکرێین بۆ بۆنەو ئاهەنگو داوەتێك،ئەوکات جوانترین جلو پۆشاکمان دەپۆشین، ئەمەبۆ ئەوە دەکەین تاسەرنجی دەوروبەرمان راکێشین و مایەی بایەخوگرنگیان بین، نەك بۆسەرنجراکێشانی ناخی خۆمان.

خۆشحاڵ دەبین کاتێك دەبینین دەوروبەرمان خۆشنودن پێمان، جلوبەرگ و روخسارمان مایەی سەرنج و بایەخی خەڵکانی ترە.

کاتێك پێشوازی لەمیوانەکانمان دەکەین بایەخی تایبەت بەژووری پێشوازی دەدەین، زیاتر لەبایەخدنمان، بەهۆڵ و ژوورەکانی تر.

کاتێك میوانداری هاوڵ و دۆستانمان دەکەین، خۆمان و خانەوادەکەمان بایەخی ناوازە بەئامادەکردنی خواردنو خواردنەوەو سازانی کەشوهەوایەکی سازگارو دڵرفێن دەدەین.

هەریەك لەئێمە هەست بەخۆشی و شادی دەکەین، کاتێك دەورووبەرو کەسانی تر پیرۆزبایی و ستایش و دەست خۆشیمان لێدەکەن، بەهۆی جوانی و رێك پۆشیمان، یان ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوەی بەچێژوو بەتام بۆ میوانەکەمان یان ئەنجامدانی هەرکاروو چالاکییەك.

هەر لەم سۆنگەوە گەر هاوڕێیەکت کراس وجلوبەرگێکی تازەی پۆشی بوو پیرۆزبایی لێبکەو وشەو دەستەواژەی جوان و سەرنجراکێش بەکاربێنە.

گەر داوەتکرایت بۆ داوەت و مەراسیمێك دوای بۆنەکە دەست خۆشیو سوپاسی ماندووبوونیان بکە، چونکە ئەو خانەوادەیە بۆماوەی چەند ساتێك ماندو بوونە لە ئامادەکردنی ئەو خوانەدا، چونکە بەسوپاسکردن مرۆڤ هەست بەخۆشی دەکات، هەست دەکات ماندوبوونەکەی بەهەند وەرگیراوەو بەمەش ئاسوودە دەبێت.

گەرسەردانی ماڵێکت کردو کەرەستەو ناوماڵەکەیان جوان و قەشەنگ بوو پیرۆزبایی و دەست خۆشیان لێبکە، بەوەی زەوقیان جوان و سەلیمە هەڵبژاردنەکانیان سەرنج راکێشە.

لەمجۆرە بابەتانەدا چۆن حەز دەکەیت مامەڵەت لەگەڵدا بکرێت، بەهەمان تەرز هەڵسو کەوت لەگەڵ کەسانی تردا بکە.

لەکۆتادا دەڵێین مرۆڤ بگاتە هەرئاستێکی سەرکەوتن، ئەوا هەر مرۆڤەو حەز بەستایش و پیاهەڵدان دەکات، بەڵام دەبێت لەسنووری دروستی خۆیدا بەکاربێنین.



# ئافرەت مۆڵگەی سۆز و خۆشەویستی و ئارامییە!!!

ئارام نبی محمود

کاتێ باوکە ئادەم هەستی بەتەنهایی کرد خوای گەورە دەیان هاوڕێی بۆ خەڵق نەکرد، بەڵکو تەنها یەك ئافرەتی بۆ خەڵق کرد ئەویش دایکە حەوا بوو، کە بەیەکەم ئافرەت و بەدایکی مرۆڤایەتی ئەژماردەکرێت.

خوای گەورە لەپەراسووی چەپی ئادەم حەوای دروست کرد، لەو کاتەدا ئادەم خەوی لێ کەوتبوو، کاتێکیش ئادەم خەبەری بویەوە و حەوای بینی هەستێکی جوان دایگرت، هەستێك پڕ لەخۆشەویستی و سۆز.

خوای گەورە ئافرەتی کردووە بەمۆڵگەی سۆز و ئارامی و دڵنەوایی و دڵنیایی بۆ پیاو، هەروەها سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانی بێ سنووری خستۆتە نێوان هاوسەران، وەکو دەفەرمووێت: [لِتَسكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ].

ئافرەت نیعمەتێکی بێهاوتایە، خوای پەروەردگار کردوویەتی بەخەڵاتێکی مەزن و پیرۆز، ئافرەتان (حۆریە چاوگەشەکان) لە بەهەشتیش ڕێگە بەتەنهاییمان نادەن، بەڵکو دەبن بەهاوڕێی هەمیشەییمان، کەواتە ئافرەت هاوڕێی ژین و ژیانە، هاوڕێی دونیا و دوارۆژە، ئافرەت کەناری ئارامییە کە پیاو لەپاڵیدا لەنگەر دەگرێت، پیاو بێ ئافرەت هەمیشە هەست بەکەمی و لاوازی و تەنهایی دەکات، پیاو بەئافرەتەوە دین و ئیمانەکەی کامڵ و تەواو دەبێت، پێغەمبەری خۆشەویست (دروودی خوای لەسەربێت) دەفەرمووێت: ئەگەر پیاو ژن بهێنێت ئەوا نیوەی ئیمانی تەواوکردووە، با پارێزگاربێت و تەقوای خوا بکات لەتەواوکردنی نیوەکەی تر، ئافرەت هۆکاری بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و پاڵپشتی خودای دلۆڤانە، ئافرەت دەبێتە پارێزەری پیاو لە گوناه و تاوان، ئافرەت ئەرکی پاراستنی ماڵ و سامان و ئابڕوی پیاوی لەئەستۆدایە، ئافرەت داپۆشەری پیاوە لەهەموو ڕوویەکەوە، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: [هُنَّ لِبَاسٌ لَكُم وَأَنْتُم لِبَاسٌ لَهُن] واتە : خێزانەکانتان پۆشاکن بۆ ئێوە و ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان.

ئافرەت نهێنی سەرکەوتنی پیاوە بە وتەی: لەپشت هەر پیاوێکی سەرکەوتووەوە ئافرەتێك هەیە، ئافرەت هاوکار و یارمەتیدەری پیاوەکەیەتی لەبەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی ژیان، ئافرەت

پەروەرشیاری منداڵەکانمانن، ئافرەت لابەری خەم و هۆکاری ئاسوودەبوونمانن.

ئافــرەت لە خۆشــترینی خۆشــیەکانی دونیایــە، پێغەمبــەر (درودی خــوای لەســەربێت) دەفەرموویێت: (الدُّنْيَا مَتَاعٌ، وَخَيْرُ مَتَاعِهَا الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ).

واتە" ژیانی دونیا خۆشــییە، چاکترین و باشــترین خۆشی دونیــاش ئافرەتێکــی (صالحە)یە ژنێکی خاوەن ئیمان و تەقوایە".

گەنجێك پرســیاری لەپیاوێکی خێزاندار کــرد و گوتــی: ئــەو وتەیــە ڕاســتە کــە دەڵێت:" پیاو موســیبەت ناناسێ تاوەکو ژن نەهێنــێ "، پیاوەکە لەوەڵامدا گوتی: بەڵکو بەپێچەوانەوە پیاو قەدر و ڕێزی ژن نازانێ هەتاوەکو تووشی موسیبەت نەبێت، چونکە ژن دڵسۆزترین کەسە بۆت لەو کاتەدا.

ئافــرەت و پیاو بۆیەکتری وەکو ئاو وان بۆ ماســی، بۆیە هەرگیز نەڵێی ماندووبووم لەگــەڕان بەشــوێن هاوبەشــی ژیانــم، ئەو بەشــە ونبوەکەی تۆیە، ئەو بەشەیە کەلەتۆ جیاکراوەتــەوە، چــۆن تــۆ بۆ ئــەو وێڵ و ســەرگەردانیت، ئەویــش بەهەمان شــێوە، چاوەڕوانــە ئەو ڕۆژە بێــت کەتۆ لەدەرگای بدەیت، تاکو جارێکی تر ببنەوە بەیەك ڕۆح و دڵ و گیان.

هاوســەرێتی واتــە یەك گیــان و ڕۆح و دڵ لەناو دوو جەستە، هاوسەرێتی سپێدەی خۆشەویستییە، هیچ شتێك لەوە خۆشترنیە کەدوو هاوســەر لەژیاندا لەیەك گەیشتنێکی باشیان بەیەکەوە هەبێت.

کەســێك بکە بەهاوســەری خۆت، شەرم نــەکات ئەگــەر ڕۆژێــك تــۆ ناچاربوویــت پــاڵ بەعەرەبانــەوە بنێیت، شــەرم نەکات ئەگــەر ڕۆژێــك ناچاربوویت لەســەر جادە بحەوێیتەوە، شــانازی نەکات ئەگەر ڕۆژێك ســەروەت و ســامانی دونیا موڵکــی تۆبێت، جگــە لەگیانی خــۆت و دڵێکی زیندوو هیچ ســەروەتێکی لێت نەوێت، ئافرەتێك لەبری زێڕ ڕێزی لێت بوێت، ئافرەتێك بەبێ مەرج تۆی بووێت، بەبــێ مەرج بوون و نەبوونت بۆ ئەوبێ، ئینجا گەورەترین و پیرۆزترین سامان و بەخششی خودا دەبن بۆ یەکتری.

# هەرجارەو ڕازێك!



ڕەمەزان عبدالله
ئەڵقەی یەکەم

## ڕازی بینین !

ڕەنگــە مرۆڤەکان لەبەر قســە و گوفتار ئاگایان لە هێز و ڕازی بینین نەمابێت ! ئەوکاتەی بۆ ســەرکەوتن هەنگاو ئەنێین تەنهــا قســە و کــردار بەس نیــە، هەمومان ئەزانین چاڵ قوڵە بەڵام ڕەنگە دەســت بەکار بین لــە چاڵ خۆمــان ببینینــەوە لەجیاتی لوتکە !

کەواتە هێزی بینین خۆی ڕازێکیە مەگەر ئەکرێــت مــرۆڤ ڕازەکانی خــۆی فەرامۆش بکات،هەنگاوەکانی ژیانمان دووبارەن بەچاوی ســەر هەمیشــە بە یەك ڕێگا ئەڕۆین،بەیەك هەنگاو دەست پێ ئەکەین !

بەڵام من مەبەستم بینینی چاو نیە !!

"مرۆڤێك گــەر نەیەوێ ڕۆناکی ببینێت پێ ویستی بە چاو نیە "

هەمــوو شــتێك بــۆ بینیــن پێویســتی بــە مەودایەکە،کەواتــە ئەوانــەی مــەودای سەرکەوتنیان دیار نیە ئەوا پێویستە سەرێك بە ڕازی بینینی ژیانی خۆی دا بخشێنیتەوە نەکا ئــەوەی ئەیەوێ لە پێشــی بێت و نەی بینێت ئەو تەنها لــە دوورەوە بڕوانێت هەر لە چاوەڕوانی بێــت!

دەڵێــن کــە مــەلای مشــهور زۆر جــار لەسەرپشــتی چــوار پێیەکــەی لــە بەشــە ســنوورییەکانی ئێران و عێــراق لە هاتوچۆ دابــوو،وە هەرجــارە و کــە ســنوورەکەی دەبەزاند،تورەکەیــەك بــەردی گرانبەهــا و دەرمانــی پزیشــکی لەگەڵ خــۆی دەبرد، کە مۆڵەتی بۆ یاسای وەرگرتبوون.

ڕۆژێك لە ڕۆژان کاتێك پاسەوانێکی سنور لەبارەی پیشــەکەیەوە پرســیاری لێکرد،مەلا وەلامی دایەوە:"من قارچاخچیم"

پاســەوانەکە هەمــوو جــارێ مــەلای دەپشــکنی بەلام نەیدەتوانــی کالایەك لەناو شتومەکەکانیدا بدۆزیتەوە!

مەلای مەشــهور ســەفەر لەدوای سەفەر دەولەمەندتــر دەبــوو و پاســەوانەکەش تــا دەهات گومانی زیاتر دەبوو،بەلام ئەو هەرگیز نــەی دەتوانی شــتێك بدۆزیتەوە.ســەرنجام ڕۆژێــك داهات کــە مەلا خۆی خانە نشــین کردبووەوڕۆژێکیــان کــە پاســەوانەکە مەلای بینی،پسیاری لێکرد:

"مەلا،ئێستا ئیتر خانە نشینی و کەوابوو من ناتوانم دەستگیرت بکەم،بەلام تکایە پێم بڵــێ تۆ قارچاخــی چیت دەکرد کــە هێندە دەولەمەند بووی ئێمە نەمانتوانی ئاشــکرات بکەین؟؟"

مەلا مشــهور وەلامی دایەوە: " ئەوەی من خارچاخم دەکرد چوارپێ بوو !"

ئــەو شــتەی ئەمانــەوێ لەبەردەمانــە پێویســت بەگــەڕان ناکات،بــۆ ســەرکەوتن پێویستمان بە ڕازی خۆمان هەیە !

مەولانــا ئەفەرمویێت"مــرۆڤ وەکــو موگناتیسە موگناتیس بەشیکە لەخۆی !"

ســەرکەوتن بەشــیکە لە مرۆڤ،کەوابوو گەران بەدوای کات کوشتنە...!

پێویســتە ســەرێك بدەینەوە لە بینینی خۆمــان ئایا بەکام چاویلکە تەماشــای ژیان ئەکەین،بە چاویلکەی ڕەش گشــت بونەرور بەرەشــی ببینین و یان بە چاویلکەی ســپی هەمویان داتاشین لە ڕەنگ و ڕویان !

دوونیا بە هەموو ڕەنگەکانەوە جوانە،گەر ڕەنگێك لابەری ڕەنگێکی تر زاڵ ئەبێــت.

بۆیــە بەهێــز بە تــۆز لەســەر ڕازەکان هەڵتەکێنە ئەوکاتە ئەزانی ڕازی بینین چییە و چۆنە !

"من ئەبینم بۆ ئەوەی بە کورترین کردار وەلامی پرسیارەکان بدەمەوە "



# فرمێسکەکانی دایکم

نوسینی: ئەحمەد ئوناڵ چام
و: ئیمان ناصح

ئافرەتەکە هەر بەنێو ماڵەکەیدا دەهات و دەڕۆشت وەك ئەوەی بڵێی لەحاڵێکی زۆر جۆش و خرۆشدا بێت، کەل و پەلەکانی ماڵی هەریەکەو دەبرد بۆلایەك، پەردەو بەرگی پەنجەرەو سەرمێزەکانیشی هەموو گۆڕی بوو،جارجاریش سەرێکی لە چێشتخانەکە دەداو سەیرێکی خواردنی سەر طەباخەکەی دەکرد.

گوێی لە دەنگی هەر جێ پێیەك بووایە خێرا ڕایدەکردە بەردەم پەنجەرەکەو سەیرێکی دەکرد،هەر کاتیش گوێی لە زەنگی دەرگا بووایە دەستبەجێ دەیکردەوە بەڵام کاتێك دەیزانی ئەوە زەنگی دەرگای ماڵێکی ترە ئیدی نیگەرانی دایدەگرت.

کوڕەکەی بە مەبەستی کارکردن بەرەو شارێکی تر ڕۆشتبوو هەم لەبەر دووری شوێنەکەی و هەمیش لەبەر مۆڵەت پێ نەدانی نزیکەی ٢ مانگێك بوو نەگەڕابووەوە، بەم شێوەیە ئەو ڕۆژە ئافرەتەکە لە قوڵایی یاد کردنەوەیدا بۆ کوڕەکەی گوێ قوڵاغ و چاوەڕوانی زەنگی دەرگا بوو.

لە هەموو ساڵ ڕۆژێکی یادی جیهانی دایکاندا ئەو خووی گرتبوو بە گوێ بیستی :‘‘ دایە گیان، ڕۆژی دایکانت پیرۆز‘‘ لەگەڵ لەئامێزگرتنی کوڕەکەیدا دەستیان دەکرد بەو خواردنانەی کە ئامادەی دەکرد بۆی

لەنێو بیرکردنەوەکانیدا تەواو ڕۆچووبوو لەخۆی دەپرسی: تۆ بڵێی ئەمڕۆ بگەڕێتەوە، ئاخۆ دەشێ مۆڵەتیان پێدابێت.

لە ناخیدا لەنێو دونیایەك حەزی بیرکردندا خۆی دەبینییەوە.

هاوسەرەکەی کە خێزانەکەی دەبینی وا بەم جۆرە لە بەیانییەوە هەستاوە خەریکی ئامادەکارییە و لەنێو خرۆشاندا کاتەکانی بەسەردەبات لێی پرسی: ئەم جۆش و خرۆشەت لە چییە؟

پاش تۆزێك خێزانەکەی وەڵامی دایەوەو وتی: هیچ. ئەمڕۆ ئیشم زۆرە لە ماڵەوە، تۆ بڕۆو بۆ خۆت تۆزێ بگەڕێ.

بە تکاو پاڕانەوە هەرچۆن بێت ئافرەتەکە مێردەکەی لە ماڵ کردە دەرەوە و بەدەم خۆیەوە بیری دەکردەوەو دەی وت: ئای ئەگەر تێ بگات حاڵ و جۆش و خرۆشم لەبەر چییە، ئای ئەگەر ئەو هەمووە چاوەڕێم کردووەو کوڕەکەم نەگەڕێتەوە.

هەر کە بیری نەگەڕانەوە دەهات بە مێشکی دا یەکسەر دڵی دەستی دەکرد بە لەرزین.

کاتژمێر دەهات و دەچوو نزیکی نیوەڕۆ بوو،بە دەم خۆیەوە دەیوت: دەی ئەگەریش ناگەڕێتەوە بۆچی تەلەفۆنێك ناکات،

هیچ نەبێ بڵێ دایە گیان ڕۆژی دایکانت پیرۆزبێت، من چەندە بیر دەکەمەوە ڕەنگە ئەو هەر بیریشی نەبێت، چاو لەڕێگام دڵ لە ڕێگاش دەبم،ئاخر چۆن ڕۆژی دایکان لەبیر دەکرێت، نابێت گیانە هیچ نەبێت هەر تەلەفۆنێك ئەکات، تەنانەت تەلەفۆنیش نا من بیری ڕۆڵەکەم ئەکەم، بیری چاوە ڕەشەکانی، پێکەنینە عەجولییەکانی، دیسان گەر گوێی لەم قسانە بێت ئەڵێ ئای دایە وەك منداڵ خۆشت نەوێم. نازانێ کە چەندە خۆشم ئەوێ.

کاتێك بیری لە منداڵیی کوڕەکەی دەکردەوە بەدەم خۆیەوە پێدەکەنی وخۆشییەك بە دڵی دا دەهات، لەناکاویش سەری بەرز دەکردەوە چاوێکی لە کاتژمێرەکە دەکرد و پاشان دەکەوتەوە نێو خەیاڵەکانی: نایەتەوە هیچ نەبێت با تەلەفۆنێك بکات، گوێم لە دەنگی بێت.

لە کاتێکدا نوقمی نێو خەیاڵەکانی بوبو بە دەنگی مۆبایلەکەی بەئاگا هاتەوە، هەرچۆن بوو بە هەنگاوە ماندوو هەناسە گیراوەکانییەوە خۆی گەیاندە لای تەلەفۆنەکە. بینی ئەوەی وا پەیوەندی دەکات کوڕەکەیەتی.

خۆشحاڵ بوو؟ نا خۆشحاڵ نەبوو دەترسا لەوەی کە بڵێ ناگەڕێمەوە، تەنها بە تەلەفۆن پیرۆزبایی ڕۆژەکە بکات، یانی ڕۆڵەکەی لە ئامێز ناگرێت.

وەڵامی تەلەفۆنەکەی دایەوەو وتی: بەڵێ

- ئەلو، دایە گیان چۆنی؟

- سوپاس ڕۆڵەکەم، تۆ چۆنی؟

-باشم دایە گیان

- چی ئەکەی؟، ئیشەکانت چۆن دەڕوا؟

-هەندێك نارەحەتە، بەڵام ڕاهاتووم. هەم بە شارەکە هەم بە کارەکەش

-کەوایە بەو جۆرەیە گیانەکەم

ئافرەتەکە خۆی پێ نەگیرا کوڕەکەی نە ئەوە بوو پیرۆزبایی بکات نە ئەوەش بوو بڵێ دەگەڕێمەوە بۆیە پرسی:

- ڕۆڵەکەم مۆڵەتت وەرگرتووە؟

- بەڵێ دایە گیان مۆڵەتم وەرگرتووە، تۆ لە کوێ وە دەزانی؟

- چی لە کوێ وە، مەگەر بۆ ڕۆژی دایکان مۆڵەتت وەرنەگرتووە؟

- ئای ڕۆژی دایکان ڕاستەکەی، دایە گیان ڕۆژی دایکانت پیرۆزت بێت.

- تۆ...تۆ...یانی لەبەر ئەمە مۆڵەتت وەرنەگرتووە؟

- ئای دایە گیان، مۆڵەتم وەرگرتووە کە بچمە دیدەنی ئافرەتێك کە زۆرم خۆشدەوێت، زۆر گرنگە،هەر بۆیە سەرۆکەکەشم ڕێگەی دام، ئێستا وا بەرەو لای ئەو بەڕێ کەوتووم.

ئافرەتەکە هەندێك لە بێدەنگی دا مایەوە، پاشان بە دەنگێکی خۆڕاگرییەوە وتی:

- ئاوا، ئەی ئەو چۆن کەسێکە؟

- دایە گیان، دڵنیابە...لە خواردنەکەی پێشتری تۆ بەتام تر، تەنانەت شیرینتر لە شیرینییەکانی ئامادە کردووە بۆم، ئێستا وا چاوەڕێمە.

- ئەی...دە باشە کوڕەکەم...ئەخوازم ئەویش تۆی خۆش بوێت.

- لە خۆش ویستنەکەی دڵنیام دایە، ئەم یەکەم مۆڵەتەم تەنها لەبەر خاتری ئەو وەرگرتووە.ئەی باوکم لە کوێیە؟

- لە دەرەوەیە کوڕەکەم..... ئاە ئەوە زەنگی دەرگایە لەوانەیە باوکت بێت.

- باشە دایە سەلامم بگەیەنە، منیش وا لەبەر دەرگایەکدام کە بۆنە وەك میسکەکەی دێت بۆم، لەبەردەم جوانترین دەرگام کە بە نەرخترین شتە لەلام.

- باشە کوڕەکەم سەلامەکەت ئەگەیەنم، دووای دوبارە پەیوەندی بکەرەوە کوڕەکەم، خوای گەورە ئاگادارت بێت.

ئافرەتەکە تەلەفۆنەکەی داخستووە، لە کاتێکدا کە چەندە بیری ڕۆڵەکەی دەکرد، چەندە ویستی بینینی هەبوو، دەستی بۆ دەرگاکە درێژ کرد بەڵام ئیدی نەیتوانی ببێتە ڕێگر لەبەردەم فرمێسکەکانیدا.

هەر کە دەرگاکە کرایەوە کوڕەکەی باوەشی پێدا کردو بەدەم هاوار کردنەوە دەی وت: ڕۆژی دایکانت پیرۆز، دایە گیان.

وەك ئەوەی کە شانۆی خەونێك بێت، کوڕەکە لە ئامێزی خۆشەویستی دایکیدا لەبەردەم لێزمەی فرمێسکەکانیدا دەی وت: دایە گیان، لە خۆشەویستیدا وتم با شتێکی لە ناکاوت بۆ ئامادە بکەم، دەی ئیتر مەگری.




## وای فێر کردم!

پرسیاریان لەخانمێك کرد بۆ مێردەکەت هێندە خۆشی دەوێیت و ئامەزرۆتە، لەم بوونەوەرە فراوانەدا جگە لەتۆ کەس نابینێ، لەکاتێکدا کەسانی لەتۆ جوانترو شۆخ و شەنگتر هەیە؟

وتی: ڕەنگە من زۆر جوان و شیرین و ناسك نەبم، بەڵام من: گەر هاوسەرەکەم نیگەرانی کردم لێی دەبوورم، گەرشەکەت و خەمباربوو،گوێی لێدەگرم، گەر زۆری پێ بەخشیم سوپاس و ستایشی دەکەم، گەر کەمی پێ بەخشیم، رازی دەبم.

**پەروەردگار وای فێرکردم**
سۆزو خۆشەویستی نەبچڕێنم
گوێی رایەڵ بم و لێی لانەدەم
هەرچەندە درك ئازارم بدات،
بەردەوام هەرگوڵ دەچێنم.



مسعود محمد هانە ژاڵەیی

# چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ منالڈا لەدوای جیابونەوەی باوك و دایك لەیەكتر

لەم مەملەکەتە بونەوەریکی لێیە،لەم چوار دیوارەدا مرۆڤێکی خنجیلانە لەناخەوە هەنیسك دەدات و لەدڵەوە دەکولێت کولانی ئازارێك کەخۆی دەزانێت ئێشەکەی چەندەیە؟ئیتر کێ بێت و داخی دلی خۆی بۆبکات .ئەو چی دەكات لەچوارچێوەی دیوارێدا،خۆدیوارەکان قسە ناکەن تالێی بپرسن کەئەوە چیت لێقەوماوە.لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەلاق نەوەکانی تەلاق ڕۆژبەڕۆژ ڕو لەزیادبونەکەن، ڕۆژلەڕۆژ هاوسەرەکان بەیەکجاری یەکتری تە رکدەکەن،نەوەکانی ئەو نەوە تازە مۆدێرنەن کەبەم تازەییانە زۆربوون و هیچ بەربەستێکیش نیە بۆئەوەی بیوەستێنێ.
ئەو ژن و پیاوەی کاتێ لەیەك جیادەبنەوە بیرلەو منالە بێ گوناهە ناکەنەوە کەوەك دارێك دەبێت بەدوو بەشەوەئەگەر منالێ خەمبار و ناڕەحات و دلتەنگت هاتەبەرچاو بەوەی لەگەڵ یان دایکی یان باوکیدا ژیان بەسەردەبات،دەتوانرێ چەند پرسیارێکی لێبکرێت،ئایا غەمباری؟لەبەر جیابونەوەی باوك و دایکت؟دەتەوێ دەربارەی ئەو شتەی لەمێشکتدا دەڕوات و دەچێت پێکەوە گفتوگۆ بکەین یان یان ئەتەوێ چەند پرسیارێ لەمن بکەیت.
لەوانەیە منالەکانی تەلاق منالانێکی تورە و گۆشەگیربن،گرفتی تەلاق لەبۆهەمووو کەسێ بابەتێکی ناخوش و سەختە.تەنانەت کاتێکیش منالەکان هۆکاری دروستبوونی تەلاقەکە دەزانن لەوانەیە هەستێکی خراپیان بۆی هەبێ کەدرکاندنی سەختە.
کاردانەوەی منال بۆئەم بابەتە لەیەكێکەوە بۆیەكێکی تر جیاوازە،هەندێ منال پێدەچێت ئەم بابەتە لەهەلسوکەوتیاندا ڕەنگدانەوەی هەبێت،لەوانەیشە هەنێ منال گۆشەگیری و بێ دەنگی هەلبژێرن پەیوەندیەکانیان لەگەل باوکیان یان دایکیاندا ببچڕێنن.
دەتوانین منالەکانی تەلاق بکەین بەدووبەشەوە ئەوانەی لەکاتی جیابوونەوەکەدا لەدایك نەبوون یان زۆر منالن ئەمەیش بەبێ گرفت دەچێتە مالی باوکی پیاوەکە و هیچ کێشەیەکی نیە تەنیا کێشەیەك کەهەیبێ لەکاتی گەورەییدا و ئەو کاتە بۆی دەردەکەوێ کەباوك و دایکی لەیەکترجیابوونەتەوە و ئەمیش لای مالی باپیریەتی.بەلام زۆرجار ئەمە فەرامۆش دەکات و ڕادێت لەگەل دایە گەورە و باوە گەورەی دا.جۆری دووەم ئەو منالانەن کەکاتی جیابوونەوەی باوك و دایکیان هەست بە لەدەستدانیان دەکەن و بەمەیش نیگەرانیەکی زۆر یەك پارچە هۆش و عەقل و بیریان داگیر دەکات هەندێ جار کاردانەوە نیشاندەدەن ،ئەمەیش هەندێ جار یان کاریگەری ناخی منالەکەیە یان پالنەرەکانی وەك دایکی و خزمەکانی دایکی بۆئەوەی تولە لەپیاوەکە بکەنەوە و ئازاری بدەن.
دراوسێەکمان هەبوو پیاوەکەلەگەڵ مالی دایکیدا دەژیا و خاوەنی چوار مندال بوون ،پیاوەکە لەسەر کارەکەی لە بینایەك کەوتە خوارەوە و وەفاتی کرد،دوای ئەوە ژنەکە منالەکانی بەجێهێشت و چووبەدوای ژیانیدا و منالەکانی چوونەلای نەنکیان،ئەم منالانە لەبەر نەمانی باوکیان و چوونی دایکیان زۆر غەمیان دەخوارد و بێزار و بێتاقەت بوون. داکیان وەك تۆلەیەك بۆیان هەفتەی جارێك خۆی بە منالەکان نیشاندەدا و بەمەیش منالەکان بەدوای دایکیاندا دەچوون بەگریان و قیژە قیژ بە ناو گەڕەکدا و داپیرەیشیان دەچوو بەدوایاندا و بەهەر حالێ بێت دەیهێنانەوە ئەمە بەردەوام بوو تا مالی داپیرە لەو شوێنە باریانکرد.جاری وایش هەیە پیاو و ژنێك لەیەکتر جیادەبنەوە و کومەلێك منال بەجێ دەمێنێت کەئەوانەیش دەکەونە بەرچەپۆکی باوەژن و تەواو دەیانچەوسێنێتەوە و هەندێ جاریش دەیانکوژێ بەیارمەتی مێردەکەی. وەك دەبیستین و دەبینین لەکەنالەکانی

تەلەفزیۆنەوە.بۆیە لەهەموو بارەکاندا تەنیا زەرەرمەند و قوربانی دەر تەنیا منداڵەو بەس!!

ئەمە سەرەنجامی نەوەی تەڵاقە لەم مەملەکەتەدا،هەندێ جار لەبەرئەوە یاسای کۆمەڵگای ئێمە وەهایە کە مناڵ لەدوای جیابوونەوە دەچێتە لای باوکی کەئەمەیش گرفتە.زۆربەی ژن و مێردە جیابووەکان کەخاوەنی مناڵن لەکاتی جیابوونەوەیان منداڵەکە دەدرێ بەپیاوەکە و ئەویش راستەوخۆ دەینێرێ بۆماڵی باوکی،ئەمە زۆرجار لەژن و مێردە لاوەکاندا ئەمە رویدا وە دوای جیابوونەوەی ژن و پیاوەکە هەریەکەیان چووە بەرێگەری خۆیدا و لەم لایشەوە پیاوەکە منداڵەکەی بردووەتە ماڵە باوکی و ئەوان ئەرکی بەخێوکردنیان گرتووەتە ئەستۆ.

ئەگەر چی لەدوای تەڵاق کۆنترۆڵی هەستەکان بەئەندازەیەکی کافی لەدەست دەچێت،بەڵام بۆئەمەیش دەبێت باوک و دایکە جیابووەکان بەدوای رێگەیەکدا بگەرێن تاوەکو لەو رێگەوە پارمەتی منداڵەکەیان بدەن بۆئەوەی دابێت لەگەڵ ئەوکارەساتەی کەتێیدا نوقوم بووە و ژیانی گۆڕیوە.

ئەحمەد چەند ساڵێکە لە ژنەکەی جیابووەتەوە و خاوەنی مناڵێکی تەڵاقە،دەربارەی ئەمە دەڵێت:ئەو مناڵانە دەبێت چاودێری ورد بکرێت لەلایەن باوکیانەوە بۆ ئەوەی بەلارێدا نەرۆن و هەمیشە دڵخۆشیان بدرێتەوە،کارێك بکات کەمناڵەکە لەدەستدانی دایکی بیرچێتەوە.

دلێرصابر دەربارەی ئەمە بۆچونی وایە کە دەبێت ئەو کەسەی مناڵی تەڵاقی هەیە منداڵەکەی بنێرێتە ماڵی باوکی،لەبەئەوەی ئەوان بەباشی بەخێوی دەکەن و پەروەردەیەکی تەندروستی دەکەن

ئازاد محمد دەڵێت:ئەفسوس هەندێ لە پیاوان،ئەوانەی جیابونەتەوە لە خێزانەکانیان،هەرچەندە خاوەنی مناڵیشبن بەڵام گوێ بەوە نادەن و راستەوو خۆ ژنێکیتر دێنن ،ئەم پیاوانە کاتێك دێنە هۆش خۆیان منالەکەیان فرێداوەتە خانەیەکی بێ سەرپەرشتان کەجێگەی مناڵەکانی تەڵاقە و لەوێدا کۆبونەتەوە مانگی جارێك باوکیان سەردانیان دەکەن،لەوانەیە دوو مانگ جارێکیش بێن،ئەمانە هەمووی دەرەنجامی لەیەکتر حاڵی نەبوونی ژن و مێر دەکانەوە و بیرلەو مناڵە بێگوناهە ناکەنەوە کەهەربەمناڵی بێ بەش ئەبێت لەنازی دایك و باوکی.ئەمە چ کارەساتێکە کەبەبێرەحمانە ئەم مناڵانە بێناز دەکرێن.

وەهەروەها خالید دەڵێت:هەموو ئەم ئاوارە بوونانە بەدەرەجەی یەك ئافرەت تاوانبارە،هەرلەیەکەم جاردا کە داوای جیابوونەوە دەکات و لەوکاتەی دەبێتە باوەژنێکی دڕندە و بێ بەزەیی.

دایکی زینە: دەڵێت:تاوانبار پیاوە چونکی کاتێ جیا دەبێتەوە لەخێزانەکەی و منالەی بێ دایك دەکات.بۆچی دوای هاوسەرگیری دەکاتەوە و مناڵەکەی دەخاتە بەدەست باوەژن.لەبەرئەوە دەبێت وازلە هەندێ لەحەزەکانیان بێنن.ئەمە چۆن هەڵسوکەوتێکە کەلەگەڵ مناڵی تەڵاقدا دەکرێ.لەجیاتی دڵدانەوە و پڕکردنەوەی جێگای دایکی کەهەرگیز ناتوانێ،دەچێت ژنێکی غەریبە دێنێت و چاوەڕێیە مناڵەکەی وەکو مناڵی خۆی پەروەردە بکات.

بۆیە ئێمەیش لێرەدا چەند رێنومایییەکمان نوسیوە بۆئەوەی چۆن بتوانیت هەڵسوکەوت لەگەڵ مناڵی تەڵاقدا بکەی لەدوای ئەوەی هەست بەبێ دیکی دەکات ،بۆیە چارەسەری ئەم گرفتانە دەبێت ئەم هەنگاوانە هەڵگری:

١- تەواوی پارمەتییە جەستەیی و عاتیفیەکان تەرخان بکە بۆ مناڵەکەت:

کاتێ کەلەگەڵ مناڵەکەتدا دانیشتووی،مۆبایل،کۆمپیوتەر و رۆژنامە واز لێبێنە تاوەکو تێبگات،کاتێ ئەو ئامادەدەبێت بۆئەوەی کەلەگەڵتدا ساتی بەسەربەرێ تۆیش تەواوی ئامادەیت هەیە لەبۆئەم کارە.کەواتوو ئامادەیی تۆ لەهەموو کاتێکدا نیشانەی ئەوەیە کەتۆدەتەوێ ئاوڵخەمی گرفتی مناڵەکەتبیت و لەگەڵیدا غەمەکان دابەش بکەیت،بەشێوەیەش باری شانی سوك دەبێت و بۆماوەیەك ئەوە لەبیر دەکات.

٢- قسە بکە دەربارەی هەستەکانت:

نەکەیت وردەکاری دەربارەی تەڵاق بدەیت یان باسی نیگەرانیەکانی ماڵەوەت بکەیت،بەڵکو دەربارەی هەستەکانت قسەبکە تاکو لەورێگەیەوە زاری مناڵەکەت بکەیتەوە کە ئەویش باسی هەستەکانی بکات.

٣- بەردەوامبە لەهەوڵەکانت بۆگەیشتن بەمانە:

هەندێ جار مناڵەکان بێ دەنگ دەبن و قسەناکەن،لەبەرئەوەی نازانن هیچ بڵێن یان ئەوەی کە چۆن چۆنی بڵێن،مناڵانێك کەبەتازەی لەیەکتر جیابوونەتەوە لەوانەیە زیاتر هەست بەتوڕەی،نارەحاتی،غەمباری بکەن.لەوانەیە ئەو توانای دەربڕینی وشەیەکی گونجاوی نەبێت کە گوزارشت بکات لەو کێشەی کە نغروبووە تێیدا.

ئەگەر مناڵ خەمبار و نارەحات و دڵتەنگ هاتەبەچاو بەوەی لەگەڵ یان دایکی یان باوکی دا ژیان بەسەردەبات،دەتوانرێ چەند پرسیارێکی لێبکرێت،ئایا غەمباری؟لەبەر جیابونەوەی باوك و دایکت؟دەتەوێ دەربارەی ئەو شتەی لەمێشکتدا دەروات و دەچێت پێکەوە گفتوگۆ بکەین یان یان ئەتەوێ چەند پرسیارێ لەمن بکەیت

٤- باوك نابێت لای مناڵ گلەیی بکات:

لەوانەیە منال سەبارەت بەهەریەك لەدایك و باوکی هەستێکی پارێزگاری بەرگری هەبێت و لەترسی ئەوەی نەبادابادوك و دایکی توڕەببن و حەزنەکەن بەقسەکردن،کاتێ کە دەتەوێ هەستە ناخۆشەکانت دەربارەی هاوسەرەکەت باس بکەیت،کاتی گونجاو ئەمەیە کە لەگەڵ یەکێ لەهاورێکانت وتوێژ بکەیت نەوەکو ئەوەی کە گلەی هاوسەرەکەت لای مناڵەکەت بکەیت.

٥- کاتی لێکۆڵینەوە لە هەستەکانی مناڵەکەت مۆڵەتی بدەرێ کەتەواو راستگۆبێت:

لەوانەیە بیستنی هەندێ قسەلە بۆ دایك و باوك سەخت و ناخۆشبێت،بەڵام دروستکردنی جەوێکی راستگۆیانە کەتێیدا مناڵ بتوانێ بەبێ هیچ لێپرسینەوەیە هەستەکانی ئاشکرا بکات و بەبێ هیچ پێچ و پەنایەك تۆیش تێکەڵی نیگەرانی و غەمەکان بیت.

٦- خۆڕاگربی:

زۆربەی ئەو باوك و دایکانەی کەلەیەکتر جیابوونەتەوە ،هەریەکەیان ئەم رووداوە گرفتارو زەلیلیان دەکات،لەوانەیە مناڵانیش بکەونە ئەو تەڵەیە و ئەوچوارچێوەیە تەلبەنی دڵیان بکات.

بۆیە خۆڕاگری لەبەردەم کارەساتەکەدا وادەکات وردە وردە بەروکاڵبونەوە بچێت،بۆیە کاردانەی بەپەلە دەبێتە هۆی ئەوەی زیان بەخۆت و مناڵەکانت بگەیەنی.

خۆڕاگری وادەکات کە تۆ بەرۆحیەتیکی تێکشکاوەوە نەژیت و کاریگەریت لەسەر مناڵەکانیشت هەبێت.

د. داناعطى صالح



# چۆن ڕووبەڕووی قەیرانەکان دەبیتەوە؟

قەیران دەرەنجامی کۆتایی کەڵەکەبوونی کۆمەڵە فاکتەرێکە یاخود ڕووداوێکی کتوپڕە کە کاریگەری لەسەر پێکهاتە سەرەکییەکانی سیستمێك دروست دەكات بەمەش هەڕەشەیەکی ڕاستەخۆ لەسەر مانەوەی مەنزومەیەکی تایبەت یاخود خودی سیستمەکە دروست دەكات.

ڕووداوەکان لە قەیراندا کتوپڕ و خێراو بەدوای یەکدان وهۆکارەکانی زۆر و تێکەڵاون، بەجۆرێك بیریاربەدەست تێیدا ناتوانێت بە ئاسانی پەی بە لایەنە جیاوازەکانی و هۆکارەکانی و ئاسۆی داهاتووشی بکات، چونکە قەیران زۆرجار وادەکات کە بڕیاربەدەست لە ژێر دۆخێکی ناهەمواردا بیر بکاتەوەو لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە دوچاری قەیرانی هەڵوێستوەرگرتن ببێتەوە.

لێرەوە دەکرێت بڵێین قەیران چەند تایبەتمەندێتییەکی هەیە کە وا دەكات هەڵوێستوەرگرتن و بڕیاردان تێیدا کارێکی سانا نەبێت، دیارترین تایبەتمەندییەکانی قەیران بریتین لە:

١. کتوپڕی ڕووداوو پێشهاتەکان بەشێوەیەکی کە زۆرجار حسابیان بۆ نەکراوە.

٢. کەمیی کات لەبەردەم بڕیاربەدەستدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکە و وەرگرتنی هەڵوێست و بڕیاری پێویست و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو.

٣. دروستکردنی هەڕەشە بۆ بەرژەوەندیی یان بەهاکان، بەتایبەت کە توانای تەواو و پێویست لەبەردەستدا نەبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی قەیرانەکە.

٤. کەمی و ئاڵۆزی و ناڕۆشنیی و دژیەکیی زانیارییەکان لەسەر لایەن و ڕەهەندە جیاوازەکانی قەیرانەکە.

دوو شێوازی سەرەکیی هەیە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان:

**یەکەم: ڕێگای کلاسیکییەکان: دیارترینیان بریتییە لە:**

١. نکوڵیکردن لە قەیرانەکە یان کپکردنەوەی یان کوژاندنەوەی یاخود سووکسەیرکردنی: واتە شاردنەوەی قەیرانەکە و نکوڵیکردن لە بوونی قەیرانەکە. لێرەدا بڕیار بەدەست وای دەردەخات کە هەڵوێستێکی بەهێزی هەیەو بارودۆخەکە ئاساییە، ئەمەش لەپێناو لە نێوبردنی قەیرانەکەو زاڵبوون بەسەریدا. ئەم جۆرە لە چارەسەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان لە سیستمە تۆتالیتاری و دکتاتۆرییەکاندا باوەن ئەو سیستمانەی کە لایان نەنگە دان بە کەموکوڕی مامەڵەی سیاسییان و ناتەواوی هەڵسوکەوتیاندا بنێن. بۆیە زۆرجار ئەگەر هەزاران کەس یان ملیۆنەها ملیۆن دۆلار یاخود دەیان بەهای کلتوریی گەلانی ژێر دەسەڵاتیان تیادەچێت لە قەیرانەکاندان بەڵام ئەوان هەر لە بنەڕەتدا دان بە بوونی قەیرانەکاندا نانێن و ڕەوشەکەش بە ئاسایی وێنا دەکەن و دەنەخشێنن.

یاخود کپکردنەوەی قەیرانەکە دەکەن بە ئامرازی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، ئەویش زۆرجار بەڕێگەی دواخستنی سەرهەڵدانی قەیرانەکە دەبێت.

هەندێکجاریش بڕیاربەدەستان هەوڵی بەکارهێنانی ڕاستەخۆی هێز دەدەن بۆ

کوژاندنەوەی قەیرانەکە.

جاریواش هەیە پەنا بۆ سووکسەیرکردنی قەیرانەکەو هۆکارو دەرەنجام و کاریگەرییەکانیشی دەبەن، واتە دان بەبوونی قەیرانەکەدا دەنێن بەڵان بەهەند وەری ناگرن و وەکو پێویست هەنگاوی لەبەرامبەردا هەڵنانێن و هەوڵوێست و بڕیاری پێویستی لە بەرامبەردا ناگرنە بەر.

٢. خاڵیکردنەوەی قەیرانەکە:

هەرچی خاڵیکردنەوەی قەیرانەکەشە کە وەك ئامرازێکی ڕووبەڕووبوونەوەی کلاسیکیانەی قەیرانەکان بەکار دێت، بریتییە لە دۆزینەوەی کۆمەڵێك ڕێگەو ئاراستەی ئەلتەرناتیڤ بۆ سەرچاوە سەرەکی و لاوەکییەکانی قەیرانەکە، ئەمەش لەپێناو ئەوەی کە ڕێگەگەلێکی جیاواز وەك ئەلتەرناتیڤ بدۆزرێتەوە بۆ هەڵمژینی تەوژمی قەیرانەکەو کەمکردنەوەی مەترسییەکانی.

خاڵیکردنەوەی قەیرانەکان بە سێ قۆناغ دەبێت: یەکەمیان قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەو پێکدادانی توندە لەگەڵ هێزە پاڵنەرەکانی قەیرانەکە بۆ زانینی ئاستی بەهێزی و توندو تۆڵیی ئەو فاکتەرانەی کە قەیرانەکەیان دروستکردووە. دووەمیش بریتییە لە قۆناغی دانانی ئەلتەرناتیڤ لە شێوەی ئامانجدا، لە سۆنگەی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەی کە لە قۆناغی پێشوودا ئەنجام درا. هەرچی قۆناغی سێیەمیشە خۆی لە دانوستاندا دەبینێتەوە لەگەڵ لایەنەکانی قەیرانەکە بۆ گونجاندنێکی گشتگیر و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ هەموو لایەنەکانی قەیرانەکە.

٣. دابڕینی لایەنەکانی قەیرانەکە: ئەم ڕێگەیە بریتییە لە دیاریکردنی لایەنەکانی دروستکەری قەیرانەکە و دابڕینیان لە یەکتری و لە ئاراستەی قەیرانەکە و لایەنگرانیشیان، ئەمەش لە پێناو ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەو فراوانبوونی قەیرانەکەو پاشان ئاسانبوونی مامەڵەکردن لە گەڵیداو دواتریش چارەسەرکردنی و زاڵبوون بەسەریدا.

بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە هەموو قەیرانێك بارێکی تایبەتی هەیە کە جۆری مامەڵەکردنیش تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ خۆیدا دیاریی دەکات.

**دووەم: ڕێگا نوێیەکان:**

ئەمیش چەند ڕێگایەکن کە لەگەڵ سەردەمی ئێستاو گۆڕانکارییەکانی گونجاون، دیارترینیان:

١. ڕێگەی گروپی کار: واتە هەڵاوێرکردنی زانیاری و داتاکان لەسەر لایەن و فاکتەرە جیاوازەکانی قەیرانەکە لە لایەن چەند پسپۆڕێکی تایبەتەوە، لە پێناو دیاریکردنی مامەڵەی گەنجاو لەگەڵ هەر یەکێك لەو فاکتەرانە.

ئەو پسپۆڕانە ئەکرێتە هەمیشەیی بن، ئەشکرێت کاتی بن و تایبەت بن بە قەیرانێکی دیاریکراو.

٢. ڕێگەی ئامادەکاریی پێشوەختە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەرانەکان: ئەویش بەرێگەی دیاریکردنی خاڵە لاوازەکان و سەرچاوەی قەیرانەکان و وەرگرتنی ئامادەباشیی پێویست بۆ خۆپاراستن لە ڕوودانیان یان ڕووبەڕووبوونەوەیان لە کاتی ڕوودانیاندا وەکو پێویست.

٣. ڕێگەی بەشداریکردنی دیموکراسییانە: کاریگەرترین ڕێگەیە، بە تایبەت کاتێك قەیرانەکان پەیوەست دەبن بە خودی مرۆڤەوە، ئەویش بەوە دەبێت کە بەشێوەیەکی شەفافانە دان بە بوونی قەیرانەکەدا بنرێت و هەوڵی چارەسەری بدرێت و بەشداری بە لایەنە جیاوازەکانی بکرێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ قەیرانەکە.

٤. ڕێگەی تەوقدان یان ئیحتیواکردنی قەیرانەکە: واتە هێشتنەوەی قەیرانەکە لە بوارێکی بەرتەسك و سنووردراردا، لە ڕێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بە قەیرانەکەوە.

٥. ڕێگەی خاڵیکرنەوەی قەیرانەکە لە ناوەڕۆکەکەی: ئەمە یەکێکە لە سەرکەوتووترین ڕێگاکانی چارەسەرکردنی قەیرانەکان، چونکە هەموو قەیرانێك ناوەڕۆکێکی دیاریکراوی هەیە سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئابوری یان کلتوری یاخود ئاینییە. ئەویش بەرێگەی لاڕێبردنی ئامانجەکانی پشت قەیرانەکە دەبێت بۆ مەسەلەگەلێکی لاوەکی و پاشان لاوازکردنی تەوژمی قەیرانەکە.

زۆرن ئەو ڕێگایانەی کە دەکرێنە هۆکار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان، جا قەیرانی سیاسی بن یان ئابوری یاخود کلتوری یان سەربازی، بەڵام پێویستە بڕیاربەدەستان بەوریایی مامەڵە لەگەڵ ئاست و لایەن و ڕەهەندەجیاوازەکانی قەیرانەکان بکەن و هەوڵ بدەن جۆرە ڕێگایەك بۆ ووردی بۆ چارەسەریان هەڵبژێرن کە لە گەڵ سروشتی قەیرانەکەدا بگونجێت و قەیرانەکە تەشەنە نەکات بەشێوەیەك کە چارەسەرکردنی ئاسان نەبێت.

هیچ قەیرانێك لە بۆشاییدا لە دایك نابێت بەڵکو کۆمەڵێك پێشەکی و هۆکاری هەیە کە دواجار لە شێوەی قەیراندا دەرەنجام و لێکەوتەکان دەهێننە بوون، واتە قەیرانەکان دەرەنجام و زادەی کەڵەکەبووی کۆمەڵە گۆڕاوێکن کە پێویستە بە وردی و وریایی و خێرایی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، چونکە قەیرانەکان کتوپڕ تەشەنە دەکەن، کاتیش لەبەردەم بڕیاربەدەستدا کەمە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان هەر بۆیە زانیاری تەواویش لەسەر ڕەهەند و لایەنە جیاوازەکانی کەم و لاوازن، واتە نا ڕۆشنن و وێنەکە بە تەواوی پیشانی بڕیاربەدەست نادەن.

ماوەتەوە بڵێین قەیران گەر لە پێشەکییەکانیدا پێشینەیەکی هەبێت ئەوا لە دەرگەوتن و بڵاوبوونەوەی کاریگەریەکانیدا کتوپڕو خێرایە، هەر بۆیە ڕووبەڕووبوونەوەی بە نەهێیشتنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دەبێت.

زۆرن ئەو قەیرانانەی کە هەرێمی کوردستان هەنوکە بەدەستیانەوە دەناڵێنێ و چارەسەری گونجاویان بۆ نەکراوە، جە لەسەر ئاستی سیاسی بێت یان دامەزراوەیی یاخود ئابوری و کۆمەڵایەتی و تاد.

لە کۆتاییدا پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بڕیاربەدەستانی هەرێم لە هەوڵی ئەوەدابن کە لەسەر ئاستی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و لەسەر ئاستی حکومەت و پەرلەمانیش دەزگاگەلێکی پسپۆڕی تایبەت دابمەزرێنن بۆ دیراسەکردنی قەیرانەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی کێشەکان بۆ ئەوەی نەبن بە قەیران، لە کاتی بوون بە قەیرانیشیاندا چارەسەرو ئەلتەرناتیڤی گونجاو بە دیراسەی ئەکادیمیو زانیاریی ڕوون و داتاوە بخەنە بەردەم بڕیار بەدەستان بۆ ئەوەی بەردەوام لە دووای ڕوداوەکانەوە نەبین بەڵکو پێش ڕووداوەکان بکەوین و خاوەی کارو پڕۆژەو دەستپێشخەری بین نەك کاردانەوەو ئەکتەری دوای ڕووداوە گرنگەکانن بەتایبەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کە گەلەکەمان و ناوچەکەش بە قۆناغێکی هەستیاردا گوزرە دەکات.



بەهەشت عەلی
بەشی دووەم

# كلیلەكانی بەختەوەربوونی خێزان

بەدەستهێنانی كلیلەكانی دڵی پیاو سەرچاوەیەكی ئاڵتونی و هەڵقوڵاوی خۆشبەختی و ئاسودەیی و ئارامیشە ، هەموو كۆسپ و بەڵا ئاسنیەكانی ژیانی هاوسەری ئەپسێنێ بە بوون و تەواوكەر و یاریدەدەری ئافرەت !!

جا بۆ ئەوەی سیسیلەی ژیانی هاوسەری لە روبەڕوبونەوە سلبیەكان سڵ نەكاتەوە و تەواوی ئەگەرە روخێنەرەكان هەڵوەشێنێتەوە و دنیایەك پڕ لە سیماو پروشەی ئەوینی ئەرخەوانی بە دەست بهێنێت (بە هاوكاری ژن بۆ پیاو و پیاو بۆ ژن پێویستمان بەمامەڵەكردنێكی ئەوین ئامێزە تا دكتۆرای بەختەوەری بەدەست بهێنێت زیرەك و بە توانا و لێهاتوش ئەو كەسەیە كە كلیلە دەستكەوتوەكانی دڵی پیاو بەكاربهێنتێتەوە بۆ بەدەسخستنی كلیەكانی دڵی ژن كە ئەمانەن :

**١-** جوان هەڵسوكەوتكردن لە گەڵیاندا نین:

خوای گەوەرە دەفەرموێ (و عاشرهن بالمعروف) واتە بەجوانی هەڵسوكەوت بكەن لەگەڵ ئافرەتاندا ، بە پێچەوانەی پیرۆزی ئەم ئایەتەوە رۆژگاری ئەمڕۆ سەردەمی زوڵم كردنە لە ئافرەت ، ئافرەت تیایدا نوقمی نەزانین بووە (نەزانین لە هەڵسوكەوت لەگەڵ ئایەتەكان و دابونەریت لەگەڵ خوای گەورە ، نەزانین لە چۆنیەتی داواكردنی مافەكانی بە پێیی شەریعەتێك كە ئارامی بۆ بهێنێت) هەۆ ئەم نەزانینەشە وای لێ كردووە بێ ئاگا بێت لە زۆرێك لەو زوڵمانەی بە ئاشكراو و پەنهانی لێی دەكرێت ، بێگومان ئافرەتانێكیش پەیڕەوەی ئەم ئایەتانە بن هەرگیز نەفەس و ئاهی زوڵم بە گەرویاندا نایەت ، جارێكی تریش خوای گەورە روو لە پیاوان دەكات و دەفەرموێت (اتقوا الله فی النساو) واتە (لە خوا بترسن لە هەڵسوكەوت و مامەڵەتان لەگەڵ ئافرەتاندا) چونكە سەرەنج و تێڕوانینی پیاوان جیاوازن دەربارەی ئافرەت ، وەك هەندێكیان دەڵێن ئافرەت وەك شەیتان وایە و پەنا دەگرین بە خوا لە شەڕی شەیتانەكان ، هەندێكیشیان دەڵێن ئافرەت وەك رێحانە وایە هەموو كەسێك ئارەزووی بۆنی رێحانە دەكات .

**٢-** یارمەتیدانی لەلایەن پیاوەوە : لە گوێڕایەڵی و پەرستشی خوای گەورە و فێربوونی زانست و زانیاری و بە ئاگا هێنانەوە و رێنیشاندانی بۆ رێگای راست و رێگری لێكردنی لە رێگای چەوت و هەڵەكان ، پێغەمبەر درودی خوای لێبێت دەفەرموێت: (رەحمەتی خوا لەو پیاوەی بەشەودا هەڵدەستێ بۆ شەو نوێژ و ژنەكەشی خەبەر دەكاتەوە ، ئەگەر هەڵنەستا كەمێك ئاو ئەپرژێنێ بە دەم و چاویدا و هەروەها رەحمەتی خوا لەو ئافرەتش بێت كە بەشەودا هەڵدەستێت بۆ شەونوێژ و مێردەكەی خەبەر دەكاتەوەو ئەگەر هەڵنەستا كەمێك ئاو بپرژێنێت بە دەم و چاویدا).

**٣-** لە ئەستۆگرتنی خەرجی ماڵ و رەزیلی نەكردن و دابین كردنی خواستەكانی خێزان : چونكە وەك دەزانین زۆربەی كێشەكانی خێزان و تەنانەت یەكێك لە هۆكارە سەرەكیەكانی جیابونەوەی خێزانیش بە هۆی رەزیلی پیاوەوەیە لە خەرج نەكردن و مەسرەف نەكردنی بژێوی رۆژانەو دابین نەكردنی پێداویستیەكانی ماڵ و خێزان ، بۆتە مۆتەیەكی ترسێنەر لە لێكترازان و

بچڕانی شـیرازە و نەمانـی بەختەوەری و ئاسودەیی زۆرێك لە خێزانەكان ، پێغەمبەر درودی خـوای لێبێـت دەفەرموێ (دینارێك سـەرف بكەی لـە رێگای خـودا و دینارێك خەرج بكەی لە پێناو ئازادكردنی بەندەیەك و دینارێك ببەخشی بە هەژارێك و دینارێك خەرج بكەی بـۆ خێزانەكەت ، گەورەترین پاداشـتیان لای خوای گـەورە ئەو دینارەیە كە بۆ ماڵ و خێزانەكەت سەرف دەكەیت).

٤- خۆجوان كردن و خۆبۆنخۆشـكردن : خـۆ رازاندنـەوە خـۆ جوانكـردن و گرنگیـدان بـە خۆ و خۆبۆن خۆشـكردن هۆكاری سـەرەكین بـۆ راكێشـانی دڵەكان و هۆگـر بونیـان بە یەكتـری و تەبایی و بەختەوەریەكـی جـوان و عاتیفانـە بینا دەبێت لە نێوان خێزانەكاندا ، ئیبن عەباس دەفەرموێ ( من حەز دەكەم خۆ برازێنمەوە بـۆ خێزانەكەم هەر وەك چۆن حەز دەكەم ئەو خۆیم بۆ برازێنێتەوە).

٥- پاراسـتنی نهێنیەكانـی نێوانیـان: سـەرەكیترین هـۆكار بۆ بەدەسـتكەوتنی كلیلەكانـی دڵـی ئافـرەت باسـەكردنی نهێنیەكانـی نێوانیـان و پاراسـتنیانەوە بەدەسـت دێـت بـە تایبەتـی ئەوانـەی پەیوەندیان بە ژیانی تایبەتی هەردوكیانەوە هەیـە ، پێغەمبـەر درودی خـوای لێبێت لەعنەتـی كردووە لەو هاوسـەرانەی نهێنی تایبەتـی ژیانـی خۆیـان لای خەڵكی باس دەكـەن ، چونكـە هـۆكاری سـەرەكیە بۆ بلاوبونـەوەی فەسـاد و بـەد رەوشـتی و خیانەت ، لەوانەیە بگاتە گوێی كەسـانێك كـە دڵیان نەخۆش بێت و نەچوبێتە ژیانی هاوسـەریەوە بە بیسـتنیان بیـرو فكریان خەیاڵـی حـەرام دەیدەپۆشـێت و هانیـان دەدات بۆ بەجەسـتەكردنی ئەو نهێنیانەی لە ژیانی تایبەتی دوو هاوسـەردا رودەدەن لە رێگەی حەرامەوە .

٦- رێزگرتنـی كەسـوكاری ژن لـە لای پیـاو : پارمەتیـدان و بەدەمـەوە چوون و رێزگرتنی كەسوكاری ژن و جیاوازی نەكردن لەگـەڵ كەسـوكاری خۆیـدا پەیوەندیەكی بەهێز و تۆكمە دروست بێت لە نێوان ژن و پیاو و خێزانەكانیـدا ، ئەمەش كلیلێكی شاراوەی بەختەوەر بوونە ، بە دەستهێنانی زۆر ئاسـانە بـەلام بە داخـەوە زۆرێك لە پیـاوان لـەو پەیوەندیانـەدا زۆر سـاردن و هیـچ گرنگـی پێ نادەن ، ئـەوەش جگە لەوەی بچڕانی سیسـیلەی رەحمە لە هەمان كاتیشـدا گلەیـی و گازنـدەی ژن و ناكۆكی نێوان خێزان دروست دەبێت ، ئەم كێشەیە و ناكۆكیانـە بە درێژایـی رۆژگار گەورەتر دەبێـت و بەختەوەریش كەمتـر دەبێتەوە تـا كاتـێ دەبینێ هیـچ خۆشـگوزەرانی و بەختەوەر بونێك لە نێـوان خێزاندا بونی نەماوە.

٧- لێبوردەیی و چاوپۆشین: لێبوردەیی و چاوپۆشی بناغەی سەرەكی پێكەوە بوون و بـەردەوام بوونی ژیانێكی هەمیشـەیی و نەبڕاوەی پڕ لە عیشق و ئەوین و كامەرانی و بەختەوەریە ، لێبوردن لە هەڵەكانی نێوان هاوسەران و پشـتگوێ خستن و چاوپۆشین بەرهەمی هاوسـەری زۆرێك لە خێزانەكانی بە پیت و سەوز كردووە ، بەرەو هەوارێكی نەمر و بەهەشـتێكی نەبڕاوەی بردون و بە پێچەوانەشـەوە ئەو خێزانانەی كە رێژەی لێبـوردن تیایانـدا سـفرە لـە دۆزەخێكی سـەر زەویـدا دەژین ، و سەرەنجامیشـیان جیابونەوەیـە یان بەرهەمێكـی پوچەڵە ، بە راسـتی جیاوازی نێوان خێزانی ئاسـایی و خێزانـی بەختـەوەر ئەوەیە كە لێبوردن سـەرۆكە لەو خێزانانەدا هەمیشـە فرمانی چاوپۆشین لە هەڵەكانی نێوانیان دەكات .

٨- پەیوەسـت بوون بە پەروەردەكردنی منداڵەكانی بە هاوكاری ژنەكەی :

كـورد دەڵـێ (چەپڵـە بە یەك دەسـت لێنادرێـت) بە راسـتی زۆر جوانە پیاو بە خێزانەكـەی بڵێ بـا كاتژمێرێكـی هەموو رۆژێـك یان شـەوێك بـۆ پەروەردكردن و ئاشـناكردنی دابونەریت و خـوە جوانەكان بـە منداڵەكانمان تەرخان بكەیـن لە پێناو دابینكردنی بەختەوەر بوون بۆیان ، كاتێك منداڵەكانیش ئەم بەختەوەر بوونە لە نێوان دایـك و باوكیانـدا دەبینن كە لـە هەوڵی بەدەسـتهێنانی سـەرفرازیدان بۆیـان و بۆ رێنمونیان و چارەسـەركردنی كێشـەكانیان بەمـەش منـداڵ زیاتـر هۆگـر دەبێت بە خێزانەكەیـەوە و لـە كاریگـەری خـراپ و دەرەكیـەكان بـەدوور دەبێ و رەوشـتی پارێزراو دەبێت.



# چاوی ئەوین

رەئوف شوانی

دایە ڕوناكی ژینم
سۆمای چاوی ئەوین
خەندەت پڕ لە جوانیە
هێمای كامەرانیە
شادی ڕوم سۆزی تۆیە
ناوی پیرۆزی تۆیە
لە عیشقی تۆ گەشبینم
ئاسودەیی ئەبینم
حەز ئەكەم لەگەڵما بی
هەردەم لە خەیاڵما بی
ڕوحم بێتە قوربانت
بۆ ڕۆژانی پرژانت
ئەمێستاش وەك منالێ
لێو ڕێژم لە عەودالێ
تامەزروی لای لایەتم
بوە بە هیوایەتم



# بریقەی دانایی

کامران عبدالرحمن

ئەڵقەی سێیەم

## دانایی و چاکە ( فەزیڵەت )

فەزیلەت لەنێوان خەڵکدا لەسەر فەرشێکی سادە و ساکار دادەنیشێت ، بەڵام سەرکەشی گرانترین کورسی یەکەم دەزانێت و ، ئەگەر سەرکەشی بەبڕێك بجولێنێت ئەوا وێنەی گۆمەزەیك پێچەوانە پیشان دەدات ، دەتوانین فەزیلەت بەئاسمان بچوێنین ئەوکاتەفەزیلەت بەرەو ئاسۆکان دادەبەزێتە خوارەوە .

نەزانی مرۆڤ دەبات بەرەو سەرکەشی و دانایی مرۆڤ دەبات بەرەوفەزیلەت ، سەرکەشی دەروازەیەکی غەیر شەرعی نەزانی یە بەڵام فەزیلەت کوڕی شەرعی داناییە ، سەرکەشی پشتیوانی پاکتاوکردن و پایە ماڵ کردن دەکات ، بەڵام فەزیلەت پشتیوانی ئازادی و یەکسانی دەکات سەرکەشی لەیەکە کوشندەکاندا دەگەڕێت و لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر هاوتا پەیداکردن ، بەڵام فەزیلەت ئەوەیە لەنێوان گەلدایە و لێوان لێوی دەکات لەخۆش بەختی و لەبەرئەوە فەزیلەت هاوتا و هاوەڵی خۆی دۆزیوەتەوە .

دەڵێن " بەڕاستی کاری چاکە بەهێز و بەزۆرلێکردن ناکرێت " ئەمەقسەیەکی ڕاستە ، هەروەها گەورەیش بەهێز و زۆر ناکرێت .نمونەی ئەم کارانەش ویژدانی گشتی دیاری دەکات .

کەسی گەشبین هەمووشتێك بەچاك و باش دەزانێت ، بەڵام کەسی ڕەشبین هەمووشتێك بەخراپ دەبینێت ، هەردوو تێڕوانینەکە هەڵەیە ، چونکە لێکۆڵەرەوە لەحەقیقەت چاك بەچاك وخراپ بەخراپ دەبینێت .

### ( خۆشویستن لەگۆشەی داناییەوە )

خۆش ویستن واتە ئارەزوو ڕووەو هەمووجوانیەکی مادی یان مەعنەوی ، خۆشویستنی شتەماددییە جەستەییەکان و بەدەنیەکان و ، خۆشویستنی کارە مەعنەوییەکان ڕۆحی ویژدانی دەبێت ، لەبەرئەوە خۆشویستنی جوانی ڕووکەش ئازارێکی ڕووت دەهێنێتە بوون ، چونکە ئەوجوانییە ڕووکەشە زیندوونیە ، بەڵام

خۆشویستنی کارە مەعنەوییەکان نەمرن و خاڵین لەئازار دەستکەوتنی شتە خۆشە ئاوات بۆ خوازراوەکان مرۆڤ دەبات بەرەو سەرکەوتن بەسەر هیواکاندا و سەرکەوتن بەسەر عەشقدا ، لەبەرئەوە هیوا و عەشق هەردووکیان دووباڵی ئەورۆحانەن کەلێکۆڵینەوە دەکەن و ، هەردووکیان پێکەوە بەدرێژایی ماوەی لێکۆڵینەوەکەیان پێکەوەن .

پزیشکەکان کاریگەری نەخۆشی لەرێگای هەندێ نیشانەوە دەزانن ، بەڵام نەخۆش خۆی تەنها هەست بەنەخۆشیەکەی دەکات لەبەرئەوە هیچ کەسێك خۆشەویستی حەقیقی ناناسێت جگەلەوانە کەکاریان خۆشەویستیەوە ، کەس عەشق ناناسێت جگەلەعەشقەکان ، هەروەها ئەوانەش کە جەزبە دەیانگرێت هەرخۆیان دەزانن چۆنە .هیچ کەس لەزەتی رۆحی ناناسێت جگەلە عاریفەکان ........ ئا ئەوە زانستی حاڵە . ئەگەر خۆشەویستی ئامادەبوو لەدڵیکی حەقیقی و راستگۆ دا ئەوکاتە ناکۆکی و دژایەتی مەجازییە و هەربناوهەیە ، بەڵام ئەگەرناکۆکیەکە حەقیقی بوو ئەو کاتە خۆشەویستی یەکە هەربەناوهەیە .

پاڵەوانەکانی خۆشەویستی تەنها ئەوکەسانەن کە دەتوانن جیهانی خۆشەویستی و رووناکی و خۆش بەختی بۆ دوارۆژ دابرێژن و دروست بکەن ..... هەمیشە زەردەخەنەی خۆشەویستی لەسەر لێوەکانیانە و دڵە کانیان بارەگای خۆشەویستی یە و تێروانینەکانیان بەهەستی مرۆڤایەتی گەش دەبێتەوە بە هەموو خزمەتێکی خۆشەویستی خەمزە دەکەن ........ لەهەموو هەڵاتن و ئاوابوونێکی خۆردا لەهەموو بریقە دانەوەو کۆزانەوەیەکی ئەستێرەکاندا ، پەیامەکانی خۆشەویستی دەبینن .

بەراستی گیان بەختکارانی خۆشەویستی نەفسی خۆیان بەهەستی خۆشەویستی بەرامبەر ژینگەکەیان رێکدەخەن ، تەنانەت هەڵچوون و تورەبوونیان بۆئەم کارە سروشتێکی ترس و جیدیەتی تێدایە ، لەبەرئەوە هەوڵدەدات بۆرێکخستن و راستکردنەوەی ، واتە بەردەوام سوودبەخش و بوونیاد نەر دەبێت .

( چاپکراوەکان لەگۆشەی داناییدا )

چاپکراوەکان تەرجەمەن بۆ هەستەکانی میللەت و پێشەوان بۆجەماوەر بڵاوکەرەوەن بۆ بیرو بۆچوونەکان بڵاوکردنەوەی فیکرەکانی میللەت ، بەڵام لەسەردەمی پاکتاوکردندا نابێت و دروست نابێت ، ئەوەی دروست دەبێت لەسەردەمی رەهادا ، دیلیە یان خەڵەتاندنە .لەسەر هەموو سەر نووسەرێك پێویستە کەلەقسەو هەڵسوکەوتیدا خاوەن ئەدەب بێت ، پاك و بێگەردبێت لەنووسینەکانیدا ، ئەگەرنا دەبێت بەهۆی زەرەرو زیانێکی خولقاو لەپێناوی ئەو سوودانەدا کەلەوەهمیدان .

ئەومیللەتانەی کەنووسەرەکانیان و دانەرەکانیان ناتوانن ئەوبیر و بۆچونانە بنووسن کەدەربرین لەهەست و بیری میللەتەکەیان دەکات ....... نموونەی ئەم میللەتانە میللەت گەلێکی دیلکراون تەنانەت ئەگەر دامەزراوەی چاپەمەنیەکانیان دامەزراوەیەکی کراوەش بێت بۆهەموو فیکرە راست و ناراستەکانیش ئەگەر وانەبێت پێویستە بەپێی داواکارییەکانی میللە ت و رۆحی ئەو میللەتە رێکخرابێت .

پێویستە لەسەر رۆژنامەکان و بەتایبەت کەناڵەتەلەفیزیۆنیەکان دورکەونەوە لەخزمەتکردنی ئارەزووی کەسەکان و بەرژەوەندییەکانی ئەوکەسانەو رووبکەنە یەك ئامانج کە ئەویش رێنمایی کردنی میللەتە .

سەرپەرشتی کار خۆی خاوەنی داناییە و ، بەنسبەت بەرزی و باڵایی داناییە بەسەرفەلسەفەدا بەهەمان شێوە دانابەرزتر دەبێت بەسەر فەیلە سوفدا...... ئەوبەرزییەش ئەوەندە گەورەیە دەگاتە پلەیەك پێوانە ناکرێت .

کەوابوو ئەرکی هەموو مرۆڤێکی خاوەن بیر و ژیر ئەوەیە هەوڵی گەیشتن بەوراستیانە بدات کەمانا بەژیان دەدەن و وەڵامی پرسیارە ئاڵۆزەکانی ناخی مرۆڤ دەدەنەوە ، چونکە ئێمە جیالەزیندەوەرەکانی تر ئەوئەرکەمان خراوەتەسەر و هۆکار و وەسیلەی دۆزینەوەی راستیەکانمان پێدراوە بێگومان لەسەریشی لێمان دەپرسرێتەوە ، کورت ترین رێگاش بۆدۆزینەوەی ئەوراستیانە باوەرهێنانە بەوراسپاردە خواییانەی لەپەیامی پێغەمبەراندا دووپاتکراونەتەوە ، بەڵام ئیمانێك لەقەناعەت و بەڵگەوە سەرچاوەی گرتبێ نەوك تەنها چاولێکەری و تەقلیدی بێت .

هەموو ئەوانەی کە خاوەنی رۆحی روونن و جەمسەری دڵانی رووناکن و دارای ژیری و رۆشنایی بەخش و ، رووی رواڵەتی راستیان دیوا و دەرکردووە و بەرەو ناوجەرگەی حەقیقەت رۆیشتوون ، شەرەف مەندی لەخوا نزیك بوون شایەتی لەسەر ئەوە دەدەن بوونی جوانی و قەشەنگی و لەرادەبەدەر لەبەدیهێنان و دروستکردنی هەمووشتێکدا ، دەری دەخات کەتەنها دروستکەرێکی خاوەن ( دانایی رەهاو بێ سنورە ) کە خاوەنی ئەم داهێنان و نەخش و نیگارە بێ وێنانەیە .

کەواتە:

لەهەموو جیهاندا ، هەواڵی لەمە راستتر و ، کێشەی لەمە حەقتر و ، راستیەکی لەمە روون و ئاشکراتر نی یە !

دنیا کێڵگەیەو .........

حەشر خەرمانە و ......

بەهەشت و دۆزەخیش گەنجینەی داهاتەکانی ئەوکێڵگەو خەرمانەن .

( سبحانك لاعلم لنا إلا ماعلمتنا إنك أنت العليم الحليم )

سەرچاوەکان:


١-عادل شاسواری/ماریفەت/٢٠١٠ / لا(١١٤— ١١٦).

٢-سەعیدی نورسی (بدیعوزەمان)/ سەرجەم پەیامەکانی نور/بەرگی یەکەم/ ووتەکان/فاروق رسول یەحیا کردویەتی بەکوردی/ چاپی دووەم ، ٢٠٠٦/لا(١١٩ — ١٢٠).

٣-محمد فتح الله گولەن/(تەرازووەکان یان رووناکیەکانی سەر رێگا/وەرگێرانی حەسەن حەمەکریم/چاپی یەکەم،٢٠١٠/لا(١٣٦ — ١٣٧ ، ٢٠٩ — ٢٣١).

٤-عبدالجبار حمە فرج/لوقمانی حەکیم و ئامۆژگاریەکانی/چاپی دووەم ٢٠١٢،/لا(١٠-١٣)



# مێروولەش وانەبەخشە

ئامادەکردنی: هیوا بلباس

سەرکردەی ناوداری مەغۆلەکان (تەیمور لەنگ) لە یەکێك لە جەنگەکاندا سەرەتا دووچاری شکستێکی سەخت بوویەوە بەجۆرێك بووە هۆی داڕوخانی ئومێدو ورەی خۆی و سوپاکەی و نزیك بوو پاشەکشێ لە ئامانج و ئاواتەکانی بکات. کاتێك دوور لە سەربازەکانی و لەنزیك تاشەبەردێك بە دڵتەنگی دانیشتبوو و بیری لەو بەڵاو مەینەتیە دەکردەوە کە بەسەریان داهاتبوو، ئەو لەو خەیاڵانە دابوو بینی مێروولەیەك هەندێ خۆراکی هەڵگرتووەو هەوڵدەدات بەسەر ئەو تاشەبەردە ساف و لوسەدا سەربکەوێت کە لە بەرامبەریدا بوو. بەڵام هەرچەند جارەی قۆناغێك دەبڕێت و چەند هەنگاوێك بەرز دەبێتەوە، توشی هەڵخلیسکان دەبێتەوەو دەکەوێتە خوارەوە سەر زەویەکە، دووبارە خۆراکەکەی هەڵدەگرێت و جارێکی تر هەوڵدەداتەوە بەڵام بەهەمان شێوە دەکەوێتەوە خوارەوە، هەر ئاوا بەردەوام بوو(تەیمور لەنگ) یش بەسەرسوڕمانەوە سەیری دەکرد تا چل جار هەوڵ و کۆششی بۆ ژمارد ئینجا لە دواجاردا توانی زاڵ ببێت و بەسەر تاشەبەردەکەدا سەربکەوێت. لێرەوە(تەیمور لەنگ) بانگی سەرباز و پێشەواکانی سوپاکەی کرد تا سەیری مێروولەکە بکەن و تەواوی سەرگوزشتەکەی بۆ گێڕانەوە، ئەمەش بووە وانەیەکی بەهێز و کاریگەر بۆ گشتیان بۆیە هەڵسانەوەو خۆیان کۆکردەوەو سوپاکەیان ڕێکخستەوە ئەنجا بە ویستێکی تازەو بەورەیەکی بەرزەوە چوونەوە ناو جەنگ و چەندین سەرکەوتنیان بۆخۆیان تۆمار کرد.

**جا هەموو چیرۆك و بەسەرهاتێك وانەی خۆی دەبەخشێت ئێمەش لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامانە:**

١- گەورەیی و شکۆداری ئەوە نیە کە قەت توشی شکست نەبیت، بەڵکو ئەوەیە تۆ دوای هەر شکست و دۆڕانێك دووبارە هەڵسیتەوە.

٢- هیچ کەسێك ناتوانێت سەرکەوتن و بردنەوە بۆخۆی قۆرغ بکات و لەسەرخۆی تاپۆی بکات، بەڵکو ئەوکەسە براوەیە کە نرخەکەی بدات.

٣- کاتە سەخت و قورسەکان بەردەوام و درێژخایەن نابن، بەڵام ئەوە تەنیا کەڵەپیاوە بەهێز و خۆڕاگرەکانن کە گۆڕەپان بەجێناهێڵن و بەردەوام دەبن.

٤- کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ڕێگات وەکو پایەو پلیکانە بەکاربێنە بۆ بەرزبوونەوە بەسەریداو گەیشتن بە سەرکەوتن.

٥- ئەگەر هەرجارێك دووچاری شکست بوویت یەکسەر هەڵسایتەوەو کارتکرد ئەوا دڵنیابە بەرەو شکۆمەندی بەڕێوەی.

٦- تەنیا ڕێگا بەرەو بردنەوەو سەرفرازی درێژەپێدانە بە کارکردن بەهەموو هێزو تواناوە تا کۆتایی.

٧- هیواو ئومێد لاواز دەبێت بەڵام لەنێو ناچێت، لەبیریشت نەچێت کە گەشتی هەزار میل بە یەك هەنگاو دەست پێدەکات.

٨- لە یەکێك لە خاوەن ئەزموونە سەرکەوتووەکانیان پرسی کۆڵنەدان چی دەگەیەنێت، ئەویش وەڵامی دایەوە بەوەی کە لێبڕانی و نەپسانەوەیە بۆ کارکردن لەگەڵ دووبارە کردنەوەی هەوڵ و کارەکان.



# گومان

د.رێدار محمد امین پسپۆڕی نەخۆشیە دەرونیەکان
Redar_moh@yahoo.com

سەرەتا دەبێت باس لەو راستیە بکەین، کەوا مرۆڤ تێکەڵەیەکە لە چەند سیفاتی سەلبی و ئیجابی وەك ( ئازایەتی ، بەخشندەیی ، لێبوردەیی ، رێزگرتن ، یارمەتیدان ، .... هتد ) بەرامبەر بە (رژدی ، ئیرەیی ، ترسنۆکی ، .... هتد) ئەم سیفاتانەش رێژەییین و لە مرۆڤێك بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێن ، هەر کاتێکیش لە ئاستی سروشتی لایاندا ، ئەوا بە گرفتی دەرونی دادەنرێن ، رەنگە یەکێك پرسیاری ئەوە بکات ، سیفاتە سلبیەکان هەمیشە گرفتن ، بەڵام بۆ سیفەتی ئیجابی گرفت بێت؟

لە راستیدا هەر یەك لەم سیفاتانە لە سنوری خۆی تێپەڕ بکات ئەوا گرفتە ، چونکە گرفتی دەروونی بەوە دەناسرێتەوە ، کەوا کەسەکە کێشە بۆ خۆی یان کەسانی دەوروبەری دروست دەکات ، ئەگەر ئازایەتی یان بەخشندەیی لە رادەی خۆی تێپەڕ بێت، ئەوا مانا راستەقینەکەی خۆی لە دەست دەدات و دەبێتە شەرانگێزی ، لێبوردەیی لە رادەی خۆی تێپەڕ بکات دەبێتە بێ هەڵوێستی ، رێزگرتن دەبێتە شەرم ، ... هتد.

بەم شێوەش لە هەموو مرۆڤێکدا گومان هەیە و ئەگەر کێشە بۆ خۆی یان کەسانی دەوروبەر دروست نەکات ئەوا ئاساییە ، بەڵام ئەگەر ئەم گومانە بووە بڕوایەکی چەسپاو و بەڵگە و سەلماندن دادی نەدا ، ئەوا دەچێتە خانەی گومانەوە .

کاتێك لە دورەوە ، یان لە دواوە کەسێك دەبینیت و وا هەست دەکەیت هاوڕێیەکی نزیکتە ، کەوا ساڵانێکی زۆرە نەتدیوە ، ئەوا یەکەم هەنگاوی گومان بردن دەست پێ دەکات ، بۆیە دەتوانین بڵێین گومان بردن یەکەم قۆناغی گەیشتن بە دڵنیاییە ، کاتێك نزیك دەبیتەوە ئەگەر ئەم کەسە بەرەو رووی تۆ هات و قسەی لەگەڵ کردی ئەوا گومان دەگۆڕێت بۆ دڵنیایی ، بەڵام ئەگەر بزیەکی کرد و رۆیشت ئەوا رەنگە هەر لە گومان بمێنیتەوە ، ئایا هاوڕێکەمە یان نا ؟ ئایا ئەو منی ناسی؟ بۆ زیاتر نەچومە پێش تا تەواو دڵنیا بم؟ بۆ ؟ بۆ؟

ئەمانە کۆمەڵێك بیرکردنەوە و وەسوەسەن کەوا گومانەکەت زیاتر دەکەن .

ئایا گومان نەفرەتە یان نیعمەتە ؟

ئەگەر گومان سەرەتای دڵنیایی و یەقین بێت ، ئەوا گەورەترین نیعمەتە ، هەر زانایەك لەهەر بوارێك لە بوارەکانی زانستدا بیەوێت بگاتە راستی زانستەکەی ئەوا دەبێت بە کۆمەڵێك گوماندا تێپەڕ بێت ، هەر زانستێکیش بە قۆناغی گوماندا نەڕوات زانست نیە و زوو دەپوکێتەوە ، گومان فێرمان دەکات چۆن دڵنیایی بسەلمێنین ، زۆرجاریش ئێمە پێویستمان بەوەیە دووبارە گومان لەسەر دڵنیاییەکان بکەینەوە ، مێژوو باسی زۆر لەو هەڵانە دەکات قوتابیەکان لە مامۆستایانی پێش خۆیان بینیوە و چاکیان کردۆتەوە ، ئەمە نیعمەتی گومانە ، ئەوانەی گومانیش دەکەن زیاتر بڕوایان بە راستی هەیە لەوانەی راستی بە بێ هیچ گومانێك وەردەگرن ، بۆیە دەبینین هەر زانایەك ، یان دانەری کتێبێك داوا لە خوێنەرانی دەکات هەڵەکانی چاك بکەنەوە و مەرج نیە ئەوەی ئەو نوسیویەتی بیروڕای رەها بێت .

## گومان لە نێوان فەلسەفە و ئایندا

رەنگە ئێمە نەتوانین بابەتێکی ئاوا قوڵ و پڕ لە گفتوگۆ لە شوێنێکی ئاوا بچوك باس بکەین ، بەڵام دەکرێ وەك پوختەیەك جیاوازی گومان لە نێوانیاندا باس بکەین ، لە فەلسەفەدا گومان لە پرسیار کردندا دروست دەبێت ، بەو مەبەستەی بگاتە ئارامی ، بەڵام زۆر جاران وەڵامەکان پرسیاری تریان لێ دروست دەبێت و بەم شێوەیەش گومان لە بازنەی پرسیار و وەڵامدا بزر دەبێت ، هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد قوتابیەکان هەوڵ دەدەن هەڵەکانی

ماموٚستاکانیان راست بکەنەوە ، بەم شێوەیە بۆ هەر وەڵامێکی ئەوان پرسیاری تر دروست دەکەن و رەنگە گەیشتن بە ئارامی ئەستەم بێت ، من پێم وایە ئەمەش هۆکارێك بێت ، کەوا بۆچی زۆر لە فەیلەسف و نوسەر و هونەرمەندە بە ناوبانگەکان کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا !

ئەوان کە نەگەیشتن بە ئارامی و لە گوماندا مانەوە ، ویستیان بە شکاندنی تەلیسمی مردن بە رازەکان ئاشنا بن ، ئەمەش جیاوازیەکی گەورە لە نێوان فەیلەسوف و پەیامبەر دروست دەکات ، چونکە پەیامبەر هیچ لەو گریمانانەی باسیان دەکات نایخاتە پاڵ خۆیی و بە بەرهەمی بیری خۆیانی نازانێت ، بەڵام فەیلەسوف پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر باس لەو راستیانە دەکات ، بۆیەش دەچێتە خانەی گومانەوە ، تەنانەت دوای گەیشتن بەو پەڕی یەقینیش ، بیرکردنەوەی فەلسەفی گومانەکان لە خانەی بیرکردنەوەی مرۆڤ ناهێڵێتەوەو لە سنوری خۆی تێ دەپەڕێت و باز دەداتە خانەی یەکەم ، پەیامبەری و قسە لەسەر خوداو ئایین و پەیوەندی بە مرۆڤەوە دەکات کەوا لە ئایندا ئەمانە شتی بەڵگە نەویستن و هیچ گومانیان لەسەر نیە ، بۆیە دروستکردنی گومان لەسەر ئەمانە بە لادەر لە ئایین ناودەبرێت و دەخزێتەوە ئەو خانە گوماناویەی کەوا بازنەیەکی داخراوە لە کۆمەڵێك پرسیار و وەڵامی بێ کۆتا .

لە ئاییندا رێگە لە دروستکردنی گوماندا گیراوە و تەنها کاری مرۆڤە ئەوە بسەلمێنێ ، وەك کاتێك ماموٚستا لە تەنە ئەندازە ، بۆ سەلماندنی بیردۆزەیەك دراو و داواکراوت دەداتێ و داوای سەلماندنت لێ دەکات ، بێ ئەوەی رێگات پێ بدات یەك گومان لە خودی ماموٚستا یان بیردۆزەکە بکەیت و دەبێت بیرکردنەوەکەشت لە خانەی هەوڵدان بۆ سەلماندن بێت ، ئەگەر لەم بازنەیە دەربچیت هیچ بە دەست ناهێنیت ؟

بەڵام لە فەلسەفەدا رێگە دراوە پرسیار گەلێکی زۆر بکرێت ، هەر لە گومان کردن لە ماموٚستا و بیردۆزە و چۆنیەتی نوسینەوە .......هتد .

بەم شێوازەی بیرکردنەوەش ناتوانین هەرگیز بیردۆزەکە بسەلمێنین ؟

گومان و داب و نەریت

یەکێك لە هۆکارەکانی زیاد کردنی گومان داب و نەریتی کۆمەڵگایە ، عەرەبی بیابان گومان لەو میوانانە دەکەن کەوا قاوەیان ناخۆنەوە و پێیان وایە بە مەبەستی خراپ هاتونە .

جگە لە کلتوریش خودی راڤەکردنی مانای رەوشت رۆڵ دەبینێت ، دیارە جیاوازیش هەیە لە نێوان پرەنسیبی ئەخلاقی و رێسای ئەخلاقی ، پرەنسیپی ئەخلاقی شتێکی نەگۆڕە ، بەڵام رێساکانی ئەخلاق دەگۆڕێن ، کۆبونەوەی خێزان لەسەر یەك سفرە لە کۆمەڵگایەك بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت ، ئەمە رێسای ئەخلاقیە ، بابایەکی بەسود بەو زوڵم لە کەس مەکە و خزمەتی خەڵك بکەو دڵسۆزی هەموان بە ئەمە پرەنسیپێکی ئەخلاقیە .

## گومان و دەروون

گومان پەیوەستە بە بیرکردنەوە و سۆزی مرۆڤ هەر کاتێکیش گومان لە رادەی خۆی زیاتر بوو ، دەچێتە خانەی نەخۆشی و بە واهیمە ( بەد بڕوایی ) دادەنرێت ، لە جۆرەکانی بەد بڕوایی ، بەد بڕوایی گوناە کردن ، زوڵم لێ کردن ، ئاماژە پێدان و باس کردن ، کوفر کردن ، نەخۆشی ... هتد .

لێرەشدا گومان و وەهم و وەسوەس تێکەڵی یەکتر دەبن !

پێویستە ئێمەش لێرەدا پێناسەیەکی وەهم و وەسوەسە بکەین و لە یەکتریان جیا بکەینەوە ، وەهم یان واهیمە بڕوایەکی هەڵەیە ، کەسەکە بە توندی گرتویەتی و هەر چەند بەڵگەی بۆ بهێنیتەوە باوەڕی پێیان نیە و رەنگە لەگەڵ ئاستی کلتوری و ئەکادیمی کەسەکە نەگونجێت ، نمونە ، کاتێك کەسێك پێی وایە کە دەچێتە دەرەوەی ماڵ لەسەر مانگ کامێرایەك چاودێری دەکات .

بەڵام وەسوەسە بریتیە لە کرداری بیرکردنەوەی بەردەوام کەوا مێشك داگیر دەکات و هەوڵ دەدەیت لە مێشکی خۆت لای بەریت و ناتوانیت ، دەزانیت ئەم شتەش بێ مانایە ، نمونە ، هەست دەکەیت دەستت بە میکرۆب پیس بووە و چەندین جار پێویستیت بە شوشتنەوەی دەستت هەیە !

## گومان و بیرکردنەوە

مەرجی سەرەکی لە بیرکردنەوە ، بریتیە لە بوونی چەند ئەگەرێك یان چەند هەڵبژاردنێك ، ئەگەر یەك هەڵبژاردن هەبوو ئەوا بیرکردنەوە نابێ واتە گومان نابێت ، بەم پێیەش داهێنان نابێت !

هەر بۆیەش ئەو قوتابیەی بە گومان شتەکان وەردەگرێت و هەوڵی دۆزینەوەی چەند رێگایەك دەدات جیاوازە لەو قوتابیەی راستیەکانی لە ماموٚستا وەردەگرێت و هەر تەنها ئەو رێگایانە دەزانێت کە ماموٚستا فێری کردووە ، یەکەمیان دەبێتە زانا و دووەمیان دەبێتە لاساییکەر !

لەکاتی بیرکردنەوەدا دوو جۆرە گومان دروست دەبێت گومانێك بۆ ئەوەی هەموو شتەکان رەت بکەیتەوە ، گومانێك بۆ ئەوەیەباشترینیان هەڵبژێری ، تا ژمارەی هەڵبژاردنەکانیش زیاتر بن بیرکردنەوە زیاتر دەبێت ، گومان قوڵتر دەبێت و بڕیاردانیش سەختتر دەبێت .

کاتێك ئافرەت شتێك باس دەکات ئەوا بە دوورودرێژی باسی دەکات بۆیە کەمترین هەڵبژاردن دەهێڵێتەوە ، بەم پێیەش کەمترین چارەسەری لایە ! بەڵام پیاو بە کورتی و پچڕ پچڕ باسی روداوەکان دەکات بۆیە زۆرترین گومان دروست دەبێت لێرەدا بیرکردنەوەی پیاو بۆ چارەسەرکردن بیرکردنەوەی ئافرەت لۆژیکانە ترە ، بەڵام لە کاتی کڕینی شتومەکدا ئافرەت هەوڵ دەدات زۆرترین جۆر ببینێت بەم پێیەش زۆرترین ئەگەر گومان دروست دەبێت .

لابردنی گومان لە پرۆسەی خوێندندا گەورەترین زیانی بەم پرۆسەیە داوە ، ئێستاکەش لە زانکۆکان سیستەمی داتاشۆ و پێدانی وانەکان ( وەك خۆی ) بە قوتابی و دانانی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە تەنها لە چوارچێوەی ئەم وانانە کەمترین هەڵبژاردنی بۆ قوتابی هێشتۆتەوە ، لەسەر قوتابی پێویستە ئەو بابەتە بخوێنێتەوە کەوا لە لایەن ماموٚستا بە شێوەی (مەلزەمە) پێی دراوە و چیتری پێویست نیە ، بەمەش گومانەکانی قوتابی کەم دەبنەوە و بیرکردنەوەشی نامێنێت !.

شتێکی تر کەوا پەیوەندی لە نێوان بیرکردنەوە و گوماندا دروست دەکات بریتیە لە جۆری گومانەکە ، بۆ نمونە کاتێك داوات لێ دەکرێت ئاو یان ماستاو بخۆیتەوە ئەوا دەخرێییتە بەردەم دوو شتی لەیەك جۆر و هەڵبژاردن لە نێوانیان ئاسانترە لەوەی پێت بڵێن ئاو دەخۆیتەوە یان نا ؟

کاتێك پێت دەڵێن لە نێوان کۆلێژی پزیشکی و ئەندازە کامیان هەڵدەبژێری ، ئاسانترە لەوەی پێت بڵێن دەچیتە کۆلێژی پزیشکی یان ناچیت ، گەشت دەکەی یان نا ، چونکە لە حاڵەتی یەکەمدا و لە نێوان دوو هەڵبژاردندا ، دوو شتی بەسودت لە بەردەمدایە ، بەڵام لە حاڵەتی دووەم لە بەردەم دوو هەڵبژاردنی یەکێکیان سەلبی و یەکێکیان ئیجابیە ، لەکاتی هەڵبژاردنی سەلبیشدا دیسان هەڵبژاردن ئاسانە ، چونکە تۆ ئەوە هەڵدەبژێری کەوا کەمترین زیانی بۆت هەیە .

**پوختەی قسان لە هەموو ئەوانەی باس کران دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا گومان:**

١- پارمەتی بیرکردنەوە و گەشەی مێشك دەدات .

٢- بیر و بۆچونی هەڵە لادەبات .

٣- داهێنان بەرهەم دێنێت .

٤- پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤ پتەوتر دەکات ، چونکە گومانی زۆر و ساویلکەیی زۆر هەردوو .....

گومان حاڵەتێکی دروستە ئەگەر :

١- گومانەکەت لۆژیکی بوو ، لە جێی خۆی بوو ، سۆزداری نەبوو ( ئەگەر گومانت لەو سەد دۆلارە کرد نەوەك ساختە بێت ، ئەوا لۆژیکە )

٢- گومان خزمەتی مەبەستێك بکات و بە هۆیەوە گومان لابچێت .

٣- لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زانستی و گەیشتن بە دڵنیایی بوو .

گومان دەبێتە نەخۆشی ئەگەر:

١- لە رادەی خۆی تێپەڕی وخۆی و کەسانی تری بێزار کرد.

٢- گومان لە پێناو گومان بوو واتە خزمەتی هیچ مەبەستێکی دیاریکراوی نەکرد.

٣- ئەگەر گومانەکە گشتگیر بوو.

٤- ئەگەر بە هیچ بەڵگەیەك لا نەچوو ، لەگەڵ ئاست و پلەی زانستی و کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی نەگونجا.



محەممەد سەروەر

# هەوڵبدە تا کۆتا هەناسەی ژیانت

ئێمەی مرۆڤ تەنها بۆ ئەوە هاتوینەتە بوون کە تاقی بکرێینەوە بۆ ژیانێکی هەتاهەتایی، ژیانێك کە پڕە لە تاقیکردنەوە، پڕە لە مرۆڤی چاك و خراپ ئەرکی ئێمەش تەنها هەوڵدانە تا کۆتا هەناسە و دانەبڕانە لە ئومێد و لە ژیان.

گرنگ نیە مرۆڤەکان باشن یاخود خراپن، ئەگەر هەموو دونیا پڕ لە تاڵی بێت پێویستە ئێمە بە ئومێد بەرێی بکەین، ئەوەش بزانین ئەوەی کە برەو بە مرۆڤەکان دەدات و سەرکەوتویان دەکات هێزی ناخیانە نەوەك هێزی جەستەیان گەر هێزی ناخت هەبێت بێگومان باشترە لە هێزی جەستە.

مرۆڤەکان بۆ ئەوەی شادومان بن پێویستە بڕوای تەواویان بە خۆیان بێت هەرگیز بێ هیوا نەبن، شادومانیش تەنها هەبوونی پارەو سامانێك نیە شادومانی هەست کردنە بەوەی کە دەژیت کە هەوڵ دەدات کە بەڕاستی هەست دەکات کە دەژی، ئەوەشمان بیر نەچێت کە تەنها مێشکی مرۆڤە کە مرۆڤ خۆشبەخت یان بەدبەختی دەکات، دەوڵەمەند یان هەژاری دەکات.

بەڕاستی ژیان بێ هەوڵدان شایەنی ئەوە نیە کە بۆی بژیت ئەگەر مرۆڤەکانیش لەیەکەم هەوڵدان سەرکەوتو بن چیتر سەرکەوتن مانایەکی نابێت.

ژیانیش وەك منداڵێك وایە ئەگەر دەتەوێت خەو نەیباتەوە سەرقاڵی بکە بە هەوڵدانی بەردەوام

تاریکترین کاتەکانی شەو ڕێك ساتەکانی پێش گزنگە دەبا هەردەم هیوات هەبێت و هەوڵ بدەین تا کۆتا هەناسەی ژیانمان.

لەدوای هەموو هەوڵدانێك کەناری دڵت بە خودا بسپێرە خۆی باشترین بەلەمت بۆ دەنێرێت.



احسان برهان الدين

ئەڵقەی یەكەم

# جوانی له ڕوانگەی ئیسلامەوە

جوانی له روانگەی ئیسـلامەوە خۆی له خۆیـدا ئامانجێك نییە، وەكـو هەندێك وا گومان دەبەن، له ئیسلامیشـدا (برناسـیە) نییە بانگەشـە بكات بۆ رێڕەوی (هونەر بۆ هونەر)یـان (جوانی بۆ جوانـی) ... بەڵكو ئـەوە هۆكارێكـی زینـدوو و كارێگەرە بۆ بـە دیهێنانی ئامانجی تر بـۆ بەرژەوەندی مـروڤ .جوانی لـە ئیسـلامدا جوانییەكی بەهاییە، بۆیە ئەو جوانییەی بەرەو بەهای ئیجابـی بچێت لە مـژدەدان ولێكۆڵینەوە و چەسـپاندن ، ئەوە جوانییەكـی داواكراوە، ئەوەشی بەرەو بەهای سەلبی بچێت ، ئەوە جوانییەكی خەڵەتێنەرە و رەتكراوەیە...

## له پشت روخساری جوانەوە

ئیسـلام ... بـە پێچەوانـەی زۆرێك لە رێبازە دەسـتكردەكان واقیعیە سەبارەت بە حوكمەكانـی لە سـەر جوانـی، وەكو چۆن واقیعییـە لە هەمـوو هەڵوێسـتەكانیدا .. هەرشتێك لە خۆیدا جوان بێت بە ناشیرین نـاوزەدی نـاكات، بەڵام تەماشـای پشـتی روخسـاری جوانیش دەكات و گرنگی نادات بە دیكۆری دەرەكی بۆ شتی رازێنراو، بەڵكو دەگەڕێـت بۆ ئەو ئامانجـەی پێی دەگات... زۆر جاریش جوانیی ڕازاوە هەڵدەوەشێتەوە و لە نێو دەچێت، زۆر جار دەبێتە ئامرازێك بە دەستی خراپەكارییەوە، خۆشەویستان و لایەنگران دەبات بەرەو مەرگەكانیان و، وەكو داوێكە بۆ ئەو كەسانەی  هەڵدەخەڵەتێن بە ڕواڵەتی شـتەكان.. ئەوە جوانییە ... بەڵێ... بـەڵام جوانییەكی هەڵخەڵتێنەرە و تایبەتە بە ڕووكەشی دەرەكی و، خراپە و گەندەڵیش لە ناویدا خۆی حەشار داوە.

## جوانی خەڵەتێنەر

ئەو ئافرەتەی بە دەرمان و بۆیە ڕوومەتی خۆی جوان دەكاتەوە، ڕاستە خۆی دەڕازێنێتەوە، لەوانەشـە ناشـیرینی ڕوومەتی بشـارێتەوە... ئـەوە گومانی تێدانییە ... لـەو كاتەدا دەبێتە خاوەنی برێـك جوانی، بەڵام ئەوە جوانییەكی هەمیشەیی و ڕاستەقینە نییە... ئەوە تەڵەیەكە شوێنە ناشیرینەكانی پێ دادەپۆشرێن بۆ ئەوەی خەڵكی بەوە قایل بكەن.

قورئـان بـە درێـژی لـە سـەر ئـەم چەمكە ڕادەوەسـتێ لە مەسەلەی جوانیدا، ئیسـلام دەیەوێت ئادەمیـزاد وریا بكاتەوە لـە جوانـی هەڵخەڵەتێنـەر، هەروەها ئەو جوانییـەی بـەرەو هەڵدێـری دەبـات، بۆ ئـەوەی ڕووبـەڕووی كەوتـن نەبێتـەوە. هەروەها لەپێناو ئەوەی هەموو موسڵمانێك ڕەخنەگرێكـی هۆشـمەند بێت ، بە باشـی جیـاوازی بكات لە نێوان ئاڵتوونی ڕەسـەن وە ئاڵتوونی قەڵپـدا، ئەوەش بزانێ هەموو شتێكی بریقەدار مەرج نییە ئاڵتوون بێت.

هەر لە ساتە یەكەمەكانی بوونەوەرەوە، ئیبلیـس پەی بـرد بـەوەی كـە جوانیی دەتوانێت چی ڕۆڵێـك ببینێت لە فریودان و لە خشـتە بردن ، بۆیە سـوێندی خوارد (فَإِذَا سَـوَّيْتُهُ وَنَفَخْـتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ (الحجر :٢٩)) الحجر\٢٩ نەوەكانیشی بڵاوەیان كرد بە هەموو لایەكی حیهانـدا بۆ ئـەوەی ڕۆڵی  خۆیـان ببینن فصلـت ٢٥ البقره ٢١٢ ال عمران٤ الانعام ١٢٢ یونس ١٢ الرعد ٣٣  ٣٧ محمد ١٤ الفتح ١٢.

## تێپەڕبوون بەرەو.... كرۆك

لـە راسـتیدا جوانـی، ئامرازێكـە بـۆ تاقێكردنـەوەی توانـای مـرۆڤ لە سـەر پشـكنین و بـژاردن.. لە سـەر تێپەڕاندنی

ڕووالەتی دەرەکی بۆ شــتەکان بەمەبەستی گەیشــتنی بــە ناوەڕۆك.. لە ســەر بێدەنگ نەبوون سەبارەت بە ڕووکەشە قەشەنگەکان و تێپەڕاندنیان بەرەو ناوەڕۆك بە مەبەستی شــارەزا بوون لە سروشــتی کالاکــە لەویٚ... لە ســەر توانا لە خــۆ قوتارکردن لە حەزو ئــارەزوو، ملکەچبوون بــۆ ڕازاندنەوەی، بۆ ئەوەی مرۆڤ کــە خاوەنی ئازادی خۆیەتی .. زیاتر کاریگەر و بەخشندە بێت، هەروەها — بــە هــۆی ئــەم خۆیەکلاکردنــەوەی — پەیوەنــدی پتە و تر بێتــەوە لەگەڵ خوای گەورە الکهف٧، الکهف ٢٨، الکهف ٤٦، الحدید ٢٠، القصص ٦٠.

تەنانەت لە سەر ئاستی گشتی، یا ن ئاستی شارستانی ، کاتێك شارستانییەکی دیاریکراو ، دەتلێتــەوە بە دەســتی هەڵوەشــاندنەوەو گەندەڵییــەوە ، دەمامکێکی جوان لە ســەر ڕووی خۆی دادەنێت و، خۆی دەرازێنێتەوە، ئــەو کارەی ڕزگاری ناکات لە وێران بوون ، چونکە لە پشــت ڕووالەتــی جوانەوە، هیچ شتێکی جوانی نییە، یونس ٢٤.

### پەیوەندی پتەو

کەواتە ئــەوە پەیوەندییەکی بەهێزە لە نێــوان ڕووالەت و کردەوە، لە نێوان شــێواز و کارکردندا لە نێوان ڕوکەشی و ناوەڕۆکدا، چونکە ئــەوەی لە ناوەڕۆکیدا جوان نەبێت هەرگیز ناتوانێت بە هایەکی ئیجابی دروست بکات، بە پێچەوانەشەوە دەبێتە داپۆشەرێکی گومڕاکەر لە ســەر خراپە و تاوانەکانی و... بارو دۆخی ڕاســتەقینەش بۆ ئەزموونەکە دەشــارێتەوە وە تووشــتی ئیفلیجی دەبێت ســەباەت بە ڕاگرتنی داڕوخان و پاراســتنی لە پووکانەوە. ٨.

### ڕێکەوت نییە

قورئانــی پیروز هەمــوو کارێکی چاکە و بەهایەکــی جــوان و چــاك نــاو دەبات، ڕێکەوتیــش نییە هەموو ئەو وشــانەی لەم بــارەوە قورئان بە کاریهێناون لە (الحســن) وە وەرگیرابێت النســاء ١٨، ٧٦، الانعام ١٥٤، الکهف ٣٠، القصص ٧٧، ٢٢ الرعد، الاحزاب ٢١، الکهف ٨٨.

### ئاماژەی ئاشکرا

پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کە پلەکانی وابســتەبوونی ئیسلامی پێکهاتوون لە چوار پلە ، دەست پێ دەکات بە ئیسلام و ، ئیمان و، تەقوا و، بە (احسان) تــەواو دەبێت کە پلەی چلە پۆپەیەو، ئەو پەڕی پابەندبوونی ئیمانییە... لەو ئاســتە مرۆڤ هیچ کارێکی بچووك یان گەورە ئەنجام نادات تاکو خۆی ڕووبــەڕووی خوای پەروەردگار نەبینێتەوە، لە ڕاستیدا (احسان) بریتی یە لە گەیشتنی ئادەمیزاد بە هەســتکردنی تەواو بە ئامادە بوونی خوای گــەورە، ئینجا وەرگرتنی ئەم زاراوەیە لە وشــەی (حســن) کە هاوشێوەی (جمال)ە ، ئاماژەیەکی ڕوونی تیایە دەربارەی ئەوەی لێرە باسی دەکەین، ئیسلام هەمیشە ئامانجی ئەوە بووە پەیوەندییە جوانییەکان لە گەردووندا پتــەو کاتەوە، هەر کاتێکیش مرۆڤی موســڵمان بگاتە ئاستی (احسان) لە پاش خۆڕاهێنانێکی دوور و درێژو بە جێهاد کردن لە ســەر ئاســتی هەموو بەرەکان، لە هەمان کاتدابەهاکانی جوانی بەهێز کردووە لە جیهان و بە دیهیناون.

### کردار و شێواز....پێکەوە

لە کاتێکدا ئێمە باســی کــرداری جوان دەکەیــن، پێویســتە — بۆ ســاتێکیش —لە یادمان نەچێت باس لە شێوازەکانی پێشکەش کردنــی بکەین ، چونکە هیــچ کردەوەیەك نییە هەڵواســراوبێت لە ئاسماندا.... نیاز و بیرۆکەکانیــش کە لە زەینــدا دەخولێنەوە هەرگیــز بە کــردەوە ناژمێردرێــن ئەگەر لە جیهانــی واقیعیدا بەدینەیــەن، ئەم بە دیهاتنەیش جێبەجێ نابێت بە پشت بەستن نەبێت بە شێوازێکی بینراو، ئەگەر جوانیش گرنگ بێــت لە کردەوەدا، بەهەمان شــێوە گرنگە لە شێوازەکەشــیدا ، چونکە ناوەڕۆك وابەســتەیە بە ڕووالەتــەوە، وەکو چۆن — لــە ڕوانگەی ئیســلامی یەوە- هــۆکارەکان پەیوەستن بە دروســتکەری هۆکارەکانەوە... پێغەمبــەری خوایش صلی الله علیه وسلم بە ڕاشــکاوی فەرموویەتی (إن الله یحب إذا عمــل احدکم عملا ان یتقنــه) واتە: خوای گەورە حــەزدەکات ئەگەر یەکێکتان کارێکی ئەنجامدا بە ڕێــك و پێکی ئەنجامی بدات، ئــەو ڕێــك و پێکی یە ش بــە دینایەت لە ڕێگەی چاکی و جوانکردن نەبێت بۆ بۆنیات و واتــا پێکەوە... بۆ خودی کارەکە هەروەها ئەو شێوازانەی پێی جێبەجێ دەکرێت..

# ببووره
# ئەی مرۆڤ !!

و: ئەسما یاسین

خــێزانــدار: بریا کەسێکی سەڵت بومایە.

سەڵت: کەی ژیانی هاوسەریم پێك بهێنایەو خۆشحاڵ بومایە.

دەوڵەمــەنــد: خۆزگە هەستم بە خــۆشحــاڵی و مێشك ســافی هــەژار بکردایە.

هەژار: خۆزگە دەوڵەمەند بومایە و ژیانم خۆش بوایە.

پیر: خۆزگە گەنجێتی جارێکی تر دەگەڕایەوە بۆم.

گەنج: خۆزگە منداڵێك بومایە و هیچ بەرپرسیاریم لە ئەستۆ نەبوایە، هەموو خەمەکانم یاریەکانم بوو.

منداڵ: بابە گیان کەی گەورە دەبم.

زیندوو: خۆزگە دەمردم و لە ژیانی دونیا ڕزگارم دەبوو .

مــــردوو: خــۆزگــە دەخــوازێــت بگەڕێتەوە بۆ ژیانی دونیا؛ ئەوەی لە دەستی چووە؛ قەرەبووی بکاتەوە.

ببورە ئەی مرۆڤ، کەی هەست بە ڕازی بوون دەکەیت؛ بزانە ڕازی بوون خشڵێکە و لە بن نایەت.

# پشووی برەو

ئا: شەیما یاسین

• گەر فنجانــێ قاوەكەت دانا و پاش ماوەیــەك گەڕایتەوە ســەری بێگومان سارد دەبێتەوە، ئەمەش بە تەواوی وەك تورە بــوون وایە، ماوەیــەك لێیگەڕێ تــا هێمن دەبیتەوە، دواتــر لۆمەی ئەو كەسانە بكە كە توڕەیان كردی.

• كاتێك دەڵێیت نیوەی كۆمەڵگا خراپە ، هەموو لێت زیز دەبن ، بەڵام كاتێك دەڵێیت نیوەی كۆمەڵگا سەركەوتووە، ئەوا هەموو پشــتگیریت دەكەن، لە كاتێكــدا هەردوو دەســتەواژەكە یەك مانایــان هەیە، بەڵام دووەمیان دەربڕینێكی ئەرێنیانەیە .

• كاتێ مرۆڤ دەگری یەكەم فرمێســك لە چاوی چەپیدا دێتە خوارەوە هۆكارەكەشــی خەمبارییە، بەڵام ئەوەی لە چاوی راستیەوە دێتە خوارەوە هۆكارەكەی بەختەوەرییە.

• گەنجێــك چووە خوازبێنــی كچێك لە باوكەكــەی ، تا بیكاتە هاوســەری ژیانی ، باوكەكە وتی وەڵامی یەك پرسیارم بدەرەوە كچەكەمت دەدەمێ، وتی كەی بانگی بەیانی دەدات، كوڕەكــە نەیزانــی ، پیاوەكە وتی شــمەكی من گرانەو مارەییەكــەی لای تۆ دەستناكەوێت.

• ئەوانەی بەردەوام پرسیارت دەكەن شایستەی ئەوەن لە دڵتدا جێگەی تایبەتیان بۆبكەیتەوە.

• لە ئافرەتیان پرسی كام پیاو لە دیدی تــۆدا چاكە ، وتــی پیاوێكــە ئامۆژگاریم دەكاو سەرزەنشتم ناكات، متمانەی پێمەو چاودێریم نــاكات، مێردەمــە و خۆی زاڵ ناكات بە سەرمدا.



• رۆژێـك پرسـیاریان لە سـەرۆك وەزیرانـی ژاپۆن كرد، سـەبارەت بە نهێنی پێشـكەوتنی تەكنەلۆژی ژاپۆن، ئەویش وتی، موچەی وەزیرمان داوە بە مامۆستا ، لەگەڵ حەصانەی دیبلۆماسی و رێز و شـكۆی ئیمپراتـۆر ، بۆیە وا پێشكەوتووین.

• جارێكیان پرسـیاریان لە دانایەك كرد، جوانترین شـت چیـە كە بینیوتـە ، وتی لەوە جوانترم نەدیوە كەسێك هەموو هەڵە و كەموكورتیەكانـم دەبینێ و سـەرەڕای ئەوەش هەر خۆشمی دەوێت.

• پیاوێك وتی : لە ئافرەتێكەوە بـووم ، ئافرەتێك فێـری كردم ، ئافرەتێكـم خـۆش دەوێـت ، ئافرەتێك مارە دەكەم ، ئەی چۆن رقم لە ئافرەت بێت.

• گـەر خێـر و چاكـەی بەردەوامت نیە بۆ دوای مردن هەوڵ بـدە گوناهـو تاوانی بەردەوامت نەبێت.

• ژیـان فێری كردم دڵـم بكەم بە شـارێك ، ماڵەكانی لە خۆشەویستی و رێگاكانی لە لێبوردەیی بێت ، جوانترین ئەندازەیی لە ژیاندا بریتیە لە بیناكردنی پردێك لە هیواو ئاوات لەسەر دەریایەك لە نائومێدی.



ئا: ئەمیر ئەحمەد عەبدولقادر



# باشترین کەس

## ئەوەیە کەڵکی زیاتر بێ بۆ خەڵکی!

سەعید تازە زانکۆی تەواو کردبوو کاتێك چوو بۆ ئەو کۆمپانیا مەزنەی کە بە هیوا بوو لەوێ کارێکی دەست کەوێ دڵی زۆر بە خێرایی لێی دەدا چونکە ئەم کۆمپانیایە بە مەزنترین کۆمپانیاکانی وڵات دەژمێردرێ و، خاوەنەکەشی لە هەموو دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەند ترە و هەمووان لە هەوڵی ئەوەدان کارێکیان لەوێ دەست کەوێ لەوانەش کوڕانی گەورە پیاوان و ئەوانەی خاوەن واستەن، ئەی ئەو چۆن ڕکابەری بکات.

هەموو ئەمانە و ئەمیش گەنجێکی سادەیە و کوڕی فەرمانبەرێکی سادەیە کە مردووە و هیچ پارە و سامانێکی دونیای بۆ بەجێ نەهێشتووە، و بەڵام وە سیەتەکەی باوکی خوا لێخۆش بووی بیرکەوتەوە کە پێی گوتبوو پشت بە خوا ببەستە لە هەموو کارێك دا و ڕازی بێ بە قەزا و قەدەری خوای گەورە هەرچیەك بێت و خەمبار نەبێت بۆ شتێك کە دەستی نە کەوتووە ڕەنگە خێر لەوە دابێ بێ ئەوەی ئەو بزانێ.

سەعید چووە ژووری بەڕێوەبەری کارو باری فەرمانبەران و ئەوراقەکانی پێشکەش کرد، پیاوەکەش داوای لێکرد چاوەڕوانی پەیوەندی تەلەفۆنی بکات بۆ ئەوەی لە ئەنجامەکەی ئاگادار بکرێتەوە، سەعید چووە دەرەوە و ئەو زۆر لەو باوەڕەدا بوو کە ئەنجامەکەی نێگەتیف دەبێ، ئەوە ئەگەر کەسێك لە بنەڕەتدا بیەوێ پەیوەندی پێوەبکات و داواکاریەکەی نەخەنە نزیکترین سەبەتەی زبڵەوە.

چەند ڕۆژێك تێ پەڕی و لە ناکاو پەیوەندی پێوە کرا و قسەکەرەکە داوای لێکرد ئێوارەی هەمان ڕۆژ سەردانی کۆمپانیا بکات بۆ ئەنجام دانی چاوپێکەوتن.سەعید زۆر دڵخۆش بوو و باشترین جلوبەرگی لەبەر کرد لەو جلانەی هەیبوون و بە گوێرەی وادەکە ڕۆیشت بۆ ئەوێ و بە فەرمانبەری پرسگەکە خۆی ناساند و ئەویش بە ڕێزەوە هەستاو پێی گوت: زۆر بە خێر بێ ی کاك سەعید، گەورەت کردین کاك سەعید، فەرموو بابتگەیەنمە ژووری سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی، سەعید پێکەنی و بە پیاوەکەی گوت: ئەی هاوڕێم تۆ لەوانەیە تێکەڵاویەکت کردبێ لە نێوان من و کەسێکی تردا، من تەنها کەسێکی ئاساییم خوازیاری کارم!!

پیاوەکە پرسیاری لێ کرد: ئایا تۆ مامۆستا سەعید وەحید فەرید نیت؟ و وادەی کاتژمێر پێنجت هەیە؟ سەعید وەڵامی دایەوە: بەڵێ ئەوە منم.. بەزەردەخەنەیەکەوە پیاوەکە وەڵامی دایەوە: کەواتە من بە هەڵە دا نەچووم گەورەم وادەت لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی کە ڕای سپاردووین بە گەرم و گوڕی پێشوازیت لێ بکەین کە شایانی جەنابت بێت.

سـەعید لەگەڵ فەرمانبەرەکە ڕۆیشت و چووە نووسـینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێـڕی هەرکـە فەرمانبەری پرسـگەکە ناسـاندی هەمـووان کـە لە نووسـینگەکە بوون لە بەری هەسـتان و زۆر ڕێیان گرت، سـەعید باوەڕی بـەم دیمەنـە نەدەکرد و تێنەدەگەیشت چی ڕوودەدات و ئەو دڵنیا بـوو لەوەی کە تێکەڵاوی یـەك ڕووی داوە و زوو هەمـووان بـەم شـتە دەزانن و بە ناشـیرین ترین شێوە وەدەری دەنێن ئەگەر کوڕی وەزیریش بوایە بەم گەرم و گوڕی یە پێشوازی لێ نەدەکرا.

سـەعید چەنـد خولەکێك چـاوەڕوان بوو ئینجا سـکرتێرەکە داوای لێکرد بچێتە ژوورەوە ئەویش چووە ژووری نووسینگە کە و کەچاوی کەوت بە سـەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی دانیشـتبوو کاتێ چـاوی پێکەوت دەسـبەجێ لەسەر کورسـی یەکەی هەستاو هات بۆ لای سەعید و لە باوەشی گرت و پێی گـوت: زۆر بە خێرهاتـی، زۆر بەخێرهاتی خۆشەویستم، دڵخۆشت کردین.

سـەعید زمانی تەتەڵەی کردوو گوتی: زۆر سوپاسـت دەکـەم گەورەم لەسـەر ئەو پێشـوازی یە گەرمە بەڵام من زۆر گومانم هەیە کە تۆ بە کەسـێکی تـرم دەزانی من پێشـتر چـاوم بە تـۆ نە کەوتـووە و تۆم لە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکان نەبێـت نەدیوە.

پیاوەکـە زەردەخەیەکی کرد و چوو بۆ لای مێـزی نووسـینگەکەی و وێنەیەکی کۆنی بچوکـی دەرهێناو نیشـانی سـەعیدی دا و ئەویـش بەبینینی ئەم وێنەیە شاگەشـکە بـوو وەکو ئەوەی بروسـکە لێی بدا هاواری کرد و گوتی: ئەوە وێنەی خوالێخۆش بووی باوکمە تۆ لە کوێت بووە ئایا دەیناسی؟

پیاوەکە گوتی: خوالێخۆشبوو؟ ئایا ئەو پیاوە باشـە کۆچی دوایی کرد؟ خوارەحمی پـێ بکات و لێی خـۆش بێت و جێگەی بە هەشت بێت.

سـەعید گوتی: بەڵام من تێناگەم چۆن یەکێـك لـە گـەورە دەوڵەمەندەکانی وڵات باوکم دەناسێت کە ئەو پیاوێکی زۆر خاکی و خۆ بەکەم زان بووە و بەبێ وەی ژیاوە تا دوا ڕۆژی تەمەنی؟

پیاوەکـە گوتـی: بـا لەسـەرەتاوە بەسەرهاتەکەت بۆ بگێڕمەوە، چەند ساڵێك لەمەوبەر کە هێشتا گەنج بووم و لە بەهاری تەمەنم دابووم و بەڵام هەروەکو تۆ بێ پارە و پـول و بێ واسـتە بـووم ، و ڕۆژێك لە ڕۆژان ویستم داواکاری یەك پێشکەش بکەم بۆ کارکردن هەروەکو تۆ کە ئێستا خەریکی ئەنجامی دەدەی بـەڵام گرفتەکە ئەوە بوو کـە من هیـچ پارە و پولێکم نـە بوو تاکو پێی بچم بۆ شـار کە ئیش و کارەکە لەوێ بوو بۆیە لەوێسـتگەی وە سـتانی پاسەکان بـە سەرسامی و غەمباری یەوە دانیشـتم و نـەم دەزانی لە کوێ پارەی بلیتی سـوار بوونـی پاس بەدەسـت بێنـم، هەروەها لە تەنیشـتمەوە گەنجێکی تر دانیشـت بوو و پرسـیاری لێ کـردم کە بۆچی غەمبارم؟ منیـش ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە، دەسـتی برد بۆ گیرفانـی و جزدانەکەی دەرهێنا و هەرچـی پارەیەکی تێدا بـوو دەری هێناو پێی دام، سـەرم سـوڕما و پێـم گوت: من ناتوانم پەسـندی بکەم بەڵام دوای سـوور بوونـی زۆری وەرم گرت و پرسـیارم لێی کرد چـۆن بۆی بگێڕمەوە؟ پێی گوتم: ئەو خوازیاری ئـەوە نییە بـەڵام ئەگەر خوای گەورە بەسـەری کردیتەوە ئەوا پێویسـتە بیکەمـە خێر و سـەدەقەیەکی نەبڕاوە کە هەمـوو ڕۆژێك یارمەتی کەسـێکی هەژاری پێ بدەم بێ ئەوەی بیناسـم کێ یە، منیش پێـم گـوت: لانی کـەم ناوەکەتـم پێ بڵێ ئەویش پێی گوتـم: ناوم وەحید فەریدە و هاوڕێکانم بە باوکی سـەعید بانگم دەکەن، کاتێـك بەجێم هێشـت و ڕۆیشـتم بینیم وێنەیەکـی خۆی لەنـاو پارەکانـدا لەبیر چووە منیش هەڵم گرت و پاراسـتوومە بۆ یـادەوەری ئەم پیاوە ڕێـزدارە، و چووم بۆ شـار بوومە فەرمانبەر و بەرز بوومەوە و، کۆمپانیای تایبەت بـە خۆمم دامەزراند و ئیش و کارەکانم گەشـەیان کرد و بە شوێن باوکت دا گەڕام لە هەموو شوێنێك بەڵام نەم دۆزییەوە و سـوێندم خوارد ڕاسـپاردەکەی وون نەکـەم و بیباریـزم تاوەکو لە ژیاندا بـم و لەو ڕۆژەوە هەمـوو ڕۆژێك یارمەتی کەسـێکی نەناسـراو دەدەم هەندێ جار لە وێستگەکانی وەستانی پاس دادەنیشم و هەنـدێ جاریش لە مزگـەوت و جاریش هەیە لە نەخۆشخانەکان، خوا شاهیدە تەنها ڕۆژێـك نەبووە کە مـن یارمەتی نەدارێکم نەدابێـت و هەرکاتێـك سوپاسـیان کردبم ووتوومە پێویسـتە سوپاسی باوکی سەعید بکـەن ئەگەر ئەو نەبوایـە ئەوا من توانای ئـەوەم نەدەبـوو هاوکاریت بکـەم، بۆیە کوڕەکەم بزانە کە باوکی خوالێخۆش بووت هاوبەشـی منە لە هەر کارێکی خێرخوازی ئەنجامم دابێ و لە هەر خێر و سەدەقەیەك بەخشیبێتم.

چاوەکانی سـەعید فرمێسکیان ڕشت و گوتی: خوا ڕەحم بە باوکم بکات هەمیشـە هانـی دەدام یارمەتـی خەڵکی تـر بدەم و پێـی دەگوتم: ئـەی کوڕی خـۆم یارمەتی دروستکراوەکانی خوا بدە بە دیهێنەرەکەیان پاداشـتت دەداتـەوە بە باشـترین شـێوە لـە ژیانتـدا یان لـە دوای مردنت یاخود منداڵەکانت لە دوای خۆت ن و هیچ کارێکی خێرخوازی هەرچەندە بچووك بێ بەکەمی مەزانـە ڕنگـە ژیانی مرۆڤێـك بگۆڕێ بێ ئەوەی تۆ پێ ی بزانی.

پیـاوە دەوڵەمەندەکـە هەسـتایەوە و ئەویش چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسـك و گوتی: سـوێند بە خوا من بۆ خۆم داواکاری هیچ کەسـێکم نەپشـکنیوە لەوەتەی بیست ساڵ لە مەوبەرەوە کەسانی ترم لەبەردەستن کە ئەو کارە دەکەن، بەڵام تەلەفۆنێك پاڵی پێوەنام کە لە بەڕێوەبەر داوابکەم سەرجەم دۆسـیەکانی دامەزراندنـی نوێ بێنێ بۆم ! من بۆ خۆشـم نازانم بۆچی! دەسـتم کرد بە پشـکنینی یەکـە یەکەی دۆسـیەکان تا ئەوکاتـەی چاوم کەوتە سـەر وێنەکەت و دەسبەجێ تۆم ناسی یەوە چونکە تۆ دەڤاو دەق وێنـەی خوالێخـۆش بـووی باوکتی و سـوپاس بۆ خوا من ئێستاکە دەتوانم چاکە و پیاوەتی و بەخشـندەیی ئـەو بدەمەوە، و بزانـە تـۆ لێرە لای خـۆم دامەزراوی و لـە نووسـینگەی تایبەتەکـەم کاردەکەی، و من سـور دەبم لەسـەر ئەوەی مرۆڤێکی سەرکەوتووت لێ پەیدا بکەم کە خوالێخۆش بووی باوکت شانازیت پێوە بکات.

یاسین محمود شیواشانی
بەکالۆریۆس لە زمانی فەرەنسی




# با لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر بێت) فێربین

مرۆڤ لەگەڵ هاتنە دنیایەوە چاو بە ژینگە و دەوروبەرێکی تازە هەڵدێنێ و سەرنج دەدا و وورد دەبێتەوە، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو قۆناغەدا لێوان لێوە لە رووداوو بەسەرهاتی جۆراوجۆر و لەم حاڵەتەدا کارەکتەری تەنها نابێ لە ژیانیدا و لە گۆشەیەکدا ژیانو گوزەرانی خۆی بۆ قەتیس ناکرێ و ئەبێ لەگەڵ کۆمەلگا و دەوروبەری فرە ڕەهەند و فرە رەنگدا هەنگاو هەڵبگرێ و بچێتە ژیانەوە، یەکێك لە فاکتەرە هەرە بنچینەییەکانی سەرکەوتن و گەشەکردنی پەیوەندیەکانی مرۆڤ و دەروبەری، بوونی رەوشت و ئاکارێکی بەرز و جوانە کە پەروەردگار خەڵاتی مرۆڤی کردووە و لە قورئانی پیرۆزدا وەصف و پێناسەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بە رەوشت بەرزی دەکات، بێگومان ئەو سەردارە (درودی خوای لەسەر بێت) لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا قوتابخانەی بەرزی و بڵند بوونە و بۆ ئێمە چاوساغ و پێشەنگە.

ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە بە خوێنەری بەرێزی رابگەیەنم، یەکێکە لە ئامۆژگاریە زێرینەکانی (درودی خوای لەسەر بێت) بۆ ئومەتەکەی، ئەو سەردارە پیت نەماوە خاڵی نەخاتە سەرو تاریکە رێ نەماوە مەشخەڵی بۆ دانەگیرساندبێ، ئەویشیان مەسەلەی رووخۆشی و دەم بە خەندە بوونە، هەروەك لە فەرموودەیەکی صەحیحدا هاتووە دەفەرموێ: (هیچ شتێك لە چاکە بەکەم مەگرن، ئەگەر گەیشتن بە براکەشت بێ بەروویەکی کراوە و خەندەبارەوە) ئەمرۆ لە ناوەندە زانستیە جیاجیاکانی دنیادا و بە تایبەت لە ناوەندەکانی بواری پەرەپێدانی مرۆییدا ئەو بابەتە بەرز دەنرخێندرێ و بە کەناڵ و کلیلێکی گەورە و گرنگ دادەندرێ بۆ کردنەوەی دەرگا داخراوەکان و تەکان و بزوتنی خێرا دەدا بە پرۆسەی گەشەسەندنی پەیوەندی مرۆڤ بە دەوروبەریەوە و تەندروستانە نیشانی دەدا، بە پێی لێکۆڵینەوەکان ئەوانەی خاوەن روویەکی خۆش و گفتوگۆی شیرینن، لە کەسانی تر زیاتر سەرکەوتوون لەبوارە جیاجیاکانی

ژیانـدا، بۆیە بۆ ئێمە وەك ئوممەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) گرنگە پێ بە پێی ئەم خۆشەویستە ڕێگا ببڕین و جارێکی تر وەك پێشینە چاکەکانمان بگەڕێینەوە سەر ئەم ڕاستە شەقامەی کە هێلەکانی پاڵپشت بە وەحی ئیلاهی کێشراونو وورد و درشتی ژیانی تێدا ڕانوێنراوە، ئەبێ لە خێزانەوە دەست پێبکەین و خەندە و خۆشی بگێڕینەوە بۆ جومگەکانی و پاشان بەرەو کۆمەڵگا ئاراستە بگرین و ئیسلام بـەو هەموو جوانی و قەشەنگیەوە بکەینەوە بەبەر لاشـەی ژیـانـدا و سـەر بـەسـەر لاپـەرە نورینەکانی مێژووە پر لەسەرووەریەکەی دابگرین و بزانین و ببینین ئەم پەیامە چەند تێر و تەواوە و بچوکترین لایەنی ژیانی مرۆڤی فەرامۆش نەکردووە، ئەم ئیسلامە چ کەسایەتیەکی بـۆ مـرۆڤ بنیاتناوە، تـەنـانـەت لـە سەختترین ساتەکانی ژیانی هەر تاکێکی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا کە هـەوری ڕەشـی کێشە و فیتنە ئاسمانی سامالی ژیانیانی تەنی بوو، کەچی خەمبار و دڵتەنگ نەبوون و سارد نەبوونەتەوە و نائومێد نەبوون، ئەبینین هاوەڵی بەرێز ئەبودەردا (خوا لێی ڕازی بێ) کە ئەگەیشتە هەر کەسێك تەوقەی لەگەڵ دەکرد و خەندە و بزە بە ڕوویەوە دیار بوو، کاتێك خێزانەکەی لێی دەپـرسـێ ئەتبینم کـە ئەگەیتە کەسێك پێئەکەنی و تـەوقـەی لەگەڵ دەکەی، خەلك پێت نالێن شێتە؟

وتـی: نەخێر مـن پێغەمبەرم (درودی خوای لەسەر بێت) دیوە بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ خەڵك دەکـرد، جا ئەگەر ئەمرۆ ڕاهێنەرانی ناوەندەکانی پەرەپێدانی مرۆیی ئامۆژگاری خەڵك بکەن بە ڕووخۆشی و خەندەباری ئەوا بەر لە هەزار و چوارسەد ساڵ زیاترە مامۆستای مرۆڤایەتی (درودی خوای لەسەر بێت) هەڵیناوین و هانی داوین کە ڕووخۆش بین و بزە و خەندە بە دەم ژیانەوە بکەین.



# خۆشەویستی بۆ خۆت و هاوسەرەکەت بەدەست بێنە!

مژدە/ لەندەن

١- هەمیشە هـەوڵـبـدە ڕاو بۆچون بگۆڕنەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ڕای یەکدی بۆتان گرنگە.

٢- هەمیشە جێی شانازی یەکتربن وە بەسەر بەرزیەوە ناوی یەك بێنن.

٣- هەوڵ مەدە خۆشەویستیتان تەنها لە بەینی خۆتاندا بێت، با خـانـەوادە و نزیکەکانتان هـەسـت بـەو شیرینی و ئـاسـودەیـی نێوانتان بـکـەن، ئەمەش دڵخۆشتان دەکات.

٤- خۆتان بە گەورەی یەك مەزانن، چونکە لە هاوسەرایەتیدا کۆیلایەتی بوونی نیە.

٥- هەڵەو کەموکوڕیەکانی لای کەسدا پێ مەڵێ، ئەوە شکانە.

٦- مەهێلە ناکۆکیەکانتان زیادەڕۆیی تیا ڕوبدات، کاتی گفتوگۆ دیاری بکەن.

٧- هـاوکـاری چـارەسـەرکـردنـی کێشەکانی یەك بن، هیچ نەبێ دڵنەوایی و نازکێشانی لە ئەستۆ بگرە.

٨- هـەوڵـبـدە قـسـەی خـۆش و بزە میوانی ڕوخـسـارت بـێ، با خەندە کۆچ نەکات دوایی ماڵت دەبێ وێران.

٩- دەنگ بەسەریا بەرز مەکەرەوە، با دووری تۆی پێ خۆش نەبێت.

١٠- نهێنی نێوانتان بیارێزە، ئەمەش متمانەیەکی جوان دروست دەکات.

١١- گـــۆڕیـــنـــەوەی دیـــاری و بەسەرکردنەوەی بۆنە تایبەتەکانی یەکتر لە بیر مەکە، ئەوەی بۆ دەسەلمێنی کە فەرامۆشت نەکردوە.

١٢- بێزاری دەرمەبڕە لەسەر ژیانت، ئەو هەست دەکـات بە هۆی ئـەوەوە تۆ ناڕەحەتیت چەشتووە.

١٣- ئازیزم، گوڵم،.... با لەسەر زارت بێت خۆشەویستیت دەپارێزێت.

١٤- بۆ هەمیشە لێبوردە بە، ئەمە لای هاوسەرەکەت جوانترت دەکات.

١٥- لە کاتی شیاودا پێداویستیەکانتان لێك داوا بکەن.

١٦- هەمیشە بە کەسێکی دڵسۆز بۆ خۆت و بە دایك یان باوکێکی میهرەبان و باش بۆ منداڵەکانت وەسف بکە.

١٧- لە تورە بونەکانتان بەرامبەر بە یەکدی سەرکێشی مەکەن.

١٨- قەناعەت جوانە، با هەتانبێت.

١٩- کە بـۆت ئـەدوێ، بە بایەخەوە گوێیی لێ بگرە وەك ئـەوەی زۆر بۆت گرنگ بێت.

٢٠- خۆشم ئەوێی با ئاسانترین وشەی سەرزارت بێت، لە بیرت بێ، پیاو بە چاو خۆشەویستی دەبینێ، ژن بە گوێیی.

٢١- هەوڵ مەدە بە وشەیەك بریندای کـەی، چونکە برینی وشە سارێژبوونی درەنگە.

٢٢- لـە هـەڵـبـژاردنـی پـۆشـاك و پێداویستیەکانتدا ڕای وەرگـرە، ئەمە دڵخۆشی دەکات.

٢٣- ڕێگری حەز و ئارەزوەکانی مەکە، کە ئارەزوەکانی مرد لە دەستدانی تۆش ئاسان دەبێت.

٢٤- پشت لـە خـانـەوادەی یەکدی مەکەن، وشەی نەشیاو مەخەنە پاڵیان.

٢٥- هەوڵ مەدە کێشەو هیلاکی دەرەوەت لە ماڵەوە باس بکەیت، با بزانێ خۆشترین کات ئەو کاتە کە لەگەڵ ئەودایت.



و: برەو

# ژیان ڕەنگدانەوەی بیروبۆچونەکانتە!

بەڕێوبەری قوتابخانەیەك بانگی سێ مامۆستای قوتابخانەکەی کرد، ئاگاداری کردنەوە کە ئەوان لە چاکترین مامۆستاکانی قوتابخانەکە بوون لە ساڵی رابردوودا.

فەرمانی پێ کردن بە ئامادەباشی تەواو بۆ سێ وەرزی خوێندن کە بۆ ٩٠ قوتابی زیرەکی قوتابخانەکە ساز کراوە. هەر وەرزێك بۆ ٣٠ قوتابی دانراوە، بەڵام مەرجی لەسەر دانان کە بە هیچ شێوەیەك قوتابییەکان ئاگادار نەکەنەوە، تا کەسوکاری قوتابییەکان و قوتابییەکانی تریش نیگەران و بێتاقەت نەبن.

ساڵی خوێندن دەستی پێ کرد و کۆتایی هات، بینرا ئەنجامی تاقیکردنەوەکان لە هەر سێ وەرزی خوێندندا بەرزتر بوو لە ئاستی هەموو قوتابخانەکە ، هەروەها بە رێژەی لە ٢٠-٣٠٪ بەرزتر بوو لە ئاستی قوتابخانەکانی تری ئەو ناوچەیە.

کاتێك بەڕێوەبەرەکە لە مامۆستاکانی پرسی تێڕوانینیان و شیکردنەوەیان بۆ بارودۆخەکە چیە.

مامۆستاکان کۆدەنگ بوون لەسەر ئەوەی کە قوتابییەکان زیرەك و لێهاتوو بوون و ئەزمونێکی جوان و سەرکەوتوو بوو، ئەمانیش زۆر ماندوو نەبوون پێیانەوە، چونکە قوتابییەکان لێهاتوو بوون.

ئینجا بەڕێوەبەرەکە لە ناکاو پێی وتن: یارمەتیم بدەن راستیەکانتان بۆ رون بکەمەوە ئەو ٩٠ قوتابیە بە شێوەی رەمەکی هەڵبژێرا بوون لە نێو قوتابیانی قوتابخانەکە ئەوان لە ئاستێکی بەرزی زیرەکیدا نەبوون، وەك پێشتر پێم وتن.

مامۆستاکان توشی سەرسوڕمان بوون و وتیان ئایا ئێمە هۆکاری سەرکەوتنی قوتابییەکان بووین، بەم شێوە سەرکەوتنە ناوازەیە.

بەڕێوەبەرەکە پێی وتن با راستی دووەمتان بۆ روون بکەمەوە، ئەویش ناوەکانی ئێوەیە بەڕێوبەرەکە پێی وتن هەڵبژاردنی ئێوە بەم شێوەیە بوو، سەرەتا ناوی هەموو مامۆستاکانم نوسی و چاوم نوقاند تا ئاماژە بە سێ ناو بکەم بە بێ دیاریکردنی پێشوەختە، ئێوەش بوونە ئەو ناوە هەڵبژێرانە.

ئینجا مامۆستاکان وتیان ئەی هۆکار چیە.

پێی وتن هۆکاری راستەقینە ئەوەیە ئێوە لە سەرەتای خوێندندا پێشبینیەکانتان لەسەر زانیاریەك بینا کردووە، پێشبینی سەرکەوتنی بەرزتان کردووە و ئەنجامیشتان بەدەست هێناو، هەر چەندە زانیاریەکانیش نادروست بوون.

ئەوەی لەم تاقیکردنەوە فێردەبین چەند ئامۆژگاریەکە هەر کەس پێشبینی هەر شتێك بکات و بیری لێ بکاتەوە ئەوا بۆی دێتە دی پشتیوان بە خوا، ئەوەی پێشبینی چاکە بکات بۆی فەراهەم دەبێت.

بیر لە کێشەکان مەکەرەوە بەڵکو بیر لە چارەسەر بکەرەوە، ئەوەی لە هەموو شتێك بترسێت دێتە رێی.



# پشت بەخۆ بەستن

ابراهیم برهان

لەدێر زەمانــەوە پیاوێك تاقــە کوڕێکی هەبوو هاوەڵێتی دەکرد، لەگەڵ خۆی دەیبرد مەشـقی بەکوڕە تاقانەکەی دەکرد، لەســەر ڕاوکردنی ئاژەڵ و باڵندە ڕای دەهێنا، تاوەکو بوو بەگەنجێکی بەهێزو تەواو لەســەر کار، وەهەروەهــا لێهاتوو لــە ڕاوشــکار، تائەوەی ڕۆژێکیــان باوکی ئامــۆژگاری کــردو، ووتی کــوری خۆم کاتی ئــەوە هاتوە لەســەر پێی خۆت بوەستی و پشت بەخۆت ببەستی، ئەبێ لەمــەودوا بەتەنیــا خۆت بچیتــە ڕاو، کوڕە لاوەکەش گوێڕایەڵی باوکی کرد، پێداویســتی گەشــتی ئامادەکــردو کەوتــەڕێ وماڵئاوایی لەباوکی کرد، بەرەو دارستان ملی ڕێی گرت، لەڕێگادا ڕێویەکی پیرو برسی بینی، سەرنجی ڕاکێشــا بیری لەکاری ئــەم ئاژەڵە دەکردەوە، لەدڵی خۆیدا ووتی باشە ئەم ئاژەڵە بەم لەشە لــەڕو لاوازەی چــۆن دەتوانی قــوت وبژێوی ڕۆژانــەی خــۆی پەیدابــکات، بەدڵنیاییەوە تیــا چووە، ئــەوە کۆتایــی تەمەنیەتی، ئەم لاوە لەپڕ هەســتی بەشــتێکی نامۆکرد خۆی لەپشتی بەردێك حەشــاردا، لەناکاو شێریکی لــێ بەدیارکەوت، نێچیرەکەی بەردەمی خۆی ڕادەکێشا، کەوتە خواردنی نێچیرەکە تاتەواو تێربوو، پاشان ڕۆیشــت، دوای ئەوە ڕێویەکە بەقونــە خشــکە خــۆی گەیاندە پاشــماوەی شــێرەکە، تــا تێــری لێخــوارد، لاوەکە زۆر سەری ســوڕماو حەپەسا، ووتی خوای گەورە ڕزقو ڕۆزی بــۆ ئەم ڕێویــە پیرو لەڕولاوازو بێ هێزەی نارد، باشــە بۆچی من ئەم هەموو ڕێــگا دوورەم بڕیــوە، دوور لەکەس وکارئەم هەمــوو ناڕەحەتیەی گەشــت لەپێناو کاروو بەدەستهێنانی ڕزق و ڕۆزی، کەچی پەروەردگار بەبــێ ماندووبــون و کردو کۆشــکردن ڕزق وڕۆژیمــان ئەدات، لاوەکــە گەڕایەوە ماڵەوەو هۆکاری گەڕانەوەوئەوەی لەم گەشــتەدابینی هەمووی بــۆ باوکی گێڕایــەوە، باوکی ووتی کــوڕە تاقانەکــەم مــن لەتــۆم دەوێ(وەك شــێربی ڕێوی پاشــماوەت بخوا نەوەك ڕێوی بــی لەپاشــماوەی شــێربخۆیت)،ئنجالاوەکە لەمەبەســتی باوکــی گەیشت،شــەرم دایگرت بەرامبەر باوکی ، دەستی بەکارەکەی کردەوە خۆی ماندوو دەکرد بۆبەدەســتهێنانی بژێوی خــوی و مــاڵ ومنداڵی،بڕیاریدا لــە هەموو کاروباری ژیانی پشــت بەخۆی ببەستێ. ئەم چیرۆکە فێری گرنگی پشت بەخۆ بەستنمان دەکات،پێمان دەڵێت، دەبێهێزوتواناى ئەوەت لەلا دروســت بێــت، کەلەهەمووشتێکهەســت بەبەرپرســیارێتی بکەیت،پشت بەخۆبەستن ســیفەتێکە خۆمان بەدەستی دێنین، چونکە تۆ کەمناڵی دایکت هانت ئەدات لەسەرۆیشتن دوای مەشــق و هەولێکی زۆر ئەوجا ئەتوانی بکەویتە سەرپێی خۆتو ڕاستەرێ برۆی، ئەم ســیفەتە لەگەڵ تۆدایە لەتەمەنی دووســاڵی حەزدەکەیپشت بەخۆت ببەستی، تەنانەت بۆ لەبەرکردنی جل وبەرگ وخواردن و ڕۆیشتن بۆگەرماو، یان ڕۆیشــتن لەڕێــگادا، بێئەوەی کەســێك دەســتت بگرێ، دواتــر وردە وردە گەورە دەبیت تادەگەیتەقۆناغی خوێندن،لەم قۆناغــەدا، ســەرەتا دایــك وبــاوك بڕیــار لەســەرتۆدەدەنبۆ خوێندن،دواتــر هەوڵدانی خــۆت وخوێندنت داهاتوی تۆ دیاری دەکەن، کەدەبێ چ کۆلیژێك یان چ ڕێچکەیەك لە ژیان هەڵبژێری،ئەم پەندە چەندەجوانە کەدەڵێ( ماســی مەدەرێبەڵکوفێری ماسی گرتنی بکە) ،بائێمەش بــەردەوام هەوڵــی خۆبەرەوپیش بردن و خۆپێگەیاندن بدەین تاوەکو بتوانین لەسەرپێی خۆمان بوەستینو لەژیان فێربین.

**لەزانایەکیان پرسی لەکێ فێربووی؟ ووتی لەپیاوێکــی نابینا! چونکە قاچی لەســەر زەوی دانانێ تانەزانێ چی لەبەردەم دایە.**

ڕابەر ئەحمەد وەرتی



# خۆشەویستی ڕاستەقینە بدۆزەرەوە

ئەوەی وای لێکردم ئەم بابەتە بنووسم ئەوەبوو کە خەڵکانێك هەن لەم سەردەمەی خۆماندا نازانن یان ناتوانن ڕێگای ژیان و خۆشگوزەرانی خۆیان بدۆزنەوە بەڵام کەسانی تر ڕێنمایی و پەلکێشی ڕێگای دیکە دەکەن! کەسانێکیش هەن دەتوانن ڕێگای خۆیان و ژیان وخۆشەویستییان بدۆزنەوەوبیگرنە بەر، بەڵام کام ڕێگاو کام خۆشەویستی؟ ئایا ڕێگا دۆزینەوەکە تەواوە؟ ئیدیعا کردنی خۆشەویستی لە شوێنی خۆیداو بە شێوەیەکی تەندروستە یان نا؟ ئەم بابەتە گرنگ و هەستیارە بۆیە دەمانەوێت کەمێك لە سەری بووەستین، کەسانێك هەن هیچ سۆز وخۆشەویستییان نییە، گە هەشیانبێت ڕەنگە لاوازبێت وهەستی پێ نەکەن بەهۆی رق و توڕەیی وەیان دڵەڕاوکێ و گۆشەگیرییەوە، وە کەسانێك هەن ئیدیعای خۆشەویستی دەکەن بەڵام هەست بەبوونی خۆشەویسیتی ناکەن و تەنیا لە چوارچێوەی دروشم وقسەدا دەمێنێتەوە و لە هەمانکاتدا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن خۆیان ببن بە خۆشەویستی خەڵکی تروخەڵك خۆشیان بوێن، لەگەڵ ئەوەشا خەڵکانێك هەن هەم خۆشەویستیان هەیە و خەڵکانی تریان خۆشدەوێت، هەمیش خەڵکی دیکە ئەوانیان خۆشدەوێت ودەیانەوێت خۆیان خۆشەویست و خۆشەویستریش بکەن.

زۆربەمان دەزانین هەر تەمەنە و جۆرە خۆشەویستییەکی تایبەت بەخۆی هەیە، جا باش بێ یان خراپ، هەیە خۆشەویستییەکەی تەنها تایبەتە بەقۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیان وهەشە بەردەوامی هەیە و هەمیشەییە. خۆشەویستەکان چەند جۆرێکن، هەیە پەیوەستە بە لایەنی عاتیفی و سۆزداری نێوان کوڕ و کچ کە بێگومان ئەمەیان لە ئیسلامدا دروست نییە ،مەگەر خۆشەویستییەك بێ بۆ هاوسەرگیری بێ و بەزووترین کات هەوڵی هاوسەرگرییەکە بدات و خۆی لەو شتانە بپارێزێت کە حەرام و یاساغ کراون، هەیە خۆشەویستەکەی دایك و باوکیەتی یان تەنها دایکی، هەیە زیاد لەوانەی سەرەوە گەر هاوسەرو منداڵیشی هەبێ هاوسەرو هەموو منداڵەکانی هەمووشتێکی ئەون، بێ شك شتانی تریش هەن کە کەسانێك بە دوایاندا وێڵن و ئاڵودەیان دەبن، هەیە خۆشەویستەکەی پێغەمبەری خودایە (درودی خوای لەسەر بێت)، وە ئەو خودایەیە کە سەرچاوەی خۆشەویستی یە.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت باسی بکەم و درێژەی پێ بدەم ئەوەیە گەرتۆ خۆشەویستت نییە خۆت ببە بەخۆشەویست، یان گەر هەشتە جا خۆشەویستییەکە بۆ خودایە یان خەڵك، یان هەردووکیان، یان گەر خۆشەویستی خودات لا گرنگتر بوو لەهی خەڵك ئەوە زۆر باشترە ،چونکە گەر وا بیت ئەوا ئینشائەڵلا دەبیت بەخۆشەویستی خودا، گەر لای خوداش خۆشەویست بوویت، لای بەندەکانی خواش خۆشەویست دەبیت.

ئەگەر خۆشەویستت نییە وەك دۆست وهاوڕێ، هەوڵی ئەوە بدە ببیت بە خۆشەویستی خەڵکی بە شێوەیەك خۆیان داوای هاوڕێیەتیت بکەن، بەڵام چۆن دەبیت بە خۆشەویستی خەڵك ؟ بەوپەڕی ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵك بکە، بنەمایەك هەیە کە هەموو بنەماکانی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەوی تر لەسەری بنیات نراوە، کە بریتی یە لە ئاکارو ئەخلاقی باش، ئەگەر ڕەوشت لەناو دامەزراوەکانی تر بڵاوبێتەوە و ببێتە بنەمای مامەڵەی نێوان سەرۆك و فەرمانبەر، لەنێوان کوڕ وکچی هاوەڵی یەکتری، لە نێوان فەرمانبەر و هاوڵاتیدا، لەنێوان ئیدارە و هاوشێوەکانیدا، لە نێوان هاوڕێیان و هاوپیشەکاندا، ئەوا دەرەنجامەکەشی متمانە و لێکتێگەیشتن دەبێت، دواجارکاریگەر دەبێت لە سەربەرهەمهێنان و ئایندەی کردو کۆشمان، چونکە خاوەن ڕەوشت بەهۆی پاڵنەرە ویژدانییەکانی کاردەکات، کاتێك بەڕاستگۆیی بزە دەکات، کاتێ سڵاو دەکات و ڕەفتاری جوان دەنوێنێت، کەوابوو ببە بە نموونەیەك کە خەڵکانی تر ڕێگەت بگرنە بەر و ڕێگای بەختەوەریت لێ ببینن، نەك نموونەیەك بیت ڕێگەی خراپ بە خەڵك بناسێنیت، مرۆڤێك بە خەڵك پەندو وانەت لێ وەربگرن ،ببە خاوەنی کۆمەڵێك سیفەت وئاکاری باش، وەك ئازایەتی و دەستپاکی، لەبەر ئەوەی پێویستە ببیت بە رابەرو پێشەنگ و سەرمەشقی فەرمانبەرەکەت و خێزانەکەت و هەموو ئەوانەی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەی، وە با خەڵك لە ڕەفتارەکانت ئامۆژگاریت لێ وەرگرن نەك بە قسەکانت، هەوڵبدە پەیوەندی بەرز لەکاتی مامەڵەکردندا لەگەڵ خەڵکانی تر دروست بکەیت و هەمیشە چالاکی جەستەیی و ئاگایی ئەقڵت بپارێزە وبەردەوام کۆنترۆڵی هەڵچوونەکانت بکە، تێڕوانینت بۆ ژیان گەشبینانە بێت و خەم و خەفەت بۆ ژیان وئەو شتانە مەخۆ کە لە دەستت داون، هەمیشە لەگەڵ خەڵکانی تردا بە سۆزو بەزەیی بە و ئارامی وهێوری بەکاربهێنە، گە رکاتێکت بۆ چاوپێکەوتن و دیدارو سەردانییەك دانا و لەسەری ڕێککەوتن ئەوە دوامەکەوە لەکاتی دیاریکراو، لەکاتی خۆشی و ناخۆشی لەگەڵ هاوڕێکانت بە ئەوە وایان لێ دەکات خۆشەویستییەکەت زیاتر و فراوانتر بێت، هەمیشە زەردەخەنە بە ڕوخسارتەوە دیاربێت، دەستپێشخەربە بۆ سڵاو کردن لە کەسانی تر، سڵاوکردن مایەی زیاد بوونی خۆشەویستییە وەك پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: شتێکتان پێ بڵێم گەر ئەنجامتان دا زیاتر یەکتریتان خۆشبوێت؟ فەرمووی سەلامکردن لە نێوان خۆتاندا بڵاوبکەنەوە. کەم بدوێ و زۆر گوێ بگرە، ناو و ناتۆرە لەخەڵکی مەنێ بەهیچ جۆرێك، لەخۆت و کەسانی تریش ببورە، هەمیشە وشەکانی وەك (بەیارمەتیت، بێ زەحمەت ،دەست خۆش، سوپاس) بەکاربهێنە، گەر هاوسەرت هەیە وەك دکتۆر ئیبراهیم فەقێ دەڵێت شتی کت و پڕ لەنێوان خۆت و هاوسەرەکەتدا دروست بکە : بەبێ بەبێ دەتوانی دیارییەکی سادە یان چەپکە گوڵێك پێشکەشی هاوسەرەکەت بکەیت، یان دەتوانی شتێکی دیاریکراو بکەی سەرنجی ڕابکێشیت ئەوکات هەست بە جیاوازی دەکات لە پەیوەندی نێوانتاندا .

ئەمانەی باسکران بۆ خۆشەویستی خەڵك بوو بەتایبەتی، ئەگەر بمانەوێت خۆشەویستی خوا بەدەست بێنین چەند خاڵێکی گرنگ هەن پێویستە لە بەرچاویان بگرین سەرەکی ترینیان ئەمانەن: بە یەقینێکی زۆرەوە بڕوات بە خوای گەورە هەبێ و هاوەڵی بۆ بڕیارنەدەیت و بەپاکی بیپەرستی و کەمتەرخەمی لە نوێژەکانت نەکەیت کە بۆ ئەو ئەنجامیان دەدەی، وە لەپێناویدا لەخەڵك ببوورە و خۆشت بوێن، یادی ئەو بکە ئەوکاتە ئەویش یادت دەکات، وە لەسەری بەردەوام بە .

باوەڕناکەم کەسێك، مرۆڤێك هەبێت و خۆشەویستی بۆ کەسێك یان شتێك نەبێت لەم جیهانەدا جا ئەو کەس و شتە چاك وپاك بێت یان نا... وە هەرمرۆڤێکی خاوەن ژیرو ئاوەزگەرەکە بیرلە خۆشەویستی خوا بکاتەوە و بەدیهێنەری خۆی خۆش بوێت پاشان خەڵکی خواشی خۆش بوێت ..

ئەگەر تۆ لەو کەسانەی سوننەتەکانی پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) زیندوو دەکەیتەوە و بەدڵ و گیان هەوڵی زیندووکردنەوەی زیاتری ڕێبازەکەی دەدەی و فەرمانەکانیشی جێبەجێ دەکەیت، ئەوا تۆ هیچ نەبێ خۆشەویستێکت هەیە ئەویش ڕزگارکەری مرۆڤایەتی یە .

لەوانەیە ئەو وشە یان ڕستانەی باسم کردن سادە بن، بەڵام دەرەنجامەکانیان پڕ بایەخ وسەرسوڕهێنەرن !

بە وتەی زانایەك کۆتایی پێ دێنم کە دەڵێ (خەڵکانێکی زۆرهەن لەم دنیایەدا بۆ پاروو نانێك دەمرن، بەڵام خەڵکانێکی زۆر زیاتر هەن کە دەمرن بۆ تۆزقاڵێك خۆشەویستی) .

بەڵێن ئەنوەر



# فەنابونی کەشتیەکان

کاتێك پێنوسەکەم دەدوێنم، پیتەکان دەبن بە ووشەو وشەکانیش بەخێرایی بەسەر پردی تەمەنمدا گوزەر دەکەن، هەتا لە کەنارێکی بێدەنگیدا ڕستە ڕیز دەبن. دەمانەوێ ژوانێك ساز کەین، دەمانەوێ ساتێك لەیەکتر تێبگەین" تاکو بتوانین تۆزو گەردی غەمەکان لەسەر جەستە سڕەکانی ڕۆژگار بسڕین. من کە ئەندێشەی سەمەرەی زەمەنم دیوە پەنجە ساردەکانی زستانم پەڕیوە، ئیلهامە ئەفسوناوییەکانی دوای بارینی بارانم بۆچییە، گەر ڕاستی پێکی "ڕاستی بەر بارانم نەبن؟!

من کە دێمە گۆ دڵ و ڕۆحم کەمەندکێشی مەیدانی حاڵ دەکەم، ساتەکانی تەمەن یەك بە یەك دەژمێرم و تێیان دەگەم. کاتێك دیمەنێك دەشێوێ، یان تابلۆیەك ڕەنگەکانی ژیان تێکەڵ دەکا یان بەهار ڕوی گەش نییە، خۆ لەکەمتەرخەمی گوڵ نیە، کەم لە ڕەنگی شەبەنگ نیە، بەڵکو ڕاستی مەحکومی زیندانێکی بێ حاکمە! کاتێك دەستەواژەی کۆتا دەبڕم ڕستەکانی سەرەتام لێدەگۆڕن، تۆ سەیری ئەم حەشاماتە بە وەجهو بێ ڕۆحە، ئەم نامە بێ ناوە، چی ڕویداوە لەم بەینەدا من نازانم! بە ئەسپایی خۆم دەخزێنمە پاڵ دیوارەکانی هیجرانەوە نەوەك باڵدارەکان بفرن، یان لەناو تاریکی شەوەزەنگدا بێ دەنگ دەگریم نەوەك ڕستە ڕیزەکانی ئەمجارەم بێ ناوونیشانکەم. زۆرجار دەمەوێ پڕ بەهەموو دونیا هاوار کەم، بەڵام کە بیردەکەمەوە دەڵێم تۆ بڵێی هیچ کەسێك لێم تێبگات!؟ پردەکانی ئەمڕۆ بێ کەڵکو لاوازن، تاکو دەستی کەسێك دەگرن"فیراقی هەزار رۆحی پاك دەخوڵقێنن، تا زمانێکی نوێ دەپژێت، سەد زمانی بەر مەیدانی فەساحەت دەبڕێت! من کە ڕابونی چنگێ بم بۆچی ڕابم؟ سەکۆی ڕاستیەکان بڵندە بەڵام شوشەی ڕۆحی ناساز لێڵو مەنگە" من حەریفی دەریای حەریفم بۆ نەبم، دەڕۆم تا ئاگری ئاشوبی وەختە نەمگرێ. مەلی

بێ باڵ بەرۆکی ئاسمانی بەرداو سوڕاخی نانی گرتە بەر، سپیدەی سۆزی ئاوازی بۆ سەر زەوی جێهێڵا، دەی ئێوەش کە پەروازی حاڵێ نین" مەلەرزێنن ڕۆحی شوشە، وشەی لاوازی زەوی مەچرپێنن بە ئاسماندا...وەك چۆن منەتی نوسەرێك پێنوسەکەی هەڵی دەگرێت، چونکە ئاماژەو ئاراستەی خاڵی دەسپێکی لێ ونە بەلام کە خاڵی سەرەتای پێکا ئیتر ئاوێتەی عەقڵو ناخی نوسەر دەبێتو وەك کەشتیەك بەناو ئۆقیانوسی وشەکاندا مەلە دەکات، ڕاستیەکان لە ناو قولایی دەریادا دەدۆزێتەوە، ئینجا تێدەگات کە تا چەند لەپێناو گەیشتن بە ئەوجی یەقین قوبانی داوە.

بەڵێ منیش خامەی دەستم ئاماژەیە بۆ گەیشتن بە لوتکەی هیوا چونکە زاخی جەوهەری ئەو هزرو عەقڵە زاخاو داوم، بە تەعبیرە ڕۆحیەکانم پەردەی دڵم یەقین پڕژێن دەکەم.

کاتێك ئاوێنەکانی ژیان دەبینم شێوەو هونەری ژیانزانی فێر دەبم، فێر دەبم کە چۆن بنچینەی ڕۆحی لێك تێگەیشتن بینا بکەم تا لە زەجرو گۆمی ژیاندا نەخنکێم، چونکە بینای بەرزی ژیان بە هەناسە قوڵەکانی لێك تێگەیشتنەوە بەندە، نەك ڕوخسارە گرژەکانی ماڵئاوایی کە بەژنو باڵای خۆر دادەپۆشن و گەردی تەمی مالاسدراویان بە ئاسمانی ڕونەوە جێدەهێڵن و ڕوخساری مانگ تاریك دەکەن. گەر من شوشەی دەستی جەفای سوچی خەم بم، خۆ دەتوانم چیرۆکی سەرمەشقی ژیان بنوسمەوە، وەك پەیامی دەستی مەلێکی پەیامهەڵگر پەیامی خۆم بە گشت خەڵکی ئەم جیهانە بگەیەنم. دەڵێم گفتو مامەڵەی ڕۆحە تۆراوەکانی ڕۆژگار دەبێ چی بێ "کاتێ سەودای دەستی ڕۆحی شەرانگێز بن؟

خۆ ساتەکانی ژیان ڕاناوەستن کاتێك چاو بۆیان دەڕوانێ، هێندەی تر خێراتر دەبنو چرکەکانیش خێرا دەکەن، چون لە دەنگی چرکەکانی (مایسترۆی) سەعات ژەنن، منی جێماو چۆن بتوانم ئەسرینەکانی بەر باران فەرامۆشکەم یان تریشقەی هەوری ناخم فەتیس بکەم؟ بەلام لای من ئاساییە گەر هەنیسکی شەوی تاریك تێکەڵ بە ڕۆژی ڕوناك کەم یان لەناو دەستەی ئاوازێکی غەزەلیدا سازی موخالیف بژەنم، لە توانجیش ناسڵەمم" ئەوەی دەیڵێن بەرامبەرم هەر ئەمەیە: ((ئێمەیین ماموستای ڕستەو فەرهەنگ ئێمە ئاوێنەیەکمان[1] بریوە.)) منیش دەڵێم: ئەی بۆ لە واتای ڕەنگی وێنەی ڕوی ئاوێنەکە تێناگەن؟! لە پەراوێزێکدا گەر بنوسم من تێناگەم دەڵێن لەگەڵ ئەو هەموو بابەتە قوڵ و شعورە بەرزەدا دەڵێ تێناگەم! منیش لە وەلامدا دەڵێم من تێناگەم لەوەیکە بۆچی تێناگەن، تەنانەت لە تێنەگەیشتنیشم تێ نەگەیشتن!

ئیستا یاسای من ئاوایە" گەر خەم بخۆم گرکانی ناخم پەنگ دەخوا، گەر بێدەنگ بم هێندەیتر ناخم قوڵپ دەدا، گەر سەرسام بم ، بە دەنگی گڕکانی ناخم هەموو خەڵکی ئەم دونیایە دەچڵەکێنم، جا پەیامی زمانحاڵی پەیامی خۆم لەسەر پەڕە سورەکانی ماڵئاوایی دادەڕێژم، تا خەڵکانی بیسەری خۆم "شایەدی شەیپوری شەڕی شارە جەنجاڵەکەی ناخم کەم! کاتێك بەری ڕوناکی خۆرم لێدەگرن یان بەردی وێڵی ڕۆژگار شوشەی پەنجەرەی ژورەکەم دەشکێنێ وا هەست دەکەم ئیتر هیوایەکم نیە، گەر مانگ لە ڕوخسارم تۆرا یان ژوری بەر خۆرم گۆڕا، چلۆن خەندە ئاشت کەمەوە، یاخود لە دوای ئاشتی ئەویش چۆن بتوانم سرودی خۆشی ژیان بنوسمەوە، بە کام ڕۆحی بڕیارەوە داوای زەنگی ئاوازێکی تازە بکەم؟

سەیری ئاسمانی شەو دەکەم ئەستێرەکان سەرسامی حاڵم دەکەم، کاتێك ئەوانیش دەڕواننە بەژنی شەو هێندەی تر خامۆشی دەکەن؟!

من نوسەری ڕازی کەس نیم تا دەستور بۆ ڕازی ژیان دابڕێژم" لەو بەینەدا من نەوزادی ژیانێکم هاتوم تاکو بە هێمنی لە کەنارێکدا پشوو بدەم، خۆ من چارەی چارەنوسو بەختی کەس نیم تا دروشمی شەڕی دەرون بخوڵقێنم" گەر بێ ئاگا خۆم لەو مەیدانەشدا ببینی، هەرگیز خواستو چارەنوسی من نەبووە، بەڵکو فشاری دەرونی دەرگای ڤینی والاکردووە، ئەوا منم لەو بەینەدا باجی چارەنوسی ئەو دەدەم!

کاتێك درەختێکی وەریو یان باسەکانی قامەتی شەو سەرهەڵدەدەن، دەریای پیتو وشەکانم شەپۆل دەدەن بەناو یەکدا، کەشتیەکانی دەریای ناخم ئاراستەو نیشانەکانیان لێ دەگۆڕێ تا لەناکاو فەنا دەبن، منیش کاتێك دەڕوانمە دەریای وشەکانم، سەرسام دەبم، تا لە ناکاو لەگەڵ کەشتیەکانی فەنابوندا فەنا دەبم! ئیتر ئاسەواری گەنجینەی وشەکانم بەدەم تەوژمە ساردەکانی دەریاوە کەنار دەگرن، هێدی هێدی بەسەر خێزاوە سورەکەی دەریای ڕۆحمەوە دەنیشنو گەواهیدەری مێژووە دێرینەکەی منن....

**کاتێك پێنوسەکەم دەدوێنم، پیتەکان دەبن بە ووشەو وشەکانیش بەخێرایی بەسەر پردی تەمەنمدا گوزەر دەکەن، هەتا لە کەنارێکی بێدەنگیدا ڕستە ڕیز دەبن. دەمانەوێ ژوانێك ساز کەین، دەمانەوێ ساتێك لەیەکتر تێبگەین، تاکو بتوانین تۆزو گەردی غەمەکان لەسەر جەستە سڕەکانی ڕۆژگار بسڕین**

٢٠٠٩/٦/١٤ ئەم پەخشانەم نوسی، ئەم پەخشانە هۆگرە بەلایەنێك لەلایەنەکانی ژیانەوە،واتە لەو لایەنەشەوە بە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا سەردەکەوێت، هەڵقوڵاوی ناخی ئینسانو هەڵێنجراوی دروشمی سەرکەوتن و خودسازییە، لەپێناو بنیادنانەوەی مەئواو هاودەمی ئامانج و گەیشتن بە بڕیار.

١- ئاوێنە لێرەدا بە واتای ئەزمونی ژیان دێت.

## پایان

سەرنووسەر

# با پابەند بین بە خشتەی کارەوە!!




نەچنینەوەی بەروبومەکان کە لە پلانی ڕۆژانەتدایە، نە خشتەی دابەشکردنی کاتەکان سودی دەبێت، گەر پێوەی پابەند نەبیت، چەندەگرنگە پلان و خشتەی کارمان هەبێت، لەوە گرنگتر ئەوەیە جێبەجێی بکەین، ئایا ڕۆژانە لە هەوڵدای بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانت، یان هەڵدەستیت بە ئەنجامدانی هەندێ کاروباری لاوەکی یان ئەوانەی خۆت حەزی لێ دەکەیت؟چونکە زانینی ئەو شتانەی حەزدەکەیت پێی بگەیت شتێکەو، گەیشتن پێی شتێکی تر.

پێویستە فێری ئەوە بیت چۆن تەحەکوم بە ئارەزووەکانتەوە بکەیت ،وەك ئەنجامدانی کارو چالاکیەك کە لە خشتەی کارەکانتدا دیاری نەکراوە.

هەروەها پێویستە بە هەموو شێوەیەك هەوڵ بدەیت خۆت بپارێزی لەکۆتوو داوی تەرکیز کردن لەسەر ئەرك و کارەکان بە بێ دەرەنجامەکان، سەرقاڵی کارو چالاکیەکان مەبە بە شێوەیەکی ڕەمەکی، بیر لەو ئامانجە بکەرەوە کە دەتەوێت لە ئەنجامدانی هەر چالاکیەك پێی بگەیت، پێش ئەوەی بیخەیتە خشتەی کارەوە، زۆر کەس کارەکانیان ئەنجام دەدەن بێ ئەوەی نەریتێکی داریژکراوی تایبەت بە کارەکانیان هەبێت، جا پێویستە کارەکانت بخەیتە خشتەوە تا بتوانیت پابەندی نەریتی چاك بیت لە کارکرندا.

لە کاتی ڕودانی شتێکی پێشبینی نەکراودا یەکسەر بایەخدانی خۆتی بۆ دەرمەبرە، پێویستە بۆ ماوەیەك راوەستی و پرسیار لە خۆت بکەیت، ئایا ئەم کارە زۆر گرنگترو بە بایەخترە لەوانەی پلانم بۆ دارشتووە، تا سەرەتا ئەنجامی بدەم؟ گەر وەڵامەکە بە ئەرێ بوو ئەوا یەکسەر ئەو کارە ئەنجام بدە.

پێویستە بەردەوام ئەو کارانە ئەنجام بدەی کە زۆر گرنگترە پێش ئەوانەی کە گرنگیەکەیان کەمترە.

بەڵام گەر وەڵامەکە بە نەرێ بوو، دەکرێ فەرامۆشی بکەی یان دوای بخەی بۆ کاتێکی تر، یان بە تەواوی ڕەتی بکەیتەوە. هەر چەندە پابەند بیت بەو خشتە کارەی کە داتناوە، ئەوا دەرەنجامەکان باشتر و چاکتر دەبن.